# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٢٠)- (٨)ی تەمموزی ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە

# بەبێ سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەرگیز عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت و سەقامگیریی بەغدا بەندە بە سەقامگیریی هەولێرەوە

چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە میکانیزمی لەبەردەستە و پێشوازی لەو هەوڵانە دەکات کە مەبەست لێیان تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان هەرێم و بەغدایە

لە هەنگاوەکانی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ئاستێکی کامڵبوونی سیاسی دەبینین کە زۆر لە پێشان باشترە ، بە شێوەیەکی لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ تەنگژە و کێشەکان دەکات

گرنگە هەرێم بیرێکی جددی لە کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بکاتەوە، سەرەنجام سەرۆک کۆمار لە ئێستادا نوێنەرایەتیی هەموو عێراق دەکات






# سەردانی کۆشکی سپی بە جلی کوردییەوە

## ١٢١

لەسەر بانگهێشتی سەرۆک بووش، ڕۆژی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، لە هەولێر بەرەو بنکەی سەربازیی ئەنجەرلیک بەڕێ کەوتین. لە ئەنجەرلیک فڕۆکەیەکی تایبەت ئامادە کرابوو. ئەمەریکییەکان خۆیان هەموو ئامادەکاری و ڕێوشوێنیان گرتبووە بەر و بە دوو فڕۆکەی جۆری (گەلف ستریمی) ئەمەریکی بەڕێ کەوتین. بۆ وەرگرتنی سووتەمەنی لە فڕۆکەخانەی شانۆنی ئیرلەندا دابەزین و دواتر ڕاستەوخۆ بۆ واشینگتۆن کەوتنە ڕێ. بە گەیشتنمان بۆ واشینگتۆن لە بنکەی ئاندرۆز دابەزین و لەلایەن نوێنەری سەرۆک بووش و نوێنەری وەزارەتی دەرەوە و ژمارەیەک لە کارمەند و فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەی عێراق و باڵیۆزی عێراق لە ئەمەریکا پێشوازیمان لێ کرا. هەروەها مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی و دکتۆر نەجمەدین کەریم و حیکمەت بامەڕنی و ژمارەیەتی تر بۆ پێشوازی هاتبوون. ئەو شاندەی لەگەڵمدا هاتبوون بریتی بوو لە نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم ساڵح و سۆزان شێخ شەهاب و د. فوئاد حوسێن و کەرخی ئاڵتی برماغ و جۆرج مەنسوور و فەلاح مستەفا. دوای گەیشتنمان لە هۆتێلی تیز کارلتۆن دابەزین.

بەرنامەی سەردانەکەمان، ڕۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دەستی پێ کرد و یەکەم دیدارمان لەگەڵ وەزیری بازرگانیی ئەمەریکا بوو. دواتر چاومان بە پۆرتر کۆس، سەرۆکی سی ئای ئەی کەوت. ڕۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، سەرۆک بووش لە وایت هاوس بە ئامادەبوونی دیک چینی، جێگری سەرۆک و ژمارەکی زۆر لە گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا پێشوازییەکی گەرمی لێ کردین و هەموو ئەندامانی شاندەکەمان ئامادەبوون. لە دیدارەکەدا، سەرۆک بووش زۆر خۆمانە و دۆستانە هەڵسوکەوتی کرد، ستایشی زۆری پێشمەرگە و گەلی کوردی کرد و پێی گوتم کە بەر لەوەی سەردانی واشینگتۆن بکەیت، ناوبانگە باشەکەت گەیشتبوو. دواتر ڕایگەیاند: (من و تۆ زۆر خاڵی هاوبەشمان هەیە. هەردووکمان لە دایکبووی ١٩٤٦ین و بڕوامان بە خۆ هەیە و ناترسێین.) لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا باسی جلوبەرگەکەمی کرد، چونکە من بە جلی پێشمەرگایەتییەوە سەردانەکەم کردبوو و، ئەوەشم بە مەبەست بوو. پێم گوت: جەنابی سەرۆک ئەمە جلوبەرگی پێشمەرگەیە، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەر کەس بەم جلوبەرگانەوە دەستگیر کرابا لە سێدارە دەدرا. سەرۆک بووش گوتی: (ئایا دەتوانم لە کۆنفراسی ڕۆژنامەوانیدا ئەوە بڵێم؟ پێم گوت: (بەڵێ).




## بازنەی گفتوگۆ
## ئەڵقەی هەژدەمین

# مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال تاکریی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


Web: www.gulanmedia.com

# چاپکراوی نوێ




لەم م ڕۆژانەدا پۆرتریتە کتێبی (ئێزدی)، لە دانانی هونەرمەند(ڕۆستەم ئاغالە) لە دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکل بە بەرگێکی ڕازاوە و ڕەنگاوڕەنگەوە کەوتە بەردەستی خوێنەران.

ئەم پۆرتریتە کتێبە لە پێشەکییەك و (٢٤٠) لاپەڕەی وێنەدار پێکهاتووە، سەرەتا لە پێشەکییەکەدا دانەری ئەم ئەلبوومە کتێبە باس لە هۆکارەکانی نووسین و دانانی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەر سەرنج بدەینە







جل و بەرگ و بیروباوەڕی ئێزیدی، ئەوا بە مێژووی هەزاران ساڵی کولتوور و ئەفسانە و میراتی نەتەوەی کورد ئاشنا دەبین، لە نموونەی ،ماری ڕەش، ئەفسانەی شای ماران، چاوەزار، پیرۆزیی خۆر، گوڵە نیسان(گولیلك)، زۆر هیمای دیکە. ڕۆستەم ئاغاڵە ئەم شتانەی کردووە بە فیگەر و سیمبوڵی نێو تابلۆکانی، وەك بەشێك لە میراتی دێرینی نەتەوەی کورد.

ئەم هونەرمەندە دوای جینۆسایدەکەی شنگال و دەوروبەری لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن چەکدارانی تیرۆریستی داعش و کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزدیی ڕفاندن، هونەرەکەی کردووە بە چەکی بەرەنگاری و گوزارشت کردن لەو کارەساتە دڕندانەیە.

هەروەها نووسیویەتی دانانی کتێب لە بارەی ئێزدی قورسترە، وزە و تین و تاوی زیاتری دەوێت، دروستکردن و بەڵگەدارکردنی پۆرترێتی سەدان کەسایەتی کارێکی پڕ لە سەرئێشەیە. لە کاتێکدا کەسەکان ئارەزوو نەکەن وێنەیان بگیرێت، بۆ جێبەجێ کردنی پلانی پرۆژەکەی، هونەرمەند سەردانی ئەرمینیای کردووە، ئەمە جگە لە سەردانی لالش و باشیك و بەحزانێ و شنگال و شاریا و خانکێ و باعەدرێ و زۆر شوێنی دیکەی ئێزیدخان. بۆ وێنە گرتنی ئەم هاووڵاتییە ئێزیدیانە لە ئەرمینیا، هونەرمەند داوای لێ کردوون جل و بەرگی کۆن و میللیی خۆیان لەبەر بکەن.

بەهەرحاڵ ئەم پۆرترێتە کتێبی (ئێزدی )یەی هونەرمەند ڕۆستەم ئاغاڵە ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە، دەستی هونەرمەند و دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکل خۆش بێت بۆ ئەم بەرهەمە.. هەر سەرکەوتوو بن.

# بازنەی گفتوگۆ
# پلاتفۆرمێک بۆ چارەسەر

بازنەی گفتوگۆ، ئەو پلاتفۆرمە کراوە و جیاوازەیە کە هەموو جیاوازییەکان بە جیاوازیی نەتەوەو ئایین و بیر و بۆچوونی سیاسییەوە پێکەوە کۆ دەکاتەوە و، ئامانجیەتی لە کۆکردنەوەی هەمووان‌دا تابلۆ گەورەکە دروست بکات و لەناو ڕەنگە جیاوازەکانەوە بینین گەورە بکات، بینینێك کە فریای ئەو بچووکبینییە بکەوێت، کە ئەرك بین نییە، لە گەڵیشدا نیشتمان بینین نییە.

بۆ یەکەمین جارە حزبێکی سیاسیی، لە کوردستان و، دەتوانم بڵێم لە عێراقیش لە ناو ئۆرگانی فەرمیی خۆیەوە و بە دەنگی بەرز بانگێشە بۆ ئەوە بکات خەمی ئەم نیشتمانە خەمی هەموومانە و دەبێت پێکەوە شانی بدەینەبەر و، دەرگا بکاتەوە بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان کۆی لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق و کوردستان کۆ بکاتەوە و دەرفەت بە هەمووان ببەخشێت بۆ ئەوای ئازادانە لێدوان، پەیڤیین، ڕەخنە و گفتوگۆی ڕاشکاو، دروست، جدی بەرهەم بێت، بۆیە دەشڵێم گفتوگۆی دروست، چونکە ساڵانێکە گفتوگۆ وەك خەسڵەتێکی ژیانی دیموکراسیی کۆمەڵگەکان، بەداخەوە لە ڕەوشێکی ناتەندروست و خراپدایە.

ئەم پلاتفۆرمە کراوەیەمان بۆ گفتوگۆ کردەوە، لە پێناوی ئەوەی شان بدەینە بەر بەرپرسیاریەتی و پێکەوە میکانیزمی گونجاو بۆ کۆی کێشەکان بدۆزینەوە، ببینە پردێك بۆ گەیاندنی خواست و داواکاریی خەڵك، ئالنگاری و هەڕەشەکانی سەر نیشتمان بگەیەنینە ئەو لایەنانەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دامەزراوەیی شەرعین، هێز و لایەنی سیاسین و بزووێنەر پرۆسەی سیاسین لە هەرێمدا و، بۆ ئەوەی هاوکار و هاریکار بین بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی کە پێویستی بە بەشداریی هەموو لایەنە سیاسییەکان و تێکڕای هاووڵاتیانی کوردستان هەیە.

لە وەرزی یەکەمدا، بە خواست و داواکاری و کێشەکانی ژن و بەرپرسیارێتی میدیا و هۆکاری کەمیی خزمەتگوزاری و کەموکورتییەکانی سەروەریی یاسا دەستمان پێکرد، لەم ئەزموونە تازەی گفتوگۆی ڕاشکاو و جدی هەستمان کرد نیشتمانپەروەرانی ئەم وڵاتە، بۆ مینەرێك دەگەڕێن قسەی تێدا بکەن، بۆ ئۆرگانێك دەگەڕین گوێیان لێ بگرێت، لە دامەزراوەیەك دەگەڕێن کە ئەم بیروبۆچوونە جیاوازانە لەگەڵ ئەو داتا و ئامارانەی ڕاپرسییەکان دەیخەنە ڕوو، کاری لەسەر بکرێت و بۆ ڕای گشتی بڵاو بکرێتەوە و، پاشان بکرێتە ڕاسپاردە و پێشنیار و پێشکەشی سەرکردایەتیی سیاسیی ئەم وڵاتە بکرێت، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازنەدا میکانیزمی گونجاو و وەڵامی خواست و نارەزاییەکانی خەڵکی پێ بداتەوە، لەم هەنگاوەدا سەرکەوتوو بووین، بۆیە هەر شەش ئەڵقەی گفتوگۆمان ناو لێ نا (گفتوگۆ لەگەڵ نارەزایی خەڵك) و لە دوو کتێبدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپمان کرد و لە مەراسیمی شایستەدا پێشکەشمان کرد.

لە وەرزی دووەمدا، گفتوگۆکانمان گواستەوە بۆ ئەو پرس و هەڕەشە و ئالنگارییانەی کە بوونەتە مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەم وڵاتە، بۆیە بە مەترسی و هەڕەشەکانی (بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، ئیسلامی سیاسی، هەڵوێستی نامرۆڤانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر پرسی ڕیفراندۆم، ئەو شەڕە ئابوورییەی بە چەندین شێوە لەسەر هەرێمی کوردستان دەکرێت، کورسیی پێکهاتەکانی کوردستان و مەترسیی دەستکاریکردنیان، هەوڵی بەردەوام بۆ گۆڕینی دیموگرافیا لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و لە



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و
ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

پارێزگاکانی هەرێمیشدا) ئەم گفتوگۆیانە مانگە بۆ ڕای گشتی بڵاو کراوەتەوە، بەڵام کۆکراوەی هەر شەش ئەڵقەی گفتوگۆکە لە ژێرناوی (ئالنگارییەکانی ئاسایشی نیشتمانی) لە دوو کتێبدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپکرد و لە مەراسیمی شایستەدا پێشکەش کران.

بارودۆخی وەرزی سێیەمی (بازنەی گفتوگۆ) کە لە سەرەتای کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە دەستمان پێ کرد، بارودۆخێکی تەواو ئاڵۆز بوو، قۆناغێك بوو بە هەموو شێوەیەك هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی (موشەکبارانکردنی دەوڵەتانی دراوسێ، لەسەر ئاستی عێراق گرووپە چەکدارە لە یاسا دەرچووەکان و هێرشی بەردەوامیان بۆ سەر هەرێم بە درۆن و ڕۆکێت، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و ڕەتکردنەوەی کورسیی کۆتاکان، ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکان و نەبینیی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، حکومەتی فیدراڵیی عێراق چۆن سەیری کوردستان، هەرێم چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە کردووە).

بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە مەترسی و هەستیارانە، ئاستی گفتوگۆکانمان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانەوە گواستەوە بۆ سەر ئاستی عێراق، بانگهێشتی سیاسەتمەدار و دەستەبژێری عەرەبی سوننە و شیعەمان کرد لەگەڵ لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان و، نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانمان پێکەوە کۆ کردەوە و زۆر ڕاشکاوانە گفتوگۆمان لەسەر کرد، ئەوەی لە تێکڕای ئەم شەش گفتوگۆیەی وەرزی سێیەم تیبینمان کرد و لە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کوردستان و عێراقەوە گوێبیستی بووین، سەرسامییەکی گەورە بە لۆژێك و بەڕێوەبردنی ئەو تەنگژە گەورانە لە لایەن جەنابی سەرۆك بارزانی و دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان هەبوو، بەتایبەتیش دوای ئەوەی سەرۆك وەزیرانی کوردستان سەردانی واشنتۆنی کرد و سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی تارانی کرد، هاوکێشەی سیاسیی وەرچەرخانی گەورەی بە خۆیەوە بینی، بۆیە شەش ئەڵقەی وەرزی سێیەمیش کە هەموو مانگێك لەسەر لاپەڕەکانی گوڵان بڵاو کراوەتەوە، ئەمەشیان بە دوو کتێب بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو دەکرێنەوە و لە مەراسیمێکی شایستەدا پێشکەش دەکرێن.

ئەوەی ماوەتەوە خوێنەری ئەم ژمارەیەی گوڵانی لێ ئاگاداربکەمەوە، ئەوەیە کە ئەم ئەڵقەیەی بازنەی گفتوگۆ (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی بازنەی گفتوگۆ بڕیاری لەسەر دراوە، لە ڕۆژی ٣٠ حوزەیران گفتوگۆکە لە هۆڵی بەشی ڕاگەیاندن بەڕێوە چووە و، ڕاستەوخۆ سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدای بەدواداهات و، ئەوەی لەم ئەڵقەیەدا گفتوگۆی لەسەر کراوە، پیشاندانی ئەو کەشە سیاسییە ئەرێنییەیە کە لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە و لە میانی دیدارەکانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بینمان، پشتیوان بە خودا لە وەرزی چوارەم کاری جدی لەسەر دەکەین.

لە دوماهیدا سوپاسی هەڤاڵانم دەکەم لە بازنەی گفتوگۆ، سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، سوپاسی گشت ئەو کادیرانە دەکەم کە لە تەنیشت هەڤاڵانی بازنەی گفتوگۆ ماندوو دەبن و دیار نین، سوپاسی میدیاکاران دەکەم کە مانگانە گفتوگۆی ئەم بازنەیە دەگوازنەوە و ڕەونەقدارتری دەکەن، سوپاسی گەرمی هەموو ئەو میوانانە هێژایانەش دەکەین کە بەشداریی ئەڵقەکانی بازنەی گفتوگۆ دەکەن و بازنە مانادار دەکەن.

هەژدەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە



ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ بازنەی گفتوگۆ هەژدەهەمین کۆبوونەوەی خۆی بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و نیشتمانی ئەنجام دا.

لەم گفتوگۆیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، فەرهاد محەمەد) ئامادە بوون، پێش باسکردنی هەر بابەتێك هەڵوەستەیەك لەسەر ناونیشانی پێنج ئەڵقەی پێشووی وەرزی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ کرا، کە بریتی بوون لە «بەئامانجگرتنی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نیودەوڵەتی، دادگای فیدراڵی گفتوگۆ و هەڵوێست، ململانێی حزبی و ئایندەی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا» ئەم هەڵوەستە بۆ ئەوەیە ناونیشانی دوایین ئەڵقەی وەرزی سێیەم (هەژدەمین ئەڵقە) تەواوکاری ناونیشانی گفتوگۆکانی ئەڵقەکانی پێش خۆی بێت، بۆ ئەوەی وەك زنجیرەیەك ناونیشانی کتێبی داهاتوو کۆ بکاتەوە.

لە دوای ئەم هەڵوەستەیە کۆبوونەوەکە چەندین پرسی گرنگی تاوتوێ کرد، بەڵام سەرەنجام و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وەرچەرخانە گەورە ئەرێنییەی لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوو لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی (عێراق، هەرێمی، نیودەوڵەتی) هاتوونە ئاراوە، هەڵسەنگاندێك بۆ شێوازی مامەڵەی هەرێمی کوردستان بکرێت لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەکە و عێراق، بۆ کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆی ئەم جارە ناونیشانی «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە»مان پەسەند کرد و بۆ ئامادەکارییەکانیش ئەم بڕیارانەی دا:

- ئاستی گفتوگۆکە فراوان بێت، هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق و هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە (کورد، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە) بگرێتەوە، بەتایبەتی ئەو کەسایەتی و سیاسەتمەدارانەی کە ئێستا بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی بڕیار لە هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا.
- ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە بکرێت کە تیایدا ڕاوبۆچوونی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان، ئەکادیمیست و چاودێرانی سیاسی وەربگیرێت و پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە بە سکرین بۆ ئامادەبووان پیشان بدرێت، بۆ ئەوەی دواتر بەشداربووانی گفتوگۆکە ڕای خۆیانی لەسەر دەرببڕن.
- کۆبوونەوەکە بڕیاری دا ئەم بەڕێزانە بانگهێشت بکرێن، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکە بەشدار بن:

١- د.کەمال کەرکووکی، بەرپرسی پەیوەندییە گشتییە پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢- عەبدولڕەحمان ئەلجەزائیری، سەرکردە لە هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا.
٣- شێخ ئیبراهیم ئەلدلێمی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هاوپەیمانیی سیادە.
٤- کاردۆ محەمەد، بەرپرسی ژووری پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕان.
٥- سوبحی مەهدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی کوردستان.
٦- بێکەس قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.
٧- د.ئەیاد عەنبەر، توێژەر و مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی کووفە.
٨- پ.د.عوسمان عەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی تاسك بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.
٩- دلشاد میران، دیپلۆمات و سیاسەتمەدار.
١٠- غەیس ئەلتیمیمی، سەرۆکی پرۆژەی هاووڵاتیبوونی عێراقی.
١١- غیاسەدین نەقشبەندی، نووسەر و چاودێری سیاسی.
١٢- خدیجە عومەر مزوری، ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.
١٣- سعود مستۆ نەجم، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ:
  - شڤان حەمدی.
  - مەحفوز مایی.
  - پ.د. نەزاکەت حوسێن.
  - د.جەلال ئەحمەد.
  - فەرهاد محەمەد.

## ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە

«مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە»، ناونیشانی هەژدەیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ بوو. لە ئەڵقەی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق تیایدا ئامادە بوون.

بازنەی گفتوگۆ بۆ ئەم گفتوگۆیە، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە کردبوو. بۆ ئەم ڕاپۆرتە دید و تێڕوانینی ژمارەیەك کەسایەتی و سیاسەتمەدار و ئەکادیمیستی جیاوازی وەرگرتبوو، بە مەبەستی ئەوەی پێش دەستپێکردنی گفتوگەکە لەسەر سکرین بۆ ئامادبووان نمایش بکرێت و لە گفتوگۆکەدا قسەی لەسەر بکرێت، ئەمەش وەك دروستکردنی ڕایەڵەیەك بۆ پێکەوە گرێدانەوەی دید و تێڕوانینی خەڵك و شەقام لەگەڵ بەشداربووانی گفتوگۆکە، کە لێرەدا پوختەی دید و تێڕوانینەکانی بەشداربووانی ڕاپۆرتی مەیدانیی «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە» دەخەینەڕوو.


ERBIL
KURDISTAN
REGION
BAGHDAD
IRAQ

ئاراس وەلی

هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان:

# حکومەتی عێراق نە بەپێی دەستوور حوکمڕانی دەکات، نە لەچوارچێوەی دەستووریش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات



سەبارەت بە «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە»، دەتوانین بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەشی بکەین. قۆناغی ڕووخاندنی سەدام کە تێیدا بارودۆخی کورد لە بەغدا باش بووە و کورد تەواجودێکی باشیان لە بەغدا هەبووە و دەستکەوتی باشیان بەدەستهێناوە، ئەم بوون و دەستکەوتانەش بەتایبەتی لەبابەتی دەستوور و زۆر بواری دیکەدا ڕەنگی داوەتەوە. بەداخەوە لە قۆناغەکانی دووەم و سێیەمدا وردە وردە کورد لە بەغدا ڕووی لە لاوازی کردووە، بە ڕاددەیەك تەنانەت ئەو دەستکەوتانەشی لە دەستووردا بەدەستی هێنابوون، کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە و زۆربەی مادده دەستوورییەکان هەر جێبەجێ نەکراون، بەتایبەتی ئەو مادده دەستوورییانەی پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانیەوە هەیە.

بابەتی لە دەستدانی دەستکەوتەکان و لاوازبوونی پێگەی کورد لە عێراق بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: کاتێك بەغدا بەهێز دەبێت مل نادات بۆ داخوازییە بنەڕەتی و مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێکی دیکەیان پەیوەستە بە خودی هەڵوێستی کورد و تەواجودی هێزە سیاسییەکان لە عێراقدا کە ئەکتیڤ نین و جۆرێك لە نائەکتیڤی و پەرتەوازەییان پێوە دیارە و، دەرئەنجام دۆز و ڕۆڵی کورد لە بەغدا ڕووی لە لاوازی کردووە. کورد زۆر جوانی وتووە: «چی بچێنیت، ئەوە دەدوورێتەوە». خۆ ئەگەر زۆر باش هەوڵ بدەیت لە هەموو بوارەکانی دیپلۆماسی و سیاسییەوە دەستکەوتی گەورە بەدەست دەهێنیت. ئەگەر پەیوەندییەکانت تۆندوتۆڵ بکەیت و یەکگرتوو بیت و کار بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەیت، ئەوا گومانی تێدا نییە، دەستکەوتی گەورە بۆ گەلی کوردستان لە بەغدا بەدەست دێت. ئەوەتا ئەو حاڵەتەی ئێستا ڕووبەڕوومان بووەتەوە دەرئەنجامی ئەو مامەڵەکردنەیە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ عێراق و دەوروبەر هەمانبووە.

هەر لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە وابووە هەمیشە کاتێك عێراق لاواز بووە، داوای گفتوگۆ و دانوستانی لەگەڵ کورد کردووە و هاتووەتە پێشەوە، زۆربەی جاریش ملی داوە بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد، لە ئێستاشدا کە دەستوورێکمان هەیە و دەمانەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا ڕێك بخەینەوە، دەبینین حکومەتی عێراق لە ڕوانگەی ئەوەی خۆی لە هەرێم بە بەهێزتر دێتە بەرچاو، لەسەر بنەمای دەستوور حوکمڕانی ناکات و لە هەمان کاتیشدا لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەش مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات.

ئەمە وای کردووە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، نەیتوانیوە ناسنامەیەکی هاوبەشی عێراقی بۆ تەواوی پێکهاتەکانی عێراق دروست بکات و هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان بە هاووڵاتیی عێراقی بزانن.

لەناو ئەو مێژووە ڕەشە و لە میانەی حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق دەیان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەرهەق بە گەلی کوردستانیان ئەنجام داوە، لە بەرانبەریشدا ئێمە داوای ئۆتۆنۆمی و

رزگار قادر
بەرپرسی مەڵبەندی پێنجی کۆمەڵی دادگەری، ڕانیە:

# قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی قوربانی و گیانفیداکارییەکی زۆرە و ئەرکی هەمووانە بیپارێزین



مەسەلەی سەرکەوتن، یان شکستی هەر کار و پرۆسەیەك وابەستەیە بە هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی ئەو کارە، یان ئەو پرۆسەیە. ئەم بابەتە نابێت بە شێوەیەکی سەرکێڵانە و بە هەست و سۆزەوە بڕیار لەسەر سەرکەوتن و شکستی بدەین. بابەتی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی لە ڕابردوودا هاتوونەتە پێشەوە، دەکرێت سەیری دەرئەنجامەکانی بکەین. بۆ نموونە هەموو دەزانین بەر لە ڕیفراندۆم ڕێژەیەکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان لەژێر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوو، لەو کاتەشدا بانگەشەی ئابووریی سەربەخۆی کوردستان دەکرا و نەوت لەژێر دەستی خۆماندا بوو. لەو سەردەمە بەپێی بیروبۆچوونی خۆم دیپلۆماسیەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزتر و گەورەتردا بوو، تەنانەت پێگەی هەرێمی کوردستان لە نێو ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان بەهێزتر بوو. بەداخەوە دوای ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا بەرەبەرە پێگەی هەرێمی کوردستان لەنێو ناوەندە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و دەرەوە لاواز بووە و هەموومان هەستی پێ

دیموکراتیمان بۆ تەواوی گەلانی عێراق کردووە، لەمەش سەرکەوتوو نەبووین. بە قەناعەت و بیروباوەڕی خۆم هەر لە سەرەتاوە ئەگەر ئێمە خۆمان ئامادە بکردایە بۆ ئەوەی ببینە کیانێکی سەربەخۆ و ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، ئەوا ئێستا ستراتیژێکی نەتەوەییمان دەبوو و دەگەیشتنە ئەو ئامانجەی کە سەدان ساڵە خەوی پێوە دەبینین.

ئێستا کە لە عێراقدا دەژین، ئێ خۆ دەبێت ڕێز لە مرۆڤایەتی و شکۆی نەتەوەیی و کەرامەتمان ڕابگیرێت و دەستووریش بە واقیعی جێبەجێ بکرێت. سەیرە عێراق تا ئێستا ددان بەوەدا نانێت، کە ئێمەی کورد ئەو هەموو قوربانییەمان داوە و ١٨٢ هەزار تاکی کورد بوونەتە قوربانی و بە دەیان هەزار کەس ئەنفال کران و بێسەروشوێنن و کیمیاباران کراوین و گوندەکانمان وێران بووە و دەیان تاوانی دیکەمان دەرهەق بە ئێمەی کورد کراوە، لە کاتێکدا قەرەبووی کوەیتیان کردووەتەوە، کەچی بەرانبەر ئێمە نەك هەر بێدەنگن، بگرە ددان بە تاوانە کۆمەڵکوژییەکانیشدا نانێن.


سەرباری هەموو ئەمانەش ئێمە لە ناو خۆماندا ناتەبا و ناکۆکین و ملی یەکتری دەشکێنین بە ڕادەیەکی وا مرۆڤ پێشبینی ناکات، تەنانەت پێویست ناکات سیاسەتمەدار و شرۆڤەکار و شارەزایەکی وا بیت، کە دەرك بەم ئاڵۆزی و ناتەبایی و ناکۆکییانە نەکەیت. بەداخەوە ئامادە نین لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ و دانیشتن بکەین و کێشەکان چارەسەر بکەین، کەچی دەچینە لای نەیارەکان و دەبێتە هاوپەیمانیان، ئەوەش بێگومان نەك تەنیا هیچ دەرئەنجامێکی لێ بەدەست ناهێنین، بەڵکو لاواز و لاوازتر دەبین. ئەمە دەردێکی کوشندەی کوردە و زیانی گەورەی بە نەتەوەکەمان و داهاتوومان گەیاندووە. پێویستە لە قۆناغی داهاتوودا کە دێت، پەند و عیبرەت لەم وانە مێژووییانە وەربگرین و هەموو پێکەوە کار بکەین. با ڕاوبۆچوون و ڕەنگمان جیاواز بێت، بەڵام دەبێت لەسەر پرسە نەتەوەییەکەی کورد ڕاوبۆچوونمان یەك بێت. با لەسەر پرسی کورد لە عێراقدا کە ئەو هەموو قوربانییەمان بۆ داوە، ناکۆکی و ناتەبایی بخەینە لاوە و هەرچی ململانێ و جیاوازییەکانمان هەیە بە شێوەیەك پیادەی بکەین لە بەغدا و دەرەوەی سنوورەکانی خۆمان بەهێز بکات.

دەکەین. ئەگەر بمانەوێت بەڕاست و دروستی بەنچە بخەینە سەر برینەکان، پێویستە بە جدددی هەڵوەستە لەسەر ئەو ڕووداوانە بکەین.

مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕووداو و پێشهاتانە لەسەر ئاستی نێوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهان بە شێوازێك بووە، مامەڵەیەك بووە لەباری ناچاری. ئێمە دەبێت دان بەوەدا بنێین ویستمان کارێك بکەین لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و دواتر هێزو لایەنەکانی دیکە، ئەگەر چی لەو کاتەدا دەنگ زۆر بەرز کرایەوە، بەوەی زەمینەسازیی باش نەکراوە، پێشبینی دەرئەنجامەکان پێویستە دروستتر بکرێت و کار بۆ یەکڕیزی نێوخۆیی بکرێت، هەموو ئەمانە پێویستیی ئەو هەنگاوە مێژووییە بوو کە هەموو تاکێکی کورد و کوردێکی بەشەرەف ئاواتەخوازیەتی و خەوی پێوە دەبینێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشبینییەکان ورد نەبوون و لە شوێنی خۆیاندا نەبوون، پاشان یەکڕیزی نەبوو، بۆیە ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە کە هەرێمی کوردستان هەنگاوی پاشەکشەی نا. هەموو ئەو دەرئەنجامانە پێمان دەڵێن هەرێمی کوردستان بە ناچاری مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا دەکات، ئەگەرنا ئێمەی کورد خەونی زۆر گەورەترمان هەبوو. من ئەو واقیعە دەزانم کە بەڵێ لەناو ناوەندێکی زۆر ئاڵۆزدا ژیانی سیاسی دەگوزەرێنین، بەڵام خۆ ئەگەر تا بارودۆخیش ئاڵۆز بێت، بە تەئکید پێویستی بە وردبینیی زیاترە لەلایەن دەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستدانی ئەم هەرێمە. ئێستا هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بڕیار بەدەستدانی ئەم هەرێمە وردە وردە خەریکن لە ڕێگەی گفتوگۆوە هەوڵ دەدەن، ئەو بارودۆخە سەختە تێپەڕێنن کە وەکو قەوارەی سیاسی کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە و دەرئەنجامەکەشی بۆسەر ژیان و باروبژێوی خەڵکی زۆر سەختە و بارودۆخی دەروونیی خەڵکی لەو پەڕی ناسەقامگیریدایە، بۆیە دەبێت واقیعبینانە سەیری مەسەلەکە بکەین.

ئەم واقیعەی کە ئێستا هەرێمی کوردستانی تێدایە، بارودۆخێکی زۆر سەختە، چ لەسەر ئاستی جەماوەری و خەڵك بێت، یان لەسەر ئاستی سیاسی بێت، ناچاریشین ئەو بارودۆخە تێپەڕێنین و بارودۆخەکە بگەیەنینە ئاستێك قەوارەی سیاسیی هەرێم پارێزراو بێت، چونکە ئەو قەوارەیە بەرهەمی قوربانی و گیانفیدابییەکی زۆری کوردە و ئەرکی هەمووانە بیپارێزین و پێویستە دادگەری تێدا بچەسپێنرێت، لەم قۆناغەشدا باشترین شێواز بۆ دابینکردن و فەراهەمکردنی گفتوگۆی دیپلۆماسییە ئێستا ئەو هەنگاوە دەنرێت، بەڵام لە ئاستی خواستی خەڵك و خواستی واقیعەکە لە ئاستێکی باشدا نییە.

کوردەواری دەمێکە پەندێکی هەیە کە دەڵێت «هێز لە یەکێتیدایە»، بە یەکێتی و یەکگرتن و بەیەکەوەبوون هەمیشە هێزت پێ دەبەخشرێت. خودای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: «وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ وَٱصۡبِرُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ»، بۆیە ململانێ و کێبڕکێی ناتەندروستیی سیاسی هەیبەتی کوردستان لاواز دەکات و زیانی گەورەی بەگەلەکەمان گەیاندووە و قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز دەکات. بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئەمە بکەینە خاڵی بنەڕەتی بۆ داهاتوو، پێویستە بە جورئەت و ئازایانەوە پەنجە لەسەر برینەکان دابنێین و بزانین هۆکاری گەیشتن بەم بارودۆخە چییە؟ بەڕاوبۆچوونی من هۆکاری گەیشتن بەم بارودۆخە لەوەوە دروست دەبێت، خەڵکی بێ ئومێد بکرێت بەرانبەر بە دامەزراوەکانی ئەم هەرێمە و بەرانبەر بە پرۆسەی دەنگدان و بەرانبەر بە گۆڕانکاری لە پرۆسەی دەنگدان. هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان باش دەزانن کە دەرئەنجامەکانی دەنگدان دەرئەنجامی واقیعی کۆمەڵگەکە نییە بە لایەنی براوە و نەبراوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئومێد بگەڕێتەوە بۆ خەڵك و تەبایی سیاسی دروست بێت، پێویستە هەرێمی کوردستان مەرجەعییەتێك دروست بکات، بە دامەزراندنی ئەنجومەنێك، مەرجەعییەتێك بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکرێت و ئەو ئەنجومەنە بکرێتە مەرجەع بۆ لایەنە سیاسییەکان و ئەو دیموکراسیەتەی کە ئیدعای بۆ دەکرێت و ئەو ڕادەستکردنەی دەسەڵات کە سادەترین سیمای دەستاودەستکردنی سیمای دیموکراسییەتە ئەمە بە کردارەوە ببینرێت. هیوا ماوە و ناکرێت مرۆڤ هیوابڕاو بێت، بەڵام پێویستی بە جددییەتی کارکردنە و ئەمەش بە دەسەڵاتداران دەکرێت. دەسەڵاتدارانی هەر هەرێمێك ئەوەی لێ زیاتر جوانە و لێی چاوەڕوان دەکرێت، کە دەستپێشخەری هەبێت و دەستپێشخەرییەکەشی لە بیرکردنەوەی تەسکی شەخسی و حزبی بە دوور بێت. دەبێت ئاگای لەوە بێت کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی نیشتمان بەکۆی ئەو هێزە سیاسییانەی کە لە گۆڕەپانەکەدان دەکرێت بە ئامانج بکرێت و بەدی بێت.



**تەنیا تاهیر**

**کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان:**

# لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ و دانوستانەکان لەنێوان هەرێم و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا پێویستە بکرێنە ڕێککەوتن و مۆرکێکی یاساییان پێ بدرێت

○○○

ئەگەر بمانەوێت بابەتییانە قسە لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و جیهان بکەین، ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی هەرێمی کوردستان کە چۆن توانیویەتی سەرکەوتوو بێت، یان نە، پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و زانستییانە لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەین و ڕاوبۆچوونی خۆمان بدەین.

بەپێی هەموو ئەو ئاماژانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون و بەپێی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەسەر ئاستی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ڕاکێشانی هێز و لایەنە سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دامەزراوەکانی عێراق و ناوچەکە و وڵاتانی جیهان، بەتایبەتی لەڕووی ئابووری و بەگەڕخستنی ئابووریی بازاڕ و پتەوکردن و گرێدانی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆربەی جار لە هەندێك وێستگە و پێشهات و ڕووداودا سەرکەوتوو بووین. بەتایبەتی کاتێك وڵاتە زلهێزەکانی جیهان مامەڵەیەکی دەوڵەتییانە یان نیمچە دەوڵەتییانەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە، بەتایبەتی لە کاتی شەڕی دژی داعش، مامەڵەکردنی وڵاتانی زلهێزی جیهان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستاندا کە مامەڵەیەکی گەورە و گرنگ بوو لەسەر ئاستی هاوپەیمانەکان و وڵاتانی خاوەن بڕیار و پێگە لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

لەگەڵ ئەمەشدا سەرنج و تێبینیمان هەیە لە پێناوی زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسی

بەتایبەتی ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی پڕ لە شانازی و تێکۆشانیان هەیە و چاومان لەوەیە هەرێمی کوردستان خاوەنی پێگەیەکی بەهێزتر و ناوبانگێکی گەورەتر بێت. ئەگەرچی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پێگەی دەستووری و یاساییەوە هەرێمێکی فیدراڵی بێت لەناو دەوڵەتی فیدراڵی عێراقەوە، بەڵام ئومێد و ئاواتمان ئەوەیە توانا و ئیرادەی ئەم هەرێمە لەناو گێژاوی نائارامی و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەناو ئەم چوارچێوەیەی دەوڵەتێکی ناسەقامگیری و خاوەن مێژووی پڕ لە کودەتای سەربازی و خوێن و جینۆسایدی گەلی کوردستان مامەڵەیەکمان لەگەڵدا بکرێت، لە هاوشێوەی مامەڵەیەکی دەوڵەتییانە بێت و بەم ئومێدەشەوە دەڕوانینە پرۆسەی سیاسیی عێراق.

جێگەی سەرنجە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆی دامەزراوەکانییەوە ئەم هەموو شاندانە دەنێرێتە لای حکومەتی عێراق لە بەغدا و لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ جۆرێك لە جۆرەکان لە دانوستان و لە گفتوگۆدایە لە کاتێکدا ئێمە کۆمەڵێك پرسی دەستووری و یاساییمان هەیە، کە لەناو مادده و بڕگەکانی ئەم دەستوورە لە ڕووی یاساییەوە یەکلا کراونەتەوە و دەبوو جێبەجێ بکرێن، بەڵام وەکو زۆربەی بوارەکانی دیکە بەردەوام ئەم دەستوورە و ئەو ماددانەی پەیوەستن بە مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستانەوە پێشێل دەکرێن و لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ ناکرێن و ئیجتیهاد و بۆچوونی بەرژەوەندیخوازانەی گرووپ و لایەنەکان و کەسایەتی و زۆربەی جاریش بەپێی ویست و خواستی ئەجینداى دەرەکی مامەڵەی پێشێلکارییانەیان لەگەڵ دەکرێت.

لەناو ئەم گێژاوی دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان، بێگومان کار و مامەڵەی دیپلۆماسییانە کارێکی قورسە، بەڵام تا ڕاددەیەکی باش پرۆسە دیپلۆماسییەکە ڕۆیشتووە بەڕێوە و لێرەولەوێ ڕێکەوتن و سەردانی شاندەکان لێکتێگەیشتنی باشی دروست کردووە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنانە بکرێنە بەرنامەیەکی باش و لە ڕووی پرۆتۆکۆلی ڕێککەوتنەوە واژوو بکرێن و ببنە وەرەقەی کاری داهاتووی عێراق. بە واتایەکی دیکە لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ و دانوستانەکان لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا پێویستە بکرێنە ڕێککەوتن و مۆرکێکی یاساییان پێ بدرێت، تاوەکو لە داهاتوودا لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکرێن. دیارە عێراق وڵاتێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیرە و گۆڕانکارییەکانی ناو پرۆسەی سیاسی، جۆرێك لە توندوتیژی و ململانێی توندی پێوە دیارە و هێزە سیاسییەکانی عێراق کاتێك دێنە سەر دەسەڵات و پێگەی خۆیان بەهێز دەکەن، ئەو ڕێککەوتنانەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزای دەکەن، وەك خۆی جێبەجێی ناکەن و پێشێلی دەکەن، واتە لە زۆربەی کاتدا لە بەڵێن و قسەکانیان پاشگەز دەبنەوە، ئێمەش ناتوانین مۆرکێکی یاسایی بۆ ئەو بەڵێن و قسانەی ڕابردوویان دروست بکەین.

کاتی ئەوە هاتووە، چیتر حزبە سیاسییەکان یان شاند و کەسایەتییەکان لەسەر ئاستی حزبی و کەسی گفتوگۆ و سەردانی بەغدا نەکەن، بەڵکو هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی باڵا دروست بکات کە کاری ڕێکخستن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان بێت لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، ئەم دامەزراوەیەش مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی پێوە بێت و هەمووان پابەند بکات بە پاڵپشتیکردن و گوێڕایەڵی. بەداخەوە ئەوەی ئێستا تێبینی و سەرنجمان هەیە لەسەری، ئەوەیە کە هەرچی گفتوگۆ و دانوستانەکانە ئەو مادده و بڕگە دەستووری و یاساییانەیە کە لەناو بودجە و مافی شایستە داراییەکاندا بوونیان هەیە، لە کاتێکدا کێشەی سەرەکیی هەموو ئەم بابەت و دۆسیێیانە بۆ کێشەی خاك و پرسی کورد و فیدراڵییەت دەگەڕێتەوە، کە تا ئەم کاتەش زۆر هێز و لایەنی دەستڕۆیشتوو لەناو حکومەتی عێراقدا پاشگەز بوونەتەوە لە فیدراڵی و مافەکانی گەلی کورد و بگرە لە بنەڕەتەوە دژی مافەکانی گەلی کوردن. ئەوەتا دەیان بابەتی وەکو قەرەبووی ئەنفالەکان و وێرانکردنی گوندەکان و بێسەروشوێنکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و کیمیاباران و زیندانیانی سیاسی و هاوتاکردنی مافەکان هەیە، تاکو

ئێستا پشتگوێ خراون و لەلایەن ناوەندەوە خۆدزینەوەی لەسەر دەکرێت. تەنانەت لە پرسی نەوت و غازدا هەموومان بینیمان کە چۆن ڕێگر بوون لەوەی هەرێم و خەڵکەکەی سوود لەو سامانەش وەربگرن کە لەژێر خاکەکەیاندا هەیە. تەنانەت دەستوور و ماددە سەرەکییەکانی تایبەت بەم بڕگەیە خرایە ژێر بۆچوون و ئیجتیهاداتی خۆیانەوە و لە دادگا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا چەندین بڕیاریان دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد.

ئەوەی بووەتە هۆی لاوازیی ڕۆڵی هەرێمی کێشەی دارایی و ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی بە چەندین بیانوو و پاساو نەناردووە، ئەم دوو هێزەش لە چوارچێوەی ئەو ململانێ توندوتیژە و نالۆژیکییە زیان و قەیرانێکی دیکەیان لەنێوخۆی هەرێمی کوردستان دروست کردووە. واتە لەناو گەرمەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکاندا قەیرانێکی دیکەی جەرگبڕیان دروست کردووە، ئەویش قەیرانی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە. بەداخەوە ئەم قەیرانە بارودۆخێکی دەروونی و ناسەقامگیریی




کوردستان لە گۆڕەپانی عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، ململانێی حزبییەکانە، کە بەداخەوە لەناو جەرگەی قەیرانەکان و کێشە سەختەکانی خەڵکی کوردستان، ململانێ حزبییەکانمان زۆر بە ئازارن و زۆربەی جار زیانی گەورەیان بە پێگە و قەوارەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە و جیهان داوە، بەتایبەتی قەیرانی ڕێکنەکەوتنی نێوان هەردوو هێزی سەرەکیی ناو گۆڕەپانی کوردستان کە پارتی و یەکێتییە و زۆر لە بڕیارە چارەنووسسازەکانیش لای ئەو دوو هێزەیە، بگرە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی لەسەر مامەڵەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەبووە، زۆرجاریش وێڕای ئەوەی حکومەتی عێراق گەمارۆ و بڕینی بودجە و کۆمەڵایەتیی وای لێ کەوتووەتەوە، بە ئاشکرا هەست بە بێزاری و تێکچوونی شیرازەی زۆر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. بۆیە زۆر پێویستە هەردوو حزبی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان (پارتی و یەکێتی) بە هەماهەنگی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی دیکە ئەو قەیرانە سیاسییە چارەسەر بکەن و دەست بە دامەزراندنەوەی دەزگای تەشریعیی پەرلەمان بکەنەوە و هەموان کار لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکان پەرلەمان و حکومەت پێک بهێنن، دواجاریش ئەرکی سەرەکیی سەرکەوتن و شکستەکانی پەیوەندیی دیپلۆماسی و سیاسیی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەوێتە سەر شانی پارتی و یەکێتی.

**هاوڕێ کاسترۆ** چاودێری سیاسی:

# ململانێی ناتەندروستی نێوان لایەنە سیاسییەکان وای کردووە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەینە قوربانی

○○○



پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ پەیوەندییەکی ئاسایی و سرووشتی نەبووە. خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە و بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، ئەوا بە ڕوونی ئەم پەیوەندی و گرژی و ململانێ و بگرە قەیران و جینۆساید و کوشتار و ناکۆکییە دەبینین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو نەتەوەی جیاواز لە کەلتوور و جوگرافیا و بە زۆر لێکێنراو بەیەکەوە عێراقی دروست کردووە. بۆیە ڕەنگە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە دۆخێکی ئاساییدا نەبێت، بەڵام ئەو گرژی و نائارامی و دۆخانەی کە ڕوویان داوە، تاچەند سەرکەوتوو بووین کە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، یان مامەڵەیەکی سیاسی و دیپلۆماسییان لەگەڵ بکەین. بێگومان تا ئەو شوێنەی پێی دەڵێن هونەری سیاسی دەتوانم بڵێم سەرکەوتوو نەبووین. بە واتایەکی دیکە دەمانتوانی بە شێوەیەکی ژیرانە و بە بڕیاری سیاسییانەتر ڕووبەڕووی نەیاران و هەموو ئەو گرژی و قەیرانانە ببینەوە کە دژ بە هەرێمی کوردستان دەکرێن، کە زۆرجار بۆ کاریگەریی و هۆکاری هێزە ئیقلیمییەکان و بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە خولقێنراون.

هەرێمی کوردستان و بەغدا هەمیشە پێویستە لەسەر ئەوە کۆك بن و باشترە بۆیان کێشەکانیان لەسەر بنەمای گفتوگۆ و دانوستاندن چارەسەر بکەن. بەڵام ڕاستییەك هەیە، دەبێت هەموان بیزانین، گفتوگۆ و دانوستاندن و کاری دیپلۆماسی تا ئەو شوێنە کار دەکات، کە مەترسی بۆ سەر ئەجیندەی سیاسیی نێوان هەردوو لا نەبێت، لەبەر ئەوەشی عێراق یان بەغدا لە چوارچێوەیەکی سیاسیی ئایینی مامەڵە لەگەڵ جومگە سیاسی و سەرەکییەکان و کایەکانی دیکەی بەردەستیدا دەکات، بۆیە زۆربەی جار ئەم بابەتە لەوە دەچێتە دەرەوە کە بە شێوەیەکی دیپلۆماسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان و بەغداش ڕاستە، لە کاتێکدا کێشەی کورد بە کێشەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی لە عێراق و دەتوانم بڵێم لە ناوچەکەشدا دادەنرێت، زۆرجاریش کەسێکی سیاسی لەهەردوو لا کەشوهەوایەکی گرژی و ئاڵۆزیی وا دروست دەکات، ڕەنگە لە مەودای چارەسەری دیپلۆماسی تێپەڕێت و نەتوانرێت بە شێوەی دیپلۆماتی گفتوگۆی لەسەر پرسەکە یان کێشەکەدا بکرێت.

بە بڕوای من یەکێك لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی لاوازیی پێگە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی چ لەنێوخۆ یان لەگەڵ عێراق، یان لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەو ململانێ و ناکۆکییە ناسرووشتی و توندە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە. ئێمە نەمانتوانیوە ئەو مامەڵە و دۆخە سیاسییە تێپەڕێنین، لە کاتێکدا جیاوازیی بیروبۆچوون و بیرکردنەوە لەنێوان پارتە سیاسییەکان لە دنیای دەرەوەی پێشکەوتوو زۆر ئاساییە، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەیەکدا مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە بکرێت و ناکرێت.

ئەم ململانێ ناتەندروستە وای کردووە کە نەتوانین گوتارێکی نیشتمانی دروست بکەین و بۆ چارەسەری کێشەکانمان و لە دانوستان و گفتوگۆکانمان سەرکەوتوو بین. ئێمە ناتوانین لەناو هەموو ئەم ناتەبایی و ناکۆکییە سیاسییانەدا ببینە خاوەنی گوتارێکی نیشتمانی کە تێیدا وەڵامی پرسیارە قووڵەکەی نەتەوە بە شێوەیەك بدەینەوە کە داکۆکی لێ بکەین و بیگەیەنینە کەناری ئارامی.

**ئەحمەد حەسەن** چالاکی سیاسی:

# ڕۆڵ و پێگەی بەهێزی سەرۆک بارزانی دیار و بەرچاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تاوەکو بە هێزەوە ڕووبکەینە بەغدا

○○○

یەکێک لە هونەرەکانی سیاسی و سەرکەوتنی حوکمڕانی کاروچالاکیی دیپلۆماسی و ڕێککەوتن و گفتوگۆ و دانوستاندنە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، ئەمە وێڕای زامنکردنی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان. بۆیە دەبێت لەم چوارچێوەیەدا دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان و هەردوو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆیان بەگەڕ بخەن، لە پێناو گەیشتن بە ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا، لەمەشدا ڕۆڵ و پێگەی بەهێزی سەرۆك بارزانی دیار و لەبەر چاوە، بۆ کۆکردنەوەی هەمووان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوخۆ تاوەکو بە هێزەوە ڕووبکەینە بەغدا، هەر ئەمەش چاوەڕوان دەکرێت لە سەرۆك بارزانی کە هەموو تەمەنی خۆی وەکو پێشمەرگەیەکی کوردستان بۆ خزمەتی نەتەوەکەی و سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان تەرخان کردووە، هەر ئەمەش تاکە هیوای گەلی کوردە بۆ ئەوەی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان لەپێناو دۆزی ڕەوای گەلەکەی کۆبکاتەوە و بە هێزەوە ئاراستەی گفتوگۆ و دانوستانەکانی بکات. ئەوەتا هەموومان دەیبینین سەرۆك بارزانی چۆن لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و لەناو هێزەکانی هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ماف و ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد تێدەکۆشێت.

کورد لەم قۆناغە زۆر پێویستی بە کاری دیپلۆماسی و خەباتی سیاسی هەیە. تا ڕاددەیەکی باش بە هەڵسەنگاندنی دۆخی نێوخۆی عێراق و ناوچەکە سەرۆك بارزانی توانیویەتی ببێتە پارێزەر و بەرگریکاری سەرسەختی دۆزی ڕەوای گەلەکەی. هەمووان ئەو واقیعە دەزانن لەناو ناکۆکی و ناتەبایی نێوان حزبە کوردستانییەکان لەلایەك و نەیاران و دوژمنانی کورد لەناو هەندێك هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ ئیقلیمییەکان کاری دیپلۆماسی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی کە وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان ترس و دڵەڕاوکێیان لە پرسی کورد بەگشتی لە ناوچەکە هەیە و بەهەستیارییەوە دەڕواننە بارودۆخی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە عێراق بە درێژایی مێژوو کاتێك لاواز بووە یان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی نەوێراوە، پەنای بردووەتە بەر گفتوگۆ و دانوستاندن و کاتێکیش بەهێز بووەتەوە، نەك دانوستانەکانی هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵکو بڕوای بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد و مافە سەرەتاییەکانیشی نەماوە و پێشێلی ماف و دەستکەوتەکانی کردووین.



لایەنێکی دیکە کە دەخوازم ئاماژەی پێ بدەم، ناکۆکی و ناتەبایی و دژایەتیکردنی نێوان حزبە کوردستانییەکان و لایەن سیاسییەکانی نێوخۆی هەرێمە، بە ڕاددەیەك ئەم ناکۆکی و ناتەباییە زیانی گەورەی بە بەهێزی و پێگەی هەرێمی کوردستان گەیاندووە. ئۆپۆزسیۆن بەو واتایە نایەت کە تۆ حکومەت بڕووخێنیت و وەکو هێزێکی لاواز نیشانی بدەیت لەلای حکومەتی فیدراڵیی عێراق. ئێمە لە قۆناغێکی ڕاگوزەرین بۆ قۆناغی ڕزگاریی نیشتمان و بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە زۆرجار پەیوەندیی حزبی کوردستانی لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق یان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دابەزیوەتە خوارەوە و لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بووە. پێویستە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێنە بنەما بۆ کاری دیپلۆماسی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.



**د. نەجمەدین قەراجی** ڕۆژنامەنووس:

# سەرۆک بارزانی توانیویەتی سەرکەوتووانە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت و دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو پەیڕەو بکات

○○○

دامەزراندنی عێراق لەسەر بنەمای بە زۆر لکاندنی کورد بووە بە عێراقی عەرەبی سوننە و شیعەوە. بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ئەم وڵاتە لەناو گێژاوی ململانێی خوێناوی و کودەتا و پیلانی دڕندانە بووە. کێشەکانی نێوخۆی عێراق ڕەگ و ڕیشەی قووڵی مێژوویی هەیە و چارەسەرکردنی هەر وا بە ئاسانی نابێت. ئەم وڵاتە لەوەتەی هەیە، لە دژی ماف و دەستکەوتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ڕاوەستاوەتەوە. عێراق کێشەی لەگەڵ کورد و نەتەوە و پێکهاتە ئایینییەکانی دیکەی نێوخۆی هەیە و لەسەر ئاستی ناوچەکەش بە دەگمەن وڵاتێك دەدۆزیتەوە کە پەیوەندیی مێژوویی و قووڵ و بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵ عێراق هەبێت، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. لەوەتەی ئەم وڵاتە دروست بووە، کورد لەناو گێژاوی شۆڤێنی و دژایەتی ئەم و ئەودایە. ئەوەی جێگای ئومێدو دڵخۆشیی هەمووانە ئەوەیە کە ماوەیەکە بەتایبەتی لە کابینە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سوودانی، ترووسکاییەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەدی دەکرێت، لە نێوخۆی هەرێمیشدا دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی ڕێزدار سەرۆك بارزانی و پاڵپشتیکردنی هەردوو ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویانە سەرکەوتووانە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان بپارێزن و دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو جێبەجێ بکەن. کورد سەرکەوتووانە توانیویەتی سیاسەتی خۆگونجاندن پەیڕەو بکات و بەردەوام لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکاندا بووە. لەڕووی دەستووریشەوە کە هاووڵاتیانی عێراق بە زۆرینە دەنگیان بەم دەستوورە داوە، بۆیە دەبێت هەوڵەکانی دیپلۆماسیی کورد لەوەی ئێستا زیاتر بکرێت.

مەردان ڕەفعەت چاودێری سیاسی

# زۆر لە سەرکردە و حزب و لایەنە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی عێراق بڕوایان بە دیموکراسی و فیدراڵی و مافەکانی گەلی کوردستان نییە

○○○

کورد لەوەتەی هەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەرکەزی و تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت گەورەترین قوربانی داوە، جینۆساید و کۆمەڵکوژی دەرهەقی ئەنجام دراوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە عێراق هەنگاوەکانی بە لامەرکەزی دەستپێکردووە، ئەمە وێڕای هەموو ئەو ئالنگاری و کێشانەی ڕووبەڕووی قەوارەی هەرێمی کوردستان بووەتەوە. بونیادنانی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای «فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی» دامەزراوە. بەداخەوە وێڕای هەموو هەوڵەکان و نووسینەوە و دەنگدان لەسەر ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ٢٠٠٥ دا، بەڵام زۆر لە سەرکردە و حزب و لایەنە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکان بڕوایان بە دیموکراسی و فیدراڵی و مافەکانی گەلی کورد و سەرجەم پرۆسەی دیموکراتی نییە.

گرفتی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق ئالێرەوە دەست پێ دەکات، کە تۆ خەباتی سیاسی و کاری دیپلۆماسی ئەنجام دەدەیت لەگەڵ کۆمەڵە هێز و لایەنی سیاسی کە ئەسڵەن هەر بڕوایان بە فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان نییە، بۆیە ئاستەنگ و ئالنگارییەکانی بەردەم هەوڵە دیپلۆماسییەکان زۆرن و تێکەڵ بە ئەجیندە و ناکۆکی نێوخۆ و دەرەکی بووە، لەگەڵ ئەمەشدا دەستپێشخەرییەکان و نییەتی ئاسایی‌بوونەوە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وای کردووە، گرژی و ئاڵۆزییەکان بگۆڕدرێن بە لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ و دانوستاندن و ئومێد زۆرە هەنگاوەکان لە چارەسەرەکان نزیک ببێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنەکانی نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زنجیرە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە، کە هەردەم ڕێنیشاندەر و پاڵپشتی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بووە. ڕاستە جار بە جار ئەم هەوڵە دیپلۆماسییانە لە ئاست داخوازی و خواستەکانی ئێمەدا نییە و لەناو گێژاوی گرفت و کێشەکانی بودجە و مووچە و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دێت و دەچێت، بەڵام ئەم هەنگاوانە گرنگن بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانی وەکو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و کێشەی خاك و ڕاگرتنی تەعریب و تەرحیلی کوردان. سەرۆك بارزانی مەرجەعی کوردە و هێز و پێگەی پاراستنی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتنە لە شەڕ و ئاژاوە و ئاشووب.



وێڕای هەموو گلەیی و ڕەخنەکان لە دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەرێمی کوردستانیش تروسکایی و ئومێدی چارەسەرکردنی کێشەکان لەو دیو تونێلەکەوە دەرکەوتووە. ئەوەی دەمێنێتەوە ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستانە لە نێوخۆ و عێراق و ناوچەکە، کە توانراوە خەڵکی هەرێمی کوردستان و قەوارەی هەرێم بپارێزرێت و هەنگاوی باشیش نراوە.


حزب و لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی کوردستان لەبەر بەرژەوەندیی شەخسی و حزبی، کێشە و ناتەبایی و ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان بردووەتە بەغدا و زیانی گەورەیان لە پێگەو هێزی قەواری کوردستان لە بەغدا داوە، زۆر هێز و لایەنی سیاسی وا هەن لەبەغدا سازش لەسەر ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان دەکەن.

## فەرهاد حاجی

نووسەر و ڕۆژنامەنووس:


# عێراق و ئەو عەقڵییەتەی حوکمڕانی تێدا دەکات، هێشتا بابەتی فیدراڵییەت و هاوبەشی و دیموکراتی و فرەیی تێدا هەزم نەکراوە

○○○



هونەری دانوستاندن و گفتوگۆ لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لەبەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و جێبەجێکردنی مادده دەستووری و یاساکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، بە یەکێك لەو بنەما سەرەکییانە دادەنرێت بۆ بەدیهێنانی ماف و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان. بەهێزکردنی ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە عێراق و ئەو عەقڵییەتەی حوکمڕانی تێدا دەکات، هێشتا بابەتی فیدراڵییەت و هاوبەشی و دیموکراتی و فرەیی تێدا هەزم نەکراوە. من وەکو هاووڵاتییەکی کوردستانی ئەو ڕاستییە باش دەزانم کە پشوودرێژی و خۆڕاگریی سەرۆك بارزانی نەبووایە پیلان و مەرامی نەیارانی کورد لە عێراق و ناوچەکە دەمێکە دەهاتە دی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیان بە شێوەیەك تێك دەدا بارگرژی و نائارامی بۆ تەواوی خەڵکی عێراق و کوردستان لێ بکەوێتەوە. هەر خۆی لە خۆیدا خەباتی کورد شۆڕشی ئەیلوول و جێبەدێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم بە هۆی ئەو عەقڵییەتەوە دروست بووە کە لە عێراق بڕوای بە هاوبەشی و بەشداریکردنی حوکمڕانی نییە و مۆرکێکی پاوانخوازی و دیکتاتۆری زاڵە بەسەریدار. من پێم وایە دیپلۆماسییەتی کورد چ لەلای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، یان لەلای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕاستکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەبووە. نییەت و خۆڕاگری و پشوودرێژیی ئەم دوو سەرکردەیە وای کردووە، هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە و جیهان پێگە و مەکانەتی خۆی بپارێزێت، سەردانەکانی ڕێزداران بۆ بەغدا گەشبینی لای هاووڵاتیانی کوردستان دروست دەکات.

لایەنێکی دیکەی ئەم بابەتە پەیوەندی بە حزبە کوردستانییەکانەوە هەیە، ئەوانەی ساڵانێکە لەناو گێژاوی دووبەرەکی و ناتەبایی و ململانێیەکی توندان و زیانی گەورەیان بە سەقامگیری نێوماڵی کورد و ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا گەیاندووە. ئەم حزبانە پێویستیان بە مەرجەعێکە بۆ ئەوەی بتوانن لەژێر ئەو چەترەدا کۆ ببنەوە، لەمەشدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەم ڕۆڵە هەڵسێت و یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکان و یەکگرتوویی گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانییان زامن بکات. خۆ ئەگەر ئەم حزبە کوردستانییانە هەر لەسەرەتاوە یەکڕیز و یەکگرتوو بوونایە، وێڕای جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان، بەڵام خۆ دەبوو لە بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا لەم قۆناغەدا یەکگرتوو بوونایە. بە هۆی ئەم پەرتەوازەیی و ناکۆکییانەوە نەیاران و دوژمنانی کورد توانیویانە زیانی گەورە بە دۆزی ڕەوای کورد بگەیەنن و لە ڕێگەی موشەك و داگیرکردنی خاك و جێبەجێ

نەکردنی مادده دەستوورییەکان پێگەی هەرێمی کوردستانیان بەرەو لاوازی بردووە. بەداخەوە کورد نەیتوانیوە لە پرۆسە دیموکراتییەکە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات سەرکەوتوو بێت، لەمەشدا حزبە سیاسییەکان هۆکار بوون کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرینە دەهێنێت و حزبەکانی دیکە چ ئەوەی لە دەسەڵاتە و بەشدارە لە پێکهێنانی حکومەت،



چ ئەوەی بە ئۆپۆزیسیۆن ماوەتەوە هاوکار و یارمەتیدەر نەبوون بۆ دروستبوونی گوتاری یەکگرتووی نەتەوەیی و نیشتمانی. بۆیە بە قەناعەتی من ئەگەر هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکڕیز و تەبا و خاوەنی ئەو گوتارە نیشتمانییە نەبن، هەرگیز هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەبەغدا ئەو هێزە بێت کە بتوانێت لە ڕێگەی کارە دیپلۆماسییەکانەوە لە دانوستان و گفتوگۆکان سەرکەوتوو بێت. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە هەموان پاڵپشتی سەرۆك بارزانی بین بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان.



بەرپرسی بەشی پەیوەندیی گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# زۆر لەو کێشانەی ئێستا هەن و گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، بەبێ هیچ ماندووبوونێک و تەنیا بە جێبەجێکردنی دەستوور چارەسەر دەکران

## د.کەمال کەرکووکی

د.کەمال کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی بەشی پەیوەندیی گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرۆکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و ئەندامی سەرکردایەتیی کاتیی «قیادەی موئەقەتە» و بەرپرسی هەرێمی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کردووە و ئەندامی سەرکردایەتیی شۆڕشی گوڵان بووە و، لە شەڕی دژی داعش بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. لە گفتوگۆی ئەم جارە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) زۆر ڕاشکاوانە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا خستە ڕوو.

پێشەکی بەخێرهاتنی هەموو میوانانی بەڕێزی ئەم ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەم، بەتایبەتیش بەخێرهاتنی ئەو میوانە بەڕێزانە دەکەم کە لە بەغداوە تەشریفیان هێناوە، بەڕێزان عەبدولڕەحمان ئەلجەزائیری، شێخ ئیبراهیم دلێمی، د.ئەیاد عەنبەر) و خۆشحاڵین ئەمڕۆ هەموومان پێکەوە لە کوردستان کۆبووینەتەوە و گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ دەکەین کە ئەویش مامەڵەی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە.

ڕاپۆرتە مەیدانییەکەی بازنەی گفتوگۆ چەند پرسیارێکی ئاراستەی کۆمەڵێك دەستەبژێر کردبوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە جەختیان لەسەر ئەوە کردبووەوە کە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەم خاڵی هاوبەش و هەمیش خاڵی ناکۆك هەبووە، لەوانەیە بوونی خاڵی ناکۆك بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان هەردوولا نەبوویێت، بۆیە خاڵی دەستپێك بۆ نەهێشتنی خاڵە ناکۆکەکان و دۆزینەوەی

چارەسەر بۆیان، لێکتێگەیشتنی دروستە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵییە.

ڕاشکاوانە دەڵێم: لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، ئەوا دەبێت دانی پێدا بنێین هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەنووسێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و دەبێت پێکەوە کار بۆ ئەو چارەنووسە هاوبەشە بکەن، ئەمەش پێویستی بەوەیە پێکەوە گفتوگۆ بکەن و گوێ بۆ یەکتری بگرن، هەروەك چۆن ئێستا هەموومان پێکەوە لەم هۆڵە کۆبووینەتەوە و گفتوگۆ دەکەین و گوێ بۆ بۆچوونەکانی یەکتری دەگرین و، دەبێت بگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر شتێك زیانی بۆ عێراق هەبێت، ئەوا بێگومان زیانی بۆ کوردستانیش دەبێت، بەپێچەوانەشەوە شتێك زیانی بۆ کوردستان هەبێت، بەهەمان شێوە بۆ عێراقیش زیانی دەبێت.

ئەوانەی لێرە دانیشتوون هەر هەموویان ئاگاداری هەڵوێستی هەرێمی کوردستانن بەگشتی و هەروەها ئاگاداری پێداگرییەکانی جەنابی سەرۆك بارزانیین کە هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت دەبێت لە چوارچێوەی پرەنسیپی «سازان، هاوبەشی، هاوسەنگی» هەمووما‌ن لە نیشتمانی عێراقدا پێکەوە بژین. ئەمە ڕاوبۆچوونی زۆربەی خەڵکی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیشە.

هەر لە ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ، یەکێك لە بەشداربووان زۆر جەختی لەسەر یەکڕیزی کردەوە، کە دیارە مەبەستی یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بوو. من ئەم بازنەیە فراوان دەکەم و دەڵێم، گرنگە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان یەکڕیز بین، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بە شێوەیەك بەڕێوەبەرین کە هاووڵاتی هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و ژیانێکی خۆشگوزەران بکات، ئەم ئامانجە بەوە دێتە دی کە دەستوورەکەی خۆمان جێبەجێ بکەین و دەبێت هەوڵ بدەین لەم وڵاتەی ئێمەدا یاسا سەروەر بێت، کە یاسا سەروەر بوو، فرەیی نەتەوەیی و ئایینی هێزە نەك لاوازی، با سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لەو دەوڵەتە بوونی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسایەك هەیە لە سەرۆك کۆمارەوە تا هاووڵاتییەکی ئاسایی پەیڕەوی دەکەن، دەبینین هیچ کێشەیەك لەنێوان پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکان دروست نابێت.

ئەگەر ئەمە بکەینە دەروازەیەك بۆ قسەکانمان، ئەوە ئاشکرایە لە هیچ شوێنێکی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە تەواوی یاسا سەروەر نییە، بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو جێبەجێکردنی دەستوور و سەروەریی یاسا هەڵبگرین. دەبێت لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی بەردەوام لەنێوانمان هەبێت، بۆ ئەوەی زەمینەیەك دروست بکەین، هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ سەروەریی یاسا بکەین، کە ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ سەقامگیری و گەشەی ئابووری و بووژاندنەوەی توانای لاوەکانمان و دەستپێکی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامیشە کە لە هەموو سێکتەرەکاندا پێویستمان بە بونیادنانی ژێرخانێکی پتەو هەیە.

لە مێژووی گەلانی عێراقدا، وێستگە و خاڵی هاوبەش زۆر بوون، کە هەموومانی پێکەوە کۆکردووەتەوە. لەسەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتی و شاخدا، زوڵمی ڕژێمی بەعس «کورد و شیعە و سوننە»ی لە یەك سەنگەردا بۆ ئازادی کۆکردبووەوە، لە مێژووی نزیکیشدا شەڕی دژی تیرۆر بەتایبەتی شەڕی دژی تیرۆریستانی قاعیدە و تیرۆریستانی داعش، جارێکی دیکە هەموومانی لەیەك سەنگەردا کۆکردەوە و، لەم شەڕەشدا ئیرادەی عێراقییەکان سەرکەوت و تیرۆریستان تا ڕادەیەك تێکشکان و شکستیان هێنا، هەرچەندە هێشتا مەترسییان ماوە. بەڵام ئەگەر ئیرادەی عێراقییەکان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان یەك بگرێت، چارەسەری کێشەکان زۆر قورس نابن.

ئێمە دەبێت بە ڕێزەوە سەیری مێژووی هاوبەشی خۆمان بکەین. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣، توانیمان تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەینەوە و پێکەوە دەستوور بنووسینەوە و پاشان خرایە دەنگدان و عێراقییەکان پەسەندیان کرد. ئامانج لە نووسینەوەی ئەو دەستوورە ئەوە بوو، پێکەوە ئەو دەستوورە جێبەجێ بکەین و جارێکی دیکە ستەم لە گەلانی عێراق نەکرێت و هەنگاو بەرەو دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی هەڵبگرین، لە ئێستا بەشێك لەو سەرکردانەی کە بەشداربوون

**هەرێم و حکومەتی فیدراڵی چارەنووسێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و دەبێت پێکەوە کار بۆ ئەو چارەنووسە هاوبەشە بکەن، ئەمەش پێویستی بەوەیە پێکەوە گفتوگۆ بکەن و گوێ بۆ یەکتری بگرن**

**گرنگە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان یەکڕیز بین، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بە شێوەیەک بەڕێوەبەرین کە هاووڵاتی هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و ژیانێکی خۆشگوزەران بکات**

**دەبێت هەوڵ بدەین لەم وڵاتەی ئێمەدا یاسا سەروەر بێت، کە یاسا سەروەر بوو، فرەیی نەتەوەیی و ئایینی هێزە نەک لاوازی**

لە نووسینەوەی ئەو دەستوورە لەناو پرۆسەی سیاسیدا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە، ڕاستە لەوانەیە پۆستی حکوومییان نەبێت، بەڵام سەرکردەن و خەڵك ڕێزیان دەگرێت و دەتوانن پرۆسە سیاسییەکە ئاراستە بکەن.

ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو پێکەوە لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەینەوە و تواناکانما یەك بخەین و کێشەکانمان چارەسەر بکەین و بیر لە ئێستا بکەینەوە و خۆمان نەکەین بە «دیلی ڕابردوو»، ئەمە مانای ئەوە نییە پەند لە مێژوو وەرنەگرین، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە دیلی ڕابردوو نەبین بۆ تۆڵەسەندنەوە.

ئەوجا بۆ ئەوەی ئێستا و داهاتوو لەسەر بناغەیەکی پتەو بونیاد بنێین، دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی هەموومانە و هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خاوەنی ئەم نیشتمانەن و هیچ لایەك لە لایەکی دیکە زیاتر نییە، کە ئەم نییەتەمان هەبوو، چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسان دەبن.

لە کوردەواریدا پەندێك هەیە دەڵێت: «چەپڵە بە دەستێك لێ نادرێت»، بۆیە ئەگەر هەڵە و کەموکوورتی هەبێت، هەموومان بە شێوەیەك لە شێوەکان تێیدا بەشدارین، ئەگەر دەستکەوتێکش بەدەست هاتبێت، ڕۆڵی هەموومانی تێدا بووە. ئەم ئاراستەیە دەرگا بۆ ئەوە دەکاتەوە بە گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان دەرگاکانی گفتوگۆ بە تەواوەتی بکەینەوە، هەموو کێشەکان بخەینە سەر مێزی گفتوگۆ و بە ڕاشکاوی قسەی لەسەر بکەین و پاشان لە ڕوانگەی بۆچوونە جیاوازەکانەوە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بەڵام چارەسەرێك کە شایستەی تێکڕای گەلانی عێراق بێت.

خاڵێك کە زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە دەبێت ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بێت، کە دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ پرسێکی جیاوازە لە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس.

بەشێك لەو تێکۆشەرانەی لە ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بوون و ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ڕۆڵ و پێگەیان هەیە، ئاگاداری ئەو پرسەن کە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١ و پاشان کۆڕەوی خەڵکی کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەوای ئارامی لە سەرووی هێڵی ٣٦ بۆ کوردستان دامەزراند و، دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس دامەزراوەکانی لە کوردستان کشاندەوە، بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنی دا و لە ئاکامدا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران و کوردستان بە ئەمری واقیع بوو بە هەرێمی کوردستان، لەمەش زیاتر ئەم هەرێمە لە هەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە دەرەوە و لە هەولێریش ددانی پێدا نراوە و پەسەند کراوە. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یش کە دەتوانم بڵێم هەموو سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بەشدارییان لە نووسینەوەیدا کردووە، لەبەر ڕۆشنایی کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی پێش ڕووخانی ڕژێم نووسراوەتەوە، لەمەش زیاتر ئەگەر سەیری ماددەی ١١٧ی دەستوور بکەین کە دەڵێت «ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە ددان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی». سەرنجێکی ورد لەسەر ئەم ماددە دەستوورییە بدەن کە دەڵێت: «ددان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت» نەك بڵێت: «ئەم دەستوورە ڕێگە دەدات هەرێمێك بە ناوی هەرێمی کوردستان دابمەزرێت». ئەمە زۆر گرنگە و پێمان دەڵێت: ئەگەر ماددەکانی دەستووری ٢٠٠٥ کە زیاتر لە ٨٠٪ی گەلانی عێراق دەنگیان پێ داوە، وەك خۆی جێبەجێ بکرابان، ئەوا زۆر لەو کێشانەی ئێستا هەن و ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەبێ هیچ ماندووبوونێك و تەنیا بە جێبەجێکردنی دەستوور ئەو کێشانە چارەسەر دەکران، بەڵام ئەگەر ڕێزمان لە دەستوورەکە نەگرت و بە ئینتقائییانە مامەڵەمان لەگەڵ ماددەکانی کرد، ئەوا زۆر دەگەڕێینەوە بۆ داواوە و زەحمەتیشە بزانین چارەنووسی ئەم نیشتمانە بەرەو کوێ دەچێت.

خاڵێکی دیکە کە لەم گفتوگۆیە هەندێك لە بەشداربووانی بەڕێز ئاماژەیان پێ کرد، پرسی «ڕیفراندۆمی گەلی کوردستان» بوو. با لەم پرسەدا زۆر بە ڕاشکاوی قسە لەگەڵ یەکتری بکەین. ڕیفراندۆم بەپێی بڕگە و ماددەکانی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەموو دەوڵەتێکی

**زوڵمی ڕژێمی بەعس (کورد و شیعە و سوننە)ی لە یەک سەنگەردا بۆ ئازادی کۆ کردبووەوە، لەمێژووی نزیکیشدا شەڕی دژی تیرۆر بەتایبەتی شەڕی دژی تیرۆریستانی قاعیدە و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، جارێکی دیکە هەمووانی لەیەک سەنگەردا کۆکردەوە**

**دەبێت ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بێت، کە دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ پرسێکی جیاوازە لە دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس**

ئەندام ئیمزای لەسەر کردووە و عێراقیش ئەندامی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەیە، مافێکی شەرعی هەر نەتەوەیەکە لەسەر خاکی خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لەمەش زیاتر ئەمە بڕوای سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانە بەگشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی بەتایبەتی، کاتێك پرسێکی چارەنووسساز دێتە پێشەوە، دەبێت گەلی کوردستان بڕیار بدات بۆ ئەوەی ئەو نەتەوەیەك بتوانێت خۆی ڕێك بخاتەوە، هەروەك چۆن دوای ئەوەی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوەکانی کێشایەوە، سەرۆك بارزانی پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد کە بڕیار بدات بە هەڵبژاردن واتە بە وەرگرتنی ڕای خەڵك، بۆ ئەوەی خەڵك خۆی بڕیار بدات چۆن ئەو بۆشاییە ئیدارییانە پڕ بکاتەوە. ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ش لە خۆڕا نەکرا، هەموو لایەك دەزانن پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند تێکچووبوو، پێویست بوو ئەو پەیوەندییانە ڕێك بخرێنەوە، بۆ ئەوەی دوای ڕاپرسییەکە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دانوستاندن دەست پێبکات، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا وەك خۆی لە چوارچێوەی دەستوور ڕێك دەخرێتەوە، یان نا؟

کێشەیەکی دیکە کە زۆر باس دەکرێت پرسی نەوت و گازە لە نێوان هەرێم و بەغدا، پێش هەموو شت ئەم پرسەش کە بەوجۆرە گەورە کرا، پرسێك نییە لە دەرەوەی دەستووری عێراق بێت، یان لە دەرەوەی ئەو دەسەڵاتانە بێت کە دەستوور بە هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی لە عێراقدا دابێت. ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی ماوە کە بە هاوبەشی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی بۆ پەرلەمانی عێراق ئامادە کراوە، بەڵام نەبوونی متمانە و لێکتێنەگەیشتن وای کرد، ناوەڕۆکی ئەو ڕەشنووسی یاسایە بەتاڵ بکرێتەوە و یاساکە دەرنەچێت، وەك دەبینین هەتا ئێستا حکومەتی فیدڕاڵی عێراق یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی نییە و هەر بە یاسای سەردەمی ڕژێمی بەعس کار دەکات. کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: نییەتی حکومەتی کوردستان ئەوە بووە لە چوارچێوەی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستوورەکە بە هەرێمەکانی داوە، مامەڵە لەگەڵ نەوتی کوردستانیش بکرێت. هەر بۆ زانیاریی بەڕێزتان، کاتێك دەستوورمان دەنووسییەوە، من ئەندامی شاندێك بووم بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی ماوەی دوو مانگ لە بەغدا ماینەوە بۆ نووسینەوەی دەستوور، لەوێ گفتوگۆیەکی زۆر چڕ کرا لەسەر کۆی ماددەکانی دەستوور بەگشتی و ئەو ماددانەی پەیوەندییان بە نەوت و گازەوە هەبوو. دوای دوو مانگ گفتوگۆ بڕیار درا، ئەو کێڵگە نەوتییانەی هەتا نووسینەوەی ئەم دەستوورە بوونیان هەیە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بەڵام ئەو کێڵگانەی لە دوای پەسەندکردنی ئەم دەستوورە وەبەرهێنانی نەوت و گازی تێدا دەکرێت، هەرێم و پارێزگاکان بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی سەرپەرستی بکەن، سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتیش دەبێت ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکەین، کە دوای ئەوەی لە شوباتی ٢٠١٤ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بڕا و دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش موسڵیان داگیرکرد و هیچ ڕێگەیەك نەما پەنای بۆ بەرین ، بۆیە هەرێمی کوردستان ناچار بوو پەنا بۆ فرۆشتنی نەوت ببات، ڕاشکاوانە دەڵێم « هەرێمی کوردستانیان ناچار کرد پەنا بۆ فرۆشتنی نەوت بەرێت».

دوایین خاڵ کە دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم، پرسی بازگەکانی نێوان پارێزگاکانەکە بەرێزان ئاماژەیان پێکرد بەوەی لە بازگەکان زۆر ڕادەگیرێن، سەبارەت بەمە دەمەوێت بڵێم: بەڕێزان ، ئێمە هەموومان کە لێرە دەنیشتووین نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق و کوردستان دەکەین، هەمووشمان قوربانی دەستی تیرۆریستیانین کە دەستی لەهیچ لایەك نەپاراستووە و هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێت کاری تیرۆریستییان ئەنجامداوە و، ئێمەش لە هەرێمی کوردستان بەسەدان سەرکردە و بەهەزاران هاوڵاتیمان بوونە قوربانیی دەستی تیرۆریستان، بۆیە دەبێت کاری کارمەندانی ئاسایشی لە بازگەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیر بکرێت و لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکەین کە کار بۆ سەلامەتی گیانی ئێمە دەکەن و، ئەگەر کەموکورتییەکیش هەبێت هەوڵدەدەین چاوی پێدابخشێنرێتەوە.

**ڕەشنووسی یاسای نەوت و گازی فیدڕاڵی ماوە کە بە هاوبەشی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی بۆ پەرلەمانی عێراق ئامادە کراوە، بەڵام نەبوونی متمانە و لێکتێنەگەیشتن وای کرد، ناوەڕۆکی ئەو ڕەشنووسی یاسایە بەتاڵ بکرێتەوە و یاساکە دەرنەچێت**

**دەبێت کاری کارمەندانی ئاسایشی لە بازگەکان بە چاوی ڕێزەوە سەیر بکرێت و لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکەین کە کار بۆ سەلامەتی گیانی ئێمە دەکەن**



## شێخ عەبدولڕەحمان ئەلجزائیری

ئەندامی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا:

# ڕەوت و حزبی عێراقی هەن کە ئێستا لە دەسەڵاتدان، لەوانەیە سیاسەتیان لە سیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێ جیاواز نەبێت

شێخ عەبدولڕەحمان ئەلجەزائیری ئەندامی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایە، کە ئەم هاوپەیمانییە بەشێکی گرنگە لە هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هەروەها بەشێکی گرنگیشە لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کە کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانیی پێکهێناوە. ئەم سیاسەتمەدارە عێراقییە پێشتر سەرۆکی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا بووە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و یەکێکە لەو کەسایەتییە دیارانە کە قسەکانی هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، بەردەوامیش لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانییە عەرەبی و عێراقی و کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان ڕا و بۆچوونەکانی بڵاو دەکرێتەوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆ (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە بیرو بۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسای بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی خستە ڕوو».

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

برا خۆشەویستەکانی نیشتمان، بە ناوی خۆم و سەرجەم سەرکردەکانی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا سڵاوی بەڕێز نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاساتان پێ ڕادەگەیەنم و زۆر سوپاس بۆ بانگهێشتەکەتان بۆ ئەم کۆنگرەیە.

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە» ناونیشانێکی سەرکەوتووە. ئەم ناونیشانە ماناکەی چەمکی دیموکراتی لەخۆی دەگرێت لە کوردستانی خۆشەویست و هەروەها ماناکەی دیموکراتی بۆ هەموو عێراق لەخۆی دەگرێت.

لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە بۆ گوێگرتن لەڕای بەرانبەر، دەبێتە ئاراستەیەك و سوودێکی گەورەی دەبێت، ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم کرانەوە پێگەیشتووەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و جێگەی ڕەزامەندی گەلی کوردستان دەبێت، کە لە ڕاستیدا لەوانەیە پێشتر لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبووبێت.

من زۆر ڕاشکاوانە قسەکانی خۆم دەکەم، ئەمەش بەو مانایەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو حزبانەی هاوبەشن لەگەڵی جیاواز بووە، ئەمەش ئاماژەی زۆر گەورەمان پێ دەدات، تێبینیمان کردووە، جارێك لەگەڵ ستراتیژیەتی دەرەوە و گۆڕانکارییەکان لەناو تەنگژە لە ناکاوەکانی واقیعی عێراقدا، پاشان دەرهاویشتە و هەڵسەنگاندن و دیراسەکردن.

ئەمڕۆ ئێمە لەم دانیشتنەدا کە گفتوگۆی ئەم بابەتە دەکەین لەگەڵ کەسوکاری خۆمان، بە دانیشتنێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدەم. سوپاسی خۆم بۆ برایانم لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دووبارە دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی بوونی ئێمە لێرە مانای ئەوەیە مەبەستیانە سوود لە بیروبۆچوونەکانمان وەربگرن کە دەیخەینە ڕوو، کە ئەمەش ڕاستییەکی قووڵ و خەمی هاوبەشمانە بۆ ئەوەی ئەو بیروبۆچوونانە بخەینە ڕوو کە خزمەتی ڕەهەندەکانی نەتەوەیی، هەرێمی، ئاسایش و ئابووری دەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی خزمەتی سیاسەتی پەیوەندیدار بە کوردستانی عێراق دەکات.

ئێمە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بە سەقامگیریی عێراق دەزانین، هەرگیز پێمان وا نییە پێچەوانەکەی ڕاست بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەرگیز سەقامگیری لە عێراقدا بوونی نابێت هەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیر نەبێت، ئەم سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی پارتی دیموکراتی کوردستان دێتەدی کە بە سەرکەوتوویی هەنگاو هەڵدەگرێت، بە بەڵگەی ئەوەی سیاسەتێکی پێشکەوتووی بەرز پیادە دەکات، کە ئەویش ستراتیژیەتی هزری میانڕەوە، ئەم هزرە میانڕەوییە ئێستا لە سیاسەتی ئەم پارتە بەرانبەر بە جەماوەرەکەی بوونی هەیە، ئەمەش کاریگەرییەکەی زۆر بەرچاوە لەسەر تموحی هاووڵاتیانی کورد، هەروەها بە ڕووی ئاسۆکانی ئازادی و فرەیی ئایینی کراوەتەوە کە زۆر دوورە لە ئایدیۆلۆژیەتی حزبایەتی.

هەر لە ساڵی ٢٠٠٣وە کە پەیوەندییەکان سەقامگیرییان بە خۆیەوە بینی، وێڕای ئەوەی هەندێك هەڵوێست بوونە هۆکاری دروستبوونی کێشە و، سەرجەم ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بوونەوە، بەڵام بە درێژایی ئەم مێژووە، ئێمە توێژینەوە و ڕاپرسیمان کردووە، لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق چاودێریی توێژینەوەی سەنتەرە ئەوروپی و جیهانییەکانیشمان کردووە، هەموو ئەمانە دەریانخستووە کە:

- هەرێمی کوردستان بەراورد بە ڕابردوو زۆر زۆر گۆڕاوە.
- ئەم گۆڕانکارییە بەرهەمی پیادەکردنی دیپلۆماتیەتێکی بەرزە لەم هەرێمە لەسەر ئاستەکانی ژیاری و بنەڕەتی کە بووەتە هۆی دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.
- هاوکاری و تێگەیشتنە سیاسییەکانی سەرکردایەتیی پارتی، هێزی بەخشیوە بە هاووڵاتیانی کورد کە لەژێر سایەی حکومەتێکی بەهێزدا ژیان بەسەر دەبەن و، ئامانجەکانی ئەم حکومەتە بووەتە هاندەر بۆ پەرەپێدانی ئابووری و ژیانێکی کامەران.

**ئەوەی ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە بۆ گوێگرتن لەڕای بەرانبەر، دەبێتە ئاراستەیەک و سوودێکی گەورەی دەبێت**

**سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو حزبانەی هاوبەشن لەگەڵی جیاواز بووە، ئەمەش ئاماژەی زۆر گەورەمان پێ دەدات**

**ئێمە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بە سەقامگیریی عێراق دەزانین، هەرگیز پێمان وا نییە پێچەوانەکەی ڕاست بێت**

**ئەم سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی پارتی دیموکراتی کوردستان دێتەدی کە بە سەرکەوتوویی هەنگاو هەڵدەگرێت**

**هاوكاری و تێگەیشتنە سیاسییەكانی سەركردایەتیی پارتی، هێزی بەخشیوە بە هاووڵاتیانی كورد كە لەژێر سایەی حكومەتێكی بەهێزدا ژیان بەسەر دەبەن**

**«هێزی نەرم» بە زانست و ڕۆشنبیریی جیهانی دروست دەكرێت، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بایەخێكی هێجگار گەورەی بەم بوارە داوە**

**گرفتی سەرەكیی هەرێم ئەوەیە كە لەم هەرێمە نووسینگەیەک نییە بۆ چارەسەری تەنگژەكان هاوكاریی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكات**

**من لەگەڵ بەشێک لە سەركردەكان قسەم كردووە، دەزانم میكانیزم و پێشوازی لەو هەوڵانە دەكرێت كە مەبەستیانە ئەم بەستەڵەكەی نێوان هەرێم و ناوەند بتوێتەوە**

- نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت كە «هێزی نەرم» بە زانست و ڕۆشنبیریی جیهانی دروست دەكرێت، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بایەخێكی هێجگار گەورەی بەم بوارە داوە. ئەمە بە دیپلۆماتیەتێكی بەرز لە قەڵەم دەدرێت. من لە بەرواری ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ و لە مەراسیمی دەرچوونی زانكۆی كوردستان لە هەولێر بووم. بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە گوتارەكەیدا گوتی «دەبێت لاوەكانمان ڕۆڵێكی پێشەنگ لە بەدیهێنانی پلانە ستراتیژییەكان و بەرنامەكانی حكومەت بگێڕن، لەبەر ئەوەی ئەوان بزوێنەر و خاوەنی ئەم نیشتمانەن. ئەم بایەخدانەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە بەرزكردنەوەی ئاستی زانكۆكان و فرەكردنی پسپۆڕییەكان، بایەخدانێكی دیپلۆماتیی بەرزە، كارێكی زۆر پێویستە و وێنەی كوردستان جوانتر دەكات.

سەبارەت بە كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی كە دكتۆر كەمال كەركووكی ئاماژەی پێكرد، بەتایبەتیش ئەو كێشانەی كە هەرێم بە دەستیانەوە گرفتارە، بەڕاستی دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم، لەوانەیە ستراتیژیەتێك هەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و من ئەو هەوڵانە دەبینم، بەڵام گرفتی سەرەكیی هەرێم ئەوەیە كە لەم هەرێمە نووسینگەیەك نییە بۆ چارەسەری تەنگژەكان هاوكاریی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكات. ئەمەش خاڵە گەوهەرییەكەیە.

لە ئێستا لەوانەیە هەرێم چەندین كێشەی بە هەڵواسراوی لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی مابێت، ڕۆژانە ئەم كێشانە لە ڕاگەیاندن و لەلایەن سیاسەتمەدارنەوە دەخرێنەڕوو، گفتوگۆیان لەسەر دەكرێت، بەڵام دەمەوێت پێتان بڵێم، من ئێستا بەشێكم لە پرۆسەی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، لەڕاستیدا پێش بێم بۆ ئەم كۆنگرەیە، من لەگەڵ بەشێك لە سەركردەكان قسەم كردووە، دەزانم میكانیزم و پێشوازی لەو هەوڵانە دەكرێت كە مەبەستیانە ئەم بەستەڵەكەی نێوان هەرێم و بەغدا بتوێتەوە.

پێموایە هەرێمی كوردستان پێویستی بەوەیە و هیوا دەخوازم ئەم پێشنیارە لای مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان تۆمار بكرێت، دووبارە چاو بگێڕێتەوە بە پەیوەندییەكانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی، ئەمە پرسێكی هێجگار گرنگە و ڕەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی سیاسیی عێراقی دەبێت و، ئەمەش خاڵێكی گەوهەرییە.

من ئەمڕۆ لەم هۆڵە بە ڕاشكاوی قسە دەكەم، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن كە ڕەوت و حزبی عێراقی هەن كە ئێستا لە دەسەڵاتدان، لەوانەیە سیاسەتیان لە سیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێ جیاواز نەبێت.

ڕێز و ستایشم بۆ سیاسەتی ئێستای پارتی دیموكراتی كوردستان هەیە، بەڵام فاكتەری هاوبەش لە نێوان دووبارە چاوخشاندنەوە بە پەیوەندییەكان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی دراوسێ (توركیا و ئێران) جیاواز نییە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ناوچەی كەنداوی عەرەبی، ئەمەش زۆر گرنگە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا هەولێر دەبێتە سەرچاوەی ئابووری بۆ عێراق، لە ئێستا پڕۆژەی ستراتیژی ڕێگاوبان هەیە، ئومێد هەیە لە قۆناغی داهاتوو هێڵی دووەمی ئەم ڕێگە ستراتیژییە لە هەولێر بێت.

لەم كۆنگرەیەدا، كێشە و بۆچوونی زۆر خرانە ڕوو، بەڵام من ئومێدی ئەوە دەخوازم ئەم كۆنگرەیە ڕاسپاردەی بەسوودی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان خستبێتەڕوو، گرنگترین دەرهاویشتەی ئەم كۆنگرەیە كە دەبێتە كلیلی سەرەكی بۆ چارەسەركردنی كێشەكان «زمانی گفتوگۆ»یە. من ئەمڕۆ بە نوێنەرایەتیی بەشێك لە حكومەتی عێراق و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا لێرەم و پێش هاتنم بۆ ئێرە ئاگادارم كردوونەتەوە كە من دەچم بۆ هەولێر بۆ كۆنگرەیەك كە برایانی پارتی دیموكراتی كوردستان ڕێكیان خستووە و لەسەر چارەسەركردنی كێشەكان گفتوگۆ دەكەین. ئێمە ئامادەین ببینە بەشێكی سەرەكی بۆ چارەسەر، بێگومان بەشێك لەگەڵ بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی و سەركردایەتیی پارتی دیموكراتی كوردستان. وەك پێشنیاریش دەخوازم ئەم پێشنیارانە بخەمە ڕوو:

- پرسی کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار زۆر زۆر گرنگە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئێستا کێ نوێنەرایەتی ئەم نەتەوەیە (نەتەوەی کورد) لە عێراقدا دەکات؟ بێگومان سەرۆکی کۆمارە، بەڵام من پێموایە لە بەغدا و پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سەرۆکی کۆمار دیار نییە، بۆیە گرنگە هەرێم بیرێکی جدی لە کاراکردنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار بکاتەوە. سەرەنجام سەرۆك کۆتایی بێت و دەرگای گفتوگۆیەکی جددی لەگەڵ بەغدا بکاتەوە و دڵنیام برایانی ئێمەش پێشوازی لێ دەکەن.

- سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ کە زۆر باس کرا، دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی پێتان بڵێم کە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق خۆیان کەمتەرخەمن لە کاراکردنەوەی ئەم ماددە دەستوورییە، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەشێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی

**نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق خۆیان کەمتەرخەمن لە کاراکردنەوەی ئەم ماددە دەستوورییە**



کۆمار لە ئێستادا نوێنەرایەتیی هەموو عێراق دەکات.

- چۆن کێشەکانی ئێستامان چارەسەر بکەین؟

چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت «وەرەقەیەکی سیاسی» لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە، کۆپییەکی ئەو وەرەقەیەم هێناوە و بەشداربووانی ئەم کۆنگرەیە دەتوانن سەیری بکەن. دەمەوێت ڕاشکاوانە بڵێم هەموو ئەو کێشانەی کە باس کران، هەمووی لەو وەرەقە سیاسییەدا تۆمار کراون و ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە زۆر گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی دراوسێ (ئێران و تورکیا) بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو گرژییانە دیالە، کەرکووك، باکووری مووسڵ و گرنگە ئەم کێشانە بە هاوبەشیی برایانی کورد چارەسەر بکرێن.

ئەوەی ماوەتەوە کە دیسان جەختی لەسەر دەکەمەوە، ئەوەیە کە زۆر گرنگە بەردەوام لەم جۆرە کۆنگرانە گرێ بدرین بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بخرێتە ڕوو. ئێمە دەستمان کراوەیە بۆ ئەوەی دەستمان بۆ درێژ دەکات، ئەمەش تەنیا لەگەڵ هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا نا، بەڵکو دەوڵەتی یاسا بەشێکە لە حکومەتی سوودانی جیا ناکرێتەوە، سەرەنجامیش لەسەر ناوەرۆکی ئەم کۆنگرە گرنگە ڕاپۆرتێکی تەواو پێشکەشی نووسینگەی سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سوودانی دەکەم.

**جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەشێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیالە، کەرکووک، باکووری مووسڵ و گرنگە ئەم کێشانە بە هاوبەشیی برایانی کورد چارەسەر بکرێن**



## شێخ ئیبراهیم ئەلدلێمی

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هاوپەیمانیی سیادە:**

# زۆر جار من و سیاسییەکانی دیکەی عێراقیش دەمانگوت پێویستە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەشێک لە ئەزموونی هەرێم بۆ بەغدا بگوازینەوە

**شێخ ئیبراهیم ئەلدلێمی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هاوپەیمانیی سیادەیە و وتەبێژی فەرمی هۆزەکانی ئەنبارە و ڕاوێژکاری باڵای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و، یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسی و دیارەکانی عەرەبی سوننە و ڕۆڵێکی دیاری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە و، بەردەوام لە کەناڵە عەرەبی و عێراقی و کوردستانییەکان قسەی ڕاشکاوی خۆی هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) زۆر بە ڕاشکاوانە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی بەم جۆرە خستەڕوو.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەناوی خۆم و شێخەکانی ئەنبار و بە ناوی تەواوی گەلی عێراقەوە سوپاسێکی بێ پایان پێشکەشی سەرکردایەتیی حەکیمی هەرێمی کوردستان دەکەم، بۆ بانگهێشتکردنمان بۆ ئەم گفتوگۆ گرنگە و هەروەها بۆ ئەو پێشوازییە ئاستبەرزەی لێیان کردین.

ئەم گفتوگۆیە بۆ ئەوەیە بیروبۆچوونەکانی خۆمان لەسەر ئەو خاڵانەی ناکۆکیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرڕاڵییە بخەینە ڕوو.

پێش هەموو شت، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە هەرێمی کوردستان بەشێکی نەك هەر گرنگ، یان ژیاری، بەڵکو بەدیتنی من کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ دەوڵەتی عێراق، واتە هەرێمی کوردستان کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری و بڕیار و سەرەوریی عێراق.

بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیە بەرهەمی باش بێت، ئەوا دەبێت زۆر ڕاشکاوانە قسە بکەین. ئەوەش جێگەی خۆشحاڵییە کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لێرە ئامادەن. بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکی بۆ کۆی کێشەکان، تاکڕەویی

حکومەتەکانی پێشووی عێراق بووە لە بەغدا، کێشەیان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دروست کرد و بە تاکڕەوی بڕیاریان دەرکرد.

ئەگەر پیتەکان خاڵبەند بکەین، ئەمڕۆ لە عێراقدا پێکهاتەی شیعە ڕۆڵی براگەورەی لە پرۆسە سیاسییەکەدا هەیە. هەر دوو پێکهاتەی کورد و عەرەبی سوننە هاوبەشی سیاسین لەگەڵ برایانی تورکمان و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەش.

من سەرنج دەدەم دەبینم بەشێك لە نوێنەرەکان توندڕەون لە بۆچوونەکانیان و ئەوانن کە ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسە سیاسییەکە دروست دەکەن. ئێمە وەك پێکهاتەی عەرەبی سوننە، گلەییمان لە نوێنەرانی کورد و هەندێك لە نوێنەرانی شیعەش هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ماوەی ٢١ ساڵە زوڵمێکی زۆرمان لێ دەکرێت، کاتێك لە کورد نزیك دەبین، شیعە نیگەران دەبن و بەپێچەوانەشەوە کە لە شیعە نزیك دەبین کورد نیگەران دەبێت، لەسەر ئەم پرسە نموونەیەکی سەردەمی ڕژێمی بەعس دەگێڕمەوە. من لەسەردەمی ڕژێمی بەعس گیرام لەوێ پێیان گوتم «تۆ خائین و تاوانباری». گوتم: وەڵڵا وانییە برادەرایەتی کورد دەکەم، پێم دەڵێن تۆ پێشمەرگەی، برادەرایەتی شیعە دەکەم پێم دەڵێن تۆ ئەندامی حزبی دەعوەی. ئەم پرسە ئێستا بە جۆرێکی دیکە خۆی دووبارە کردووەتەوە.

کێشەی ئێمە کێشەی لێبوردنی گشتییە، کە دیارە ئەم بڕیارە تەنیا عەرەبی سوننە لێی سوودمەند نابێت بە تەنیا، بەڵکو کورد و عەرەبی شیعەش زیندانییان هەیە، بەڵام بەشی زۆری ئەو زوڵمە بەر پێکهاتەی عەرەبی سوننە دەکەوێت، بۆچی ئەو خەڵکانە لە زیندانەکاندا بمێننەوە؟.

من لەم هۆڵەدا بە دەنگی بەرز داکۆکی لە مافەکانی برایانی کورد دەکەم و لە بەردەم سەرکردایەتیی کوردستاندا دەڵێم: نابێت پرسی مووچەی فەرمانبەران تێکەڵی سیاسیەت بکرێت و نابێت فەرمانبەرانی هەرێم مووچەکانیان تێکەڵی کێشە سیاسییەکان بکرێن. بۆیە ئێمە هەموو پێکهاتەکانی عێراق داکۆکی لە مافە هاوبەشەکانمان نەکەین، ئەوا دەبێت ئەوە بزانین لایەنی شیعە کە ئێستا لە دەسەڵاتدان و بوونەتە «برا گەورە» ئەوانیش ئامادە نابن گوێ لە خواستەکانمان بگرن، بۆیە ئەم لێکتێگەیشتنە زۆر پێویستە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت وەك هۆکاری سەرەکی بۆ کەڵەکەبوونی کێشەکان و نەبوونی چارەسەر بۆیان دەستنیشانی بکەم، هۆکارەکەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ـە کە زۆر پەلەی تێدا کرا و هەڵەیەکی زۆریشی تێدا تێپەڕی و بەو هەڵانەشەوە دەنگی لەسەر درا، لە دەنگدانەکەش ساختەکاری کرا، لەبەر ئەوەی هەر سێ پارێزگای «ئەنبار، نەینەوا، سەلاحەدین» دەنگیان پێ نەدا.

دەستووری عێراق لە پرسی نەوت و گاز، هەروەها لە پرسی دەسەڵات و دابەشکردنی داهات هەڵەی گەورەی تێدایە.

لەم پرسەدا پێویستە برایانی کورد زۆر باش بزانن لە پارێزگاکانی عیمارە و ناسریە و بەسرە و پارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت، بە هەزاران هاووڵاتی پەیوەندی دەکەن و پێمان دەڵێن « بۆچی دەبێت ئێمە هاووڵاتیانی عیمارە و بەسرە و ناسریە و پارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێنەری نەوت، تەنیا دووکەڵ و نەخۆشی و سەرەتانەکەی بۆ ئێمە بێت و پارەکەشی بڕوات بۆ بەغدا و هەرێمی کوردستان؟» سەرنج بدەن بەغداو کوردستان پێکەوە گرێ دەدەنەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە هەڵەکە لە چیدایە وا ئەم دەنگانە دروست دەبن؟ بێگومان هەڵە دیدوتێڕوانینی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانە نییە، بەڵکو هەڵەکە لە بەرنامەی وەزارەتی کاری حکومەتی عێراقە، کە لاوەکانیان بێکارن و توانای دابینکردنی هەلی کاری نییە. وەزارەتی کار لە پارێزگاکانی باشوور مۆڵەت بە کۆمپانیا بیانییەکان دەدات بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت بە کرێکاری بیانی (هیندی و پاکستانی) بکەن، هەر یەك لەو کرێکارانە مانگانە چەند هەزار دۆلار مووچە وەردەگرن، ڕێگە نادات گەنجەکانی خۆمان لەو کۆمپانییانە کار بکەن کە بە چەند سەد دۆلارێك ڕازی دەبن.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی و باقی حزبەکانی دیکە لە هەرێم لەگەڵ حکومەتی

**هەرێمی کوردستان کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری و بڕیار و سەروەریی عێراق**

**هۆکاری سەرەکی بۆ کۆی کێشەکان، تاکڕەویی حکومەتەکانی پێشووی عێراق بووە لە بەغدا، ئەو حکومەتانە کێشەیان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دروست کرد**

**بەشێک لە نوێنەرەکان توندڕەون لە بۆچوونەکانیان و ئەوانن کە ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسە سیاسییەکە دروست دەکەن**

**کاتێک لە کورد نزیک دەبین، شیعە نیگەران دەبن و بەپێچەوانەشەوە کە لە شیعە نزیک دەبین کورد نیگەران دەبێت**

**بە دەنگی بەرز داکۆکی لە مافەکانی برایانی کورد دەکەم و لە بەردەم سەرکردایەتیی کوردستاندا دەڵێم: نابێت پرسی مووچەی فەرمانبەران تێکەڵی سیاسیەت بکرێت**

فیدراڵی، من وای دەبینم لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا، نەوەیەکی تازەی سەرکردەی سیاسی دەرکەوتوون کە وەك نەوەی یەکەم بیر ناکەنەوە و تمووحیان هەیە و پەنا بۆ ڕێگەی جیاواز دەبەن. لەسەردەمی خوالێخۆشبوو مام جەلال لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی پێکەوە زۆر کێشەیان تێپەڕاند و پێکەوە بەرگرییان لە کوردستان کرد و قوربانییان لە پێناوی دا و بونیادیشیان نایەوە. تەنانەت زۆر جار من و سیاسییەکانی دیکەی عێراقیش دەمانگوت پێویستە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراقیش بەشێك لە ئەزموونی هەرێم بگوازینەوە بۆ بەغدا.

خاڵێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو «وەرەقە سیاسییە» بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، لەم وەرقەیەدا ئێمە و برایانی کوردیش بەردەوام جەختمان لەسەر سێ پرسی گرنگ دەکردەوە «هاوبەشی، هاوسەنگی، پێکەوەسازان»، بەڵام وەك ئێستا دەبینین برامان سوودانی کار بە هەندێك لە بڕگەکانی ئەو وەرەقە سیاسییە ناکات کە ڕێککەوتنمان لەسەر کردووە.

لێرەوە و بە ڕێگەی ئەم کۆنگرەیە بە شێوەیەکی فەرمی داوا لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە بەڕێز مسعود بارزانی دەکەم، کە نوێنەرانی خۆیان لەبەغدا بەو شێوە ئاراستە بکەن کە لەناو پەرلەمانی عێراق گوشار دروست بکەن بۆ هەندێك لە یاساکان هەموار بکرێنەوە، ئەو وەرەقە سیاسییە کارا بکەنەوە کە ئیمزامان لەسەر کردووە. من وەك نوێنەری هاوپەیمانیی «سیادە و عەزم و حەسم» پشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین لە داوا ڕەواکانی گەلی کوردستان، بەڵام لە بەرانبەردا داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش دەکەم پشتگیری داوا ڕەواکانی عەرەبی سوننە بکەن، پێش ئەوەی بچینە بەغدا لەسەر بیروبۆچوونی هاوبەش ڕێك بکەوین، ئەوجا بچین ئەم بۆچوونە هاوبەشانە پێشکەشی سوودانی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك لە ئاراستەکانی پرۆسەی سیاسی ڕاست بکەینەوە و کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

بێگومان ئەگەر ئێمە هەموومان نەبین بە یەك دەست، ئەوا دەوڵەتی عێراق هەر بە فشۆڵی دەمێنێتەوە و، ئەوجا ئێران بە ئارەزووی خۆی دەستتێوەردان دەکات، تورکیاش بە ئارەزووی خۆی چیاکانی کوردستان بۆردومان دەکات و باقی دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ دەستتێوەردان دەکەن. با لە خۆمان بپرسین ئەوا ماوەی ٢١ ساڵە ڕژێمی پێشوو ڕووخاوە، ئایا گەلانی عێراق لە باکوور و باشوور چ سوودێکیان لێ بینیوە؟

گەلی عێراق پاڵەوانە و دەتوانێت ئەم واقیعە بگۆڕێت. مێژوو پێمان دەڵێت، ئایا گەلی کوردستان پاڵەوان نییە کە دەیان ساڵ لەو چیایانە مقاومەی کردووە، ئایا شیعە پاڵەوان نییە کە لەسەردەمی سەدام توانیان هۆزەکان ئازاد بکەن؟ ئایا عەرەبی سوننە پاڵەوان نییە کە ڕژێمی سەدم کەسانی وەك محەمەد مەزلوومی دەرخواردی سەگەکان دەدا؟

بۆیە ئێستا پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی مەلامستەفای نەمر و ئەو سەردەمەی مام جەلال و کاك مسعود بارزانی سەرکردایەتیان دەکرد، ڕاستە ئەو کاتەش کێشە و ناکۆکی هەبوو، بەڵام کێشەکان بە لێکتێگەیشتن چارەسەر دەکران، بەڵام ئەو نەوە نوێیەی ئێستا سەرکردایەتی دەکات، توانای لیکتێگەیشتنی کەمە بۆ ئەوەی لە قسەی «برا گەورە»کەی یاخی بێت، پەنا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران و هەندێك لایەن لە بەغدا و نەجەف و کەربەلا دەبات.

لەسەر ئەم پرسە ئاماژە بە سەردانێکی بەڕێز خەمیس خەنجەر سەرۆکی هاوپەیمانیی سیادە دەکەم کە منیشی لەگەڵ بووم بۆ لای بەڕێز مسعود بارزانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان، لەو دانیشتنەدا لەگەڵ بەڕێز بارزانی گەیشتینە ئەو چارەسەرەی ئەگەر یەکێك لە پاڵێوراوەکان لە خولی یەکەمی دەنگداندا پێشکەوت، ئەوا لە خولی دووەمی دەنگداندا هەردوو هاوپەیمانیی « سیادە و عەزم»یش دەنگ بەو پاڵێوراوە بدەن بۆ ئەوەی کێشەکە کۆتایی بێت.


من وخەمیس خەنجەر دانیشتبووین سەیری پرۆسەی دەنگدانمان دەکرد و دەنگەکانی

**دەستووری عێراق لە پرسی نەوت و گاز، هەروەها لە پرسی دەسەڵات و دابەشکردنی داهات هەڵەی گەورەی تێدایە**

**لەسەردەمی خوالێخۆشبوو مام جەلال لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی پێکەوە زۆر کێشەیان تێپەڕاند و پێکەوە بەرگرییان لە کوردستان کرد**

**برامان سوودانی کار بە هەندێک لە بڕگەکانی ئەو وەرەقە سیاسییە ناکات کە ڕێککەوتنمان لەسەر کردووە**

**ئەگەر ئێمە هەموومان نەبین بە یەک دەست، ئەوا دەوڵەتی عێراق هەر بە فشۆڵی دەمێنێتەوە و، ئەوجا ئێران بە کەیفی خۆی دەستتێوەردان دەکات، تورکیاش بە کەیفی خۆی چیاکانی کوردستان بۆردومان دەکات**




شەعلان سەرکەوت بۆ ١٥٢ دەنگ، لەم کاتەدا بەڕێز بارزانی تەلەفونی بۆ خەمیس خەنجەر کرد و پێی گوت: «بۆ بەڵێنی خۆت بەوەفا بە»، ئەمەش واتا لە خولی دووەم نوێنەرەکانی ئێمەش دەنگ بە شەعلان بدەین، بەڵام بەداخەوە چەند پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی تەقەدوم بە ڕێککەوتن لەگەڵ چەند پەرلەمانتاری کوردی یەکێتی نیشتمانی پرۆسەکەیان تێکدا و نەیانهێشت خولی دووەمی دەنگدان بەڕێوە بچێت.

خاڵێکی دیکە کەوەك گلەیی ئاراستەی هەرێمی کوردستانی دەکەم، پرسی بازگەکانی کوردستانە، بەڕاستی لەو بازگانە گەنجانێك هەن ئێمەومانان ناناسن، کاتێك دەگەینە بازگەکان و ناسنامەی خۆمان و پیشەی خۆمانیان پێ دەڵێین، ڕەچاوی پلە و پۆستی ئێمە ناکەن و لەگەڵ خەڵکی ئاسایی هیچ جیاوازیمان ناکەن. ئەمە وادەکات زۆر جار ئاستەنگ بۆ کارەکانمان دروست بێت. بۆیە لە ڕێگەی ئەم کۆنگرەیەوە داوا لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە مۆڵەتی نشینگە «ئیقامە»مان بۆ دەر بکات، بۆ ئەوەی بتوانین بە فڕۆکە بێین بۆ کوردستان و لەو کێشەیە ڕزگارمان ببێت.

لە دوماهی ئەم گفتوگۆیەدا، داواتان لێ دەکەم زیاتر گفتوگۆ لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم نیشتمانە هەبێت، لەم گفتوگۆیەدا کە برایەکی کوردی ئێزدی لەگەڵمان بەشدار بوو، کۆمەڵێك زانیاریی پێ گوتین من پێشتر نەمبیستبوو، ئەوە یەکەمجارە گوێبیستی ئەوە دەبم کە لە ١٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان هەتا ئێستا ٤٩ گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵنەدراوەتەوە، ئەم زانیارییانە بۆ ئێمە گرنگە، چونکە خەڵکانی وەك ئێمە بەردەوام لە تەلەفۆنە عەرەبییە نێودەوڵەتەکان کۆی کەناڵەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان قسە دەکەین، ئەم زانیارییانەمان لابێت، ڕای گشتی لەسەر دروست دەکەین.



کاردۆ محەمەد

ڕێکخەری ژووری پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# وەک چاودێرێک گوێم لە هەندێک پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری عێراقی بووە کە بە زمانی ڕاسیزم باس لە کوردستان دەکەن

کاردۆ محەمەد ڕێکخەری ژووری پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕانە و ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانە و، دەرچوویی کۆلێژی یاسایە و یەکێکە لە پێشمەرگە و سیاسەتمەدارە دێرینەکانی کوردستان و، بەردەوامیش لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان زۆر بەهێمنی قسەی جدی و ڕاشکاوانەی خۆی هەبووە و هەوڵیداوە زمانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن کلیلی کردنەوە و چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی حوکمڕانی و سیاسیی بن لە کوردستاندا، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا )مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

زۆر سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بانگهێشتی کردووین بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ بکەین، کە ئەویش مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و ناوچەکەیە.

لە چوارچێوەی ئەم ناونیشانەدا، ئێمە گفتوگۆ لەسەر پرسێك دەکەین پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، ئەو ناوچەیەی کە دەوڵەتانی زلهێز لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە جۆرێك دیزاینیان کرد و سنوورەکانیان دارِشتەوە کە بتوانن بەردەوام تەراتێنی تێدا بکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن. ئەو دەوڵەتانەشی لەسەر نەخشەی سایکس پیکۆ لەم ناوچەیە دروستیان کرد، بە جۆرێك دیزاینیان کرد کە پێکەوە ژیان و یەکتری قبووڵکردن و سەقامگیری بە ئاسانی تێدا دروست و جێگیر نەکرێت و، سنوورە دەستکردەکانیشیان بە زەبری هێز پاراستووە، بۆیە لە مێژووی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی ڕابردووی ئەم ناوچە ئاڵۆزەدا، ئەو ڕاستییە چەسپیوە کە هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر ئەم باردۆخەدا نایەت، ئەگەر شەڕێکی گەورەی جیهانی، یان وەرچەرخانێکی گەورەی

جیهانی تێدا ڕوونەدات، هەر بۆیەشە نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی کورد کە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان نین و بێ سەروەرین، تەنیا لە پەراوێزی ئەو گۆڕانکارییانە دەرفەتێکمان بۆ هاتووەتە پێشەوە کە شەڕە گەورەکان و وەرچەرخانە نێودەوڵەتییە گەورەکان بەدوای خۆیدا هێناویانە، ئەمە لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد لەو دەوڵەتانەی تێدا ژیاوە سەرکوت و جینۆساید کراوە، ئەمەش ڕاشکاوانە ئەوەمان پێ دەڵێت: ئێمە باسی شوێن و دەوڵەتێك دەکەین کە تێیدا سەرکوت و کۆمەڵکوژ و جینۆساید کراوین.

لێرەوە جێگەی خۆیەتی لەناو ئەم مێژووەدا، ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خۆمان بکەینەوە، بەوەی ئایا ئێمە وەك نەتەوەیەك چۆن مامەڵەمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخانە گەورانە کردووە، کە لە ناوچەکەی ئێمە ڕوویان داوە و ئێمە وەك دەرفەت توانیومانە سوودی لێ وەربگرین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە مێژووی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێت:

١- لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی توانرا حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی دابمەزرێنرێت.

٢- لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی توانرا کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە مەهاباد دابمەزرێنرێت.

٣- لەدوای شەڕی سارد و نەمانی دووجەمسەریش، توانرا بە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان و پشتیوانی نێودەوڵەتی، قەوارەیەك دابمەزرێنن کە ئەویش هەرێمی کوردستانە.

٤- لە دوای شەڕی ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش لە ٢٠٠٣ گۆڕانکاری لە عێراقدا دروست بوو، توانرا عێراق لەبەر ڕۆشنایی خواستی ڕۆژئاوا و هیوا و خواستی گەلانی عێراقیش کە خەونیان بەوەوە دەبینی سیستەمێکی نوێ کە تیایدا ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت و، فیدراڵی و دیموکراتی بێت، لەناوچەکە بێتە ئاراوە و بونیاد بنرێتەوە و کۆتایی بە شەڕ و خوێنڕشتن و توندوتیژی بهێنرێت و هەمووو پێکەوە ئەم وڵاتە بە جیاوازییەکانیەوە بەڕێوە بەرن، بۆ ئەمەش دەستوورێك نووسرایەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەم دەستورە ئەم پرۆسەیە سەر بخرێت و سەرکەوتوو بێت.

دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق سەرەڕای ئەوەی هەندێك کەموکورتی تێدایە، بەڵام من بە پێچەوانەی ئەو بەڕێزانەی باسیان کرد کە دەستوورێکی خراپە، پێموایە یەکێکە لەو دەستوورە گرنگانەی لەناو دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، ئەم دەستوورە تەعبیر لە ئیرادەی جیاواز و دیموکراتی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات دەکات.

غروری گلۆبالیزم زۆر جار هاندەر بووە کە ئەمریکا وەك تاکە جەمسەر و هێز لە جیهاندا لە زۆر قۆناغدا هەوڵی داوە گۆڕانکاری لەم ناوچەیە دروست بکات وەك:

- لەسەردەمی بووشی باوك و دوای ئەوەی سیستمی نوێی جیهانیان ڕاگەیاند، هەوڵیاندا هەندێك گۆڕانکاری لەناوچەکە دروست بکەن، کە بینیمان شکستی هێنا.
- لەسەردەمی ئیدارەی باراك ئۆباما ویستیان ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی بکەنە دەرفەت بۆ ئەوەی سیستمە دیکتاتۆرییەکان بڕووخێنن و باهۆزی دیموکراتی ناوچەکە بگرێتەوە، لەمەشدا شکستیان هێنا.
- لەسەردەمی ئیدارەی ترەمپ، پرۆژەی « ئایینە ئیبراهیمییەکانیان» هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیری بگێڕنەوە بۆ ناوچەکە، ئێستا ئاکامی ئەم پڕۆژەیەش دەبینین کە چۆن شەڕی غەززە و ئیسرائیل شکستی بەم پڕۆژەیەش هێناوە.

ئەو خاڵەی کە ڕووی خۆمان دەگرێتەوە و هەرێم و گەلی کوردستان، بەشداری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، کە قوربانییەکی زۆرمان دا هەم بۆ مرۆڤایەتی و هەمیش وەك هاوکاری و پشتیوانییەك بۆ عێراق، پرسیار لێرەدا ئەوەیە توانیمان وەبەرهێنان لەم قوربانییانەی داومانە بکەین و بۆ ئێستامان سوودی لێ وەر بگرین؟ دەتوانین زۆر بە سادەیی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە و بڵێین نەماتوانیوە وەبەرهێنانی تێدا بکەین و سوودی لێ وەربگرین، هۆکاری ئەم نەتوانینەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە وەك قەوارەیەکی سیاسی لاوازین و نەمانتوانیوە زۆر بە باشی خۆمان ڕێك بخەین و سوود

**ئێمە وەک قەوارەیەکی سیاسی لاوازین و نەمانتوانیوە زۆر بە باشی خۆمان ڕێک بخەین و سوود لەسەرچاوەی توانای مرۆیی و سەرچاوەی سرووشتی (وزە) وەربگرین**

**دەیان ساڵ بوو نەوتی عێراق دەفرۆشرا و دەدرا بە چەک و فڕۆکە و کوردستانی پێ کاول دەکرا**

**خەونی ئێمە ئەوە بوو بە جۆرێک سوود لەسەرچاوە سرووشتییەکانمان (نەوت و گاز») وەربگرین کە بمانخاتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی پتەوی سەربەخۆ، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ئەمە بکەین**

**لە شەڕی دژی تیرۆیستانی داعش بە خوێنی ڕۆڵەکانمان خزمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان کرد، بەڵام نەمانتوانی هیچی لێ بچنینەوە**

**لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی بازرگانیی زۆر باشمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێمان هەیە و کوردستان بووەتە بازاڕ بۆ ئەوان، بەڵام بێجگە لە گەمارۆدان و بۆردومانکردن، بابزانین (بەغدا، ئەنکەرا، تاران، دیمەشق) چی دیکەیان پێشکەش کردووین**

**مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی بۆ ئاشکرا کردووین، کە بە درێژایی ئەم مێژووە، ئەوەی ئەم میللەتە بە خوێن و قوربانیدان بەدەستی هێناوە، لەسەر مێزی دانوستاندن بە هەدەری داوە، هۆکاری ئەم شکستە مێژوویيەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیدێکی نیشتمانیی هاوبەشمان نەبووە**

**گرنگە ستراتیژیەتێکی نیشتمانیمان هەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ هەر یەکە لە وڵاتانی عێراق، تورکیا، ئێران و سووریا بکەین**

لەسەرچاوەی توانای مرۆیی و سەرچاوەی سرووشتی (وزە) وەربگرین و بە باشی بەڕێوەی بەرین و بیکەنە بنەمایەك بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری و حوکمڕنیی خۆمان.

بەداخەوە لەم گفتوگۆیە گوێبیستی ئەوە بووین بەوەی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق پێمان دەڵێن بە پارەی ئەوان کوردستان ئاوەدان کراوەتەوە، ئەم قسانە ڕەنگدانەوەی ئەوەن کاتێك دێنە کوردستان چەند باڵەخانەیەك و چەند شەقامێك دەبینن، چاویان پێی هەڵنایەت، ئەمە لە کاتێکدا دەیان ساڵ بوو نەوتی عێراق دەفرۆشرا و دەدرا بە چەك و فڕۆکە و کوردستانی پێ کاول دەکرا.

خەونی ئێمە ئەوە بوو بە جۆرێك سوود لەسەرچاوە سرووشتییەکانمان (نەوت و گاز») وەربگرین کە بمانخاتە سەر نەخشەی وزەی جیهانی و بونیادنانی ژێرخانی ئابووریی پتەوی سەربەخۆ، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ئەمە بکەین، بەپێچەوانەوە لەم ڕۆژانە ڕاپۆرتێکم خوێندەوە، دەڵێت: «هەرێمی کوردستان کەوتووەتە سەر هێڵی ترانزێتی ماددەی هۆشبەر».

ئەم واقیعەی ئێستای هەرێمی کوردستان، بەداخەوە بە پاشەکشەیەکی گەورەی دەبینم، من وەك چاودێرێك گوێم لە هەندێك پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری عێراقیش بووە کە چۆن بە زمانی ڕاسیزم باس لە کوردستان دەکەن و مامەڵە لەگەڵ ئەم هەرێمە دەکەن، ئەمەش بە دیتنی من دەرهاویشتەی ئەو پاشەکشەیە کە کردوومانە، چونکە ئەگەر پاشەکشەمان نەکردایە ئێستا بۆشایی یاساییمان نەدەبوو، هەرێم نەدەکەوتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە بە هۆی سیاسەتێکی هەڵەی نەوتەوە.

خاڵێکی دیکەی خراپ، ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان دیدێکی سیاسیی نیشتمانی هاوبەشیان نییە بۆ دروستکردنی گوتارێکی نیشتمانی یەکگرتوو هەم بۆ ڕاستکردنەوەی حوکمڕانی لە هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەچ هەقێك «پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان» بە چ مافێك بە تەنیا دەچنە بەغدا و باس لە پرس و کێشەکانی کورد دەکەن؟ ئایا لەخۆیان ناپرسن ئێمە هەرێمێکمان هەیە کە دەستووری عێراق ددانی پێدا ناوە و، مافەکانمان لەو دەستوورەدا چەسپێنراون و، تاکە هێز لەم دەوڵەتی عێراقدا کە بەدەستمانەوە بێت دەستوورە؟ بۆچی پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە ناکەن، ئەمە لەکاتێکدا هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی دەستوور هەموار بکرێتەوە و ئەو مافانەشی لەو دەستوورەکەدا هەمانە، نەمانمێنێت.

ئێمە ژمارەیەکی زۆر نوێنەری کوردمان لە بەغدا هەیە، ئایا ئەم نوێنەرانە تا چەند توانیویانە نوێنەرایەتیی ئێمە بکەن و داکۆکی لەسەر مافەکانی گەلی کوردستان بکەن؟ یان تەنیا نوێنەرایەتیی حزبەکانیان دەکەن کە ئەمە کارێکی زۆر ترسناکە بەداخەوە.

ئەو دەرهاویشتە خراپانەی لە ئاکامی نەبوونی دیدێکی نیشتمانی لە نێوان حزبە سیاسییەکان، ئێستا هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێن، هەر بۆ نموونە:

- لە شەڕی دژی تیرۆیستانی داعش بە خوێنی ڕۆڵەکانمان خزمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان کرد، بەڵام نەمانتوانی هیچی لێ بچنینەوە.
- لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی بازرگانیی زۆر باشمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێمان هەیە و کوردستان بووەتە بازاڕ بۆ ئەوان، بەڵام بێجگە لە گەمارۆدان و بۆردومانکردن، بابزانین (بەغدا، ئەنکەرا، تاران، دیمەشق) چی دیکەیان پێشکەش کردووین.

مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی بۆ ئاشکرا کردووین، کە بە درێژایی ئەم مێژووە، ئەوەی ئەم میللەتە بە خوێن و قوربانیدان بەدەستی هێناوە، لەسەر مێزی دانوستاندن بە هەدەری داوە، هۆکاری ئەم شکستە مێژوویيەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دیدێکی نیشتمانیی هاوبەشمان نەبووە.

لە ئێستادا ئەرکی ئێمەیە جارێکی دیکە بە دیدێکی نیشتمانییانە چاو بە خۆماندا بخشێنینەوە و هەوڵ بدەین بە پشتیوانی و هاریکاری هاوپەیمانان چەند هەنگاوێك هەڵبگرین، لەوانە:



١- گرنگە ستراتیژیەتێکی نیشتمانیمان هەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی نێومالّی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ هەر یەکە لە وڵاتانی عێراق، تورکیا، ئێران و سووریا بکەین.

٢- پێویستە پەلە بکەین لە دووبارە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان، پیادەکردنی شەفافییەت و ڕاستگۆیی لە پرۆسەی سیاسیدا.

٣- هاوسەنگیەك لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمدا دروست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بپارێزین، بۆ ئەوەی هەست بکەن ئازادانە پێکەوە دەژین، نەك بە زەبر و ناچاری.

٤- سیاسەتی ڕاست و دروست ئەوەیە کە گوتارێکی یەکگرتوومان هەبێت بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و بەدەستهێنانەوەی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

لە دوماهیی قسەکانم دووبارە جەخت لەوە دەکەمەوە، بۆ ئەوەی لە کوردستان سەروەریی یاسا بوونی هەبێت و خاوەنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕاستەقینە بین و بە کردار گۆڕانکاری بکەین و شۆڕشێکی ڕیفۆرمی بکەین، دەبێت هەموومان پێداگری لەسەر ئەوە بکەین، هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت. بۆ کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەندیش، هەموو سەردێری کۆی ئەم قسانەی لەم گفتوگۆیە کرا، ئەوەیە هەموو لایەکمان ڕێز لەو دەستوورە بگرین و تواناکانمان یەك بخەین وەك یەك پاکێج دەستوورەکە جێبەجێ بکەین.

**دەبێت هەموومان پێداگری لەسەر ئەوە بکەین، هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت**



## سوبحی مەهدی

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی کوردستان:

# یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە سەلامەتی و مانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەکات

سوبحی مەهدی ناسراو بە «هاوڕێ مەهدی»، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی کوردستانە و یەکێکە لە سیاسەتمەدارەکانی کوردستان و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا بەشداری کارای هەیە و بە زمانێکی توندی چەپگەرانە داکۆکی لە مافی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە دەکات و بانگەشە بۆ ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی دەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) لە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە بە دیدێکی ڕەخنەگرانە بەمجۆرە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.

سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە بۆ ئەم گفتوگۆ گرنگە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) هەموومانی کۆکردووەتەوە.

لە دەستپێکدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، لە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆن و بە دیدێکی ڕەخنەگرانە قسە لەسەر ئەم پرسە دەکەم و، پێموایە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەش دیوەکەی دیکەی باسەکە تەواو دەکات و هەردوو ڕووەکە پیشان دەدات.

ئەگەر هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە بکەین، دەبێت ئەم هەڵسەنگاندنە بخرێتەوە ناو ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەر ئاستی مامەڵەکە هەبووە، وەك هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێم، پەیوەندیی هێزە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتری و پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پەیوەندیی دەسەڵات لەگەڵ خەڵك. هەر یەك لەو فاکتەرانەی ئاماژەم پێکردن، لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، بەڵام من لەسەر چەند خاڵ هەڵوەستە دەکەم:

- هەڵسوکەوتی جیاواز لە نێوان دوو دەوڵەت کە کێشەی ناوخۆیان نییە «عێراق و ئێران».
- هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ کە کێشەی ناوخۆیان هەیە و کێشەی کوردە و دەوڵەتەکانیشیان بەچاوی نەیار سەیرت بکەن، کارێکی قورسە.
- کاتێك حکومەت لە هاوپەیمانییەکی کۆك و بەرنامەیەکی هاوبەش سیاسەت دادەڕێژێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و ناوچەکە لەسەر بنەمای گەل و خاکی کوردستان، جیاوازە کە حکومەت لەناو هاوپەیمانییەکی ناکۆك و پڕ ململانێی سەخت سیاسەت دادەڕێژێت، هەمان ئامانجی نابێت و سەرکەوتوو نابێت.
- بێگومان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەسەڵاتێکدا هەیە کە بەرنامەکەی بە ئاراستەی خزمەتی خەڵك و دابینکردنی خزمەتگوزاری و ژیانێکی ئاسوودە بێت، لەگەڵ دەسەڵاتێك کە مووچە بە موژدە ڕابگەیەنێت و کەموکورتی لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەك کارەبا و ئاو و تەندروستی و خوێندن هەبێت.

کاتێك ئەم بارودۆخە هەمووی پێکەوە لەبەر چاو دەگرین و لەناو ئەم بارودۆخە مامەڵە بکرێت، بێگومان ئەرکێکی قورس دەبێت. هەردوو حزب کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە بە بەردەوامی لە ململانێ و ناکۆکیی جۆراوجۆردا بوون. لەسەردەمی شەڕی ئێران-عێراقدا، لەبری ئەوەی دژی شەڕ بن و بێلایەن بن، خۆیان کرد بە بەشێك لەو شەڕە، لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن پێشتر بەرنامەی دانابوو کە ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی کوردستان بکات کە تاوانێکە لە ئەستۆی سەدام و بەعسدایە، بەڵام ڕژێمی بەعس ئەمەی کردە بیانوویەك بۆ ئەوەی دڕندانەتر و بە ئاشکرا ئەو کارە بکات.

پاش ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کوردستان هات، ئینجا لەساڵی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی ڕاگەیەندرا، وەك خەڵکی سادەش پێیان دەگوتین «شەقی زەمانە ناچاری کردن یەك بگرن»، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دامەزراندنی بەرەی کوردستانی هەنگاوێکی نیشتمانی بوو، توانی هەموو هێز و تواناکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، هەر بۆیە کاتێك لە ئاکامی هەڵە و سەرکێشییەکانی سەدام بە داگیرکردنی کوەیت هەلومەرجێکی نێودەوڵەتیی لەبار هاتە پێشەوە و گەلی کوردستان توانی ڕاپەڕین بەرپا بکات، ئەوکات ڕۆڵی پێکەوە کارکردن و بەرەی کوردستانی بۆ هەموو لایەك بە دیار کەوت و، دەرفەتێك هاتە پێشەوە بۆ پێڕەوکردنی دیموکراسی هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت ئەنجام درا، بەڵام بەداخەوە لەم هەڵبژاردنە مێژووییەشدا ساختەکاریی حزبەکان ڕێگەی نەدا، ئیرادەی گەلی کوردستان وەك خۆی بەرجەستە بێت، لەو کاتەوە سیستمی ٥٠ بە ٥٠ هاتە ئاراوە، بووەتە قەیران و زیانێکی گەورەی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان گەیاندووە.

ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ دروستکردنی ئارامی و سەقامگیری لە هەرێمدا هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام لە پیادەکردندا دەرکەوت تەنیا بۆ دابەشکردنی کێکی دەسەڵات بوو. ئەم سیاسەتە هەڵەیە ئێستا ئاکامەکەی بەمجۆرەیە:

**هەر لایەک بە جیا دەچێتە بەغدا، لەوێ بە کۆمەڵێک بەڵێن و ڕێککەوتنی خۆش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو بەڵێن و ڕێککەوتنانە هەفتەیەکی پڕ نەکردووە، زۆر جار لە ماوەی چەند کاتژمێردا لێی پاشگەز بوونەتەوە**

**زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستووری و تەنانەت مووچەی ئاسایی خەڵک بە هەڵواسراوی لەگەڵ بەغدا ماوەتەوە**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە سیمبولی فیداکاری بوون بۆ گەل و خاکی کوردستان، ئێستا بوونە هێزی حزبی و وەک هێزێکی نیشتمانی ڕێک نەخراون**

**زۆر گرنگە خەڵکانی بەتوانا و پسپۆر و بڕیاربەدەست بنێرینە ئەنجومەنی نوێنەران، وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە مامەڵە بکەن و داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن**

**بەشێک لەو بەڕێزانەی لەم گفتوگۆیە لەگەڵمان بەشدارن و خۆیان گوێبیستی ئەو کارەساتە گەورەیە بوون و بەشێکیشن لە دەسەڵات و پرۆسەی سیاسیی عێراق، جێگەی خۆیەتی کە گەڕانەوە بۆ بەغدا هەڵوەستەی جدی لەسەر کارەساتی خوشک و برا ئێزدییەکان بکەن**

- حزبێک بەرەو بەشە چەوسێنراوەکەی ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکانی پتەوتر دەکات، حزبێکی دیکە بەرەو بەشە چەوسێنراوەکەی باکوور.

- لە قووڵایی خاکی کوردستاندا بە موشەک و درۆن لێمان دەدەن، کەسانی ئەمنیی هەردوو جەمسەری دەر و دراوسێمان خەریکی کردەوەی سەربازین.

- هەر لایەک بە جیا دەچێتە بەغدا، لەوێ بە کۆمەڵێک بەڵێن و ڕێککەوتنی خۆش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو بەڵێن و ڕێککەوتنانە هەفتەیەکی بڕ نەکردووە، زۆر جار لە ماوەی چەند کاتژمێردا لێی پاشگەز بوونەتەوە. زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستووری و تەنانەت مووچەی ئاسایی خەڵک بە هەڵواسراوی لەگەڵ بەغدا ماوەتەوە.

- لە شێوازی مامەڵەی حزبەکاندا لەگەڵ بەرانبەرەکانیان هەست دەکرێت جۆرێک لە خۆ بەکەم زانین هەیە.

- نەبوونی دامەزراوەیەک بۆ هاریکاریی حکومەت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، دامەزراوەیەک کە پشتئەستوور بێت بە پسپۆڕ و پڕدەست بێت بە داتا و زانیاری.

- لە زۆر پرۆسەدا هاوپەیمانیمان لەگەڵ ڕۆژئاوادا کردووە، وەک لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لەدوای ٢٠٠٣، دواتر لەشەڕی دژی داعش، هاوکاریکردنی سوپای عێراق لە شەڕی دژی داعش لە مووسڵ و حەویجە، لە هەموو ئەمانە ڕێککەوتن کراوە، بەڵام ڕێککەوتنەکان دیکۆمێنتی ئیمزاکراوی نییە، یان ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە، بۆیە نەبوونی ئەم دیکۆمێنتە دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەتوانین لە بەردەم لایەنی سێیەم داکۆکی لە مافەکانی خۆمان بکەین.

- گومان خستنە سەر خاک و گۆڕینی ناونیشانی «خاکی کێشە لەسەر» لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا.

- هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە سیمبولی فیداکاری بوون بۆ گەل و خاکی کوردستان، ئێستا بوونە هێزی حزبی و وەک هێزێکی نیشتمانی ڕێک نەخراون، ئەمە لە کاتێکدا هاوپەیمانان ئامادەباشییان لەم پرۆسەیە هەیە و هاوکاریی زۆر باشمان دەکەن.

لە ئێستادا چی بکەین و هەنگاوەکانمان چی بن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا چەند پێشنیار دەخەمەڕوو.

١. بەدامەزراوەیی کردنی دامەزراوەکانی حکومەت و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانیان بەپێی یاسا.



٢. یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەرێم، کە بە ڕووکەش یەك خراونەتەوە، بەڵام بە پراکتیکی هەردوو ئیدارەکە بوونی هەیە.

٣. دامەزراندنی دەستەیەك بۆ هاریکاریی حکومەت و ڕێکخستنی گفتوگۆکان، گرنگە کارئاسانییان بۆ بکرێت لە ڕووی دابینکردنی زانیاریی بەردەست و توانای کارکردنەوە.

٤. یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کە گەرەنتیی سەلامەتی و مانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێم مسۆگەر دەکات.

٥. لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو شاندانەی دێنە کوردستان و ئەوانەشی سەردانی وڵاتان دەکەن، پێداگری لەسەر پشتیوانیی سیاسی بۆ هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوەی ئێستا هەیە تەنیا هاوکاریی ئابووری و مرۆیین، وەك ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کەمپێکی ئاوارەدا بکەن.

٦. گرێدانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەم کۆنگرەیەدا نوێنەرانی سەرجەم توێژ و چینەکان و حزب و پێکهاتەکان بەشدار بن بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکان بدرێتەوە و پلان بۆ داهاتووی ئەم نیشتمانە دابڕێژرێت.

٧. بایەخدان بە پشکی هەرێم لە پۆست و دامەزراوەکانی حکومەت و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، زۆر گرنگە خەڵکانی بەتوانا و پسپۆڕ و بڕیاربەدەست بنێرینە ئەنجومەنی نوێنەران، وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە مامەڵە بکەن و خەم لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بخۆن و داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

لە دوماهیدا دەمەوێت بڵێم، لەم گفتوگۆیەدا کارەساتی خوشك و برا ئێزدییەکان زۆر بە باشی خرایە ڕوو، هەورەها کەمتەرخەمیی پەرلەمانی عێراق لە ئاستی ئەم کارەساتە گەورەیە خرانە ڕوو، بۆیە بەشێك لەو بەڕێزانەی لەم گفتوگۆیە لەگەڵمان بەشدارن و خۆیان گوێبیستی ئەو کارەساتە گەورەیە بوون و بەشێکیشن لە دەسەڵات و پرۆسەی سیاسیی عێراق، جێگەی خۆیەتی کە گەڕانەوە بۆ بەغدا هەڵوەستەی جدی لەسەر کارەساتی خوشك و برا ئێزدییەکان بکەن.

ئەوەی ماوەتەوە ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە کێشەکان چەند گەورە بن، گفتوگۆ چارەسەریان دەکات، شەڕی گەورەی نێوان دەوڵەتان، شەڕی پێکهاتەکانی ناو یەك دەوڵەت چەند درێژەی کێشا بێت، سەرەنجام هەر لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر کراوەو هەر لەوێش چارەسەر دەبێت.

**شەڕی گەورەی نێوان دەوڵەتان، شەڕی پێکهاتەکانی ناو یەک دەوڵەت چەند درێژەی کێشا بێت، سەرەنجام هەر لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەر کراوەو هەر لەوێش چارەسەر دەبێت**





## بێکەس قادر

**ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان:**

# عێراق پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی هەیە ١٠٠ ساڵە ئەزموونی فاشیلی دیکتاتۆریەت و سەنترالێزمی تێدا تاقی دەکرێتەوە

**بێکەس قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە و یەکێکە لەو سیاسییانەی بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئامادەیی هەیە و بەردەوام لەلایەن میدیا جیاوازەکانەوە دیدار و دیمانەی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ دەکرێت، لە گفتوگۆی ئەم جارە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

زۆر سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەم دەرفەتەی ڕەخساند بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بکەین، ئەمە یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی پێویستی بەوە هەیە گفتوگۆی ڕاشکاوانەی لەسەر بکرێت.

ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە زۆر فراوانە، بۆیە دەخوازم لە دەروازەیەکەوە قسەکانی خۆم لەسەر «پرسی دەستوور» و مامەڵەکردن لەگەڵ دەستوور چڕ بکەمەوە. لە دیباجەی دەستوری عێراقدا هاتووە «گەلی عێراق پەیمانی بە خۆ داوە بە هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکانیەوە بە ئازادی و ئارەزوومەندانە بڕیاری فیدراڵییەتی خۆی بدات و پەندی سبەینێی لە دوێنێی وەرگرێت»، ئەمە مانای ئەوەیە پەند لەو شەڕ و خوێنڕشتنە وەربگیرێت کە چەند دەیەیە لە عێراقدا هەبووە. لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە، ئایا پەند لەو ڕابردووە وەرگیراوە؟ ڕاشکاوانەتر ئەو قسەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە سەرکردەکانی عێراق بە (کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) ئەو دەستوورەیان بەو ئامانجە نووسییەوە، کە ئەو مێژووە خوێناوییە جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە و، پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە ئازادی و خۆشگوزەرانی لەم نیشتمانەدا پێکەوە بژین. لێرەوە من لە

هەموو ئەو بەڕێزانەی لەم هۆڵەدا دانیشتوون و ئەوانەشی لە دەرەوەن، دەپرسم: ئایا پەند لە ڕابردوو وەرگیراوە؟ بێگومان نەخێر پەند لە ڕابردوو وەرنەگیراوە.

بەشێك لە بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە جەختیان لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی دەستوور کردەوە، منیش هاوڕای ئەوانم و دەڵێم وێڕای هەر تێبینییەك، یان ڕەخنەیەك کە لە دەستووردا هەمانە، بەڵام هەتا ئێستاش ئەم دەستوورەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەنگمان لەسەر داوە، باشترین و سەرەکیترین خاڵی هاوبەشە کە هەموو عێراقییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم خاڵە هاوبەشە بکەینە کلیلی کردنەوەی تەواوی کێشەکانی عێراق، بە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداشەوە، هەروەها بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند و هەرێم و کۆی پارێزگاکانی دیکەی عێراق، تەنیا ڕێگە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ـە. ئەگەرچی گوێبیستی هەندێك دەنگ دەبین کە باسی هەموارکردنەوەی دەستوورەکە دەکەن، بەڵام جێبەجێکردنی دەستوور لە هەموارکردنەوەی لە پێشتر و پێویستترە. دەستوور کاتێك پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە کە جێبەجێ بکرێت و لە کاتی جێبەجێکردنیدا کەموکورتییەکانی دەربکەوێت، ئەوکات پەنا بۆ هەموارکردنەوەی دەبرێت، ئێمە با جێبەجێی بکەین لە پراکتیکدا، لە کوێدا کەموکورتی هەبوو، ئەو کات دەکرێت بیر لە هەموارکردنەوەی بکرێتەوە.

ئێمە وەك حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان وێڕای تێگەیشتنمان لە پێویستیی دەستوور و جێبەجێکردنی، ئەو سەرنجەمان هەیە کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نەیتوانیوە ئیشکالییەتی دەوڵەتی عێراق چارەسەر بکات، ئەو ئیشکالییەتەی کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەیبووە و تا ئێستاش بەردەوام هەیە، ئەویش ڕەچاونەکردنی تایبەتمەندیی پێکهاتەکانی و ڕەگ و ڕیشەی عەقڵییەتی سەنتراڵیزمە، کە هەندێك پێیان وایە عێراق بە سەنتراڵیزم نەبێت بەڕێوە ناچێت، ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ دواوە و گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت، بە ڕاستی جێگەی داخە. هەر ئەم ئەقڵییەتەش وای کردووە کە لەبری ئەوەی تواناکان یەك بخرێن بۆ جێبەجێکردنی دەستوور و، دامەزراندنی هەیکەلی دەوڵەتێکی فیدراڵیی دروست و دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی و قووڵکردنەوەی چەمکی فیدراڵی لە کەلتووری سیاسیی عێراقدا، کەچی کار لەسەر ئەوە دەکرێت، جارێکی دیکە عێراق بۆ سیستەمی سەنتراڵی بگەڕێندرێتەوە.

هۆکاری سەرەکیی ئەو مێژووە خوێناوییەی عێراقییەکان، بۆ هەژموونی پێکهاتەیەك بەسەر ئەوانیتر و سەنتراڵیزم و دیکتاتۆریەت دەگەڕێتەوە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ڕاستە هەموو لایەك (کورد، شیعە، سوننە) خەمسارد بوون لە بونیادنانی هەیکەلەیەکی ڕاستەقینەی فیدراڵی بۆ دەوڵەتی عێراق، بەڵام ئایا لە عێراقدا بیریان لەوە کردەوە کار بۆ دەوڵەتی «هاووڵاتیبوون» بکرێتەوە؟ ئەمەش بەو مانایەی هاووڵاتیان لە عێراقدا بەبێ جیاوازیی ئایین و مەزهەب و نەتەوە لە مافەکانیاندا یەکسان بن و ژیانێکی ئاسوودەیان هەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش هەر نەخێرە، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانی عێراق لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاست، کێشەی خزمەتگوزاریی سەرەکییان هەیە، لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش مووچەخۆران چەند ساڵە کێشەی مووچەیان هەیە، کە ئەمە سادەترین مافی هاووڵاتییە لە هەر دەوڵەتێکدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٣وە مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە کردووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم: ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری بکەین، دەکرێت بڵێین «بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق» قەرزاری هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانە. بۆچی؟

لەبەر ئەوەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، لە کاتێکدا لەو دەوڵەتەدا هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەتی نەمابوو، هەرێمی کوردستان بە هەموو هێز و قورسایی سیاسیی خۆیەوە، بە هەموو هێزی سیاسی و هێزی پێشمەرگەوە، خۆی تەرخان کرد بۆ دووبارە

**سەرکردەکانی عێراق بە (کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) ئەو دەستوورەیان بەو ئامانجە نووسییەوە، کە ئەو مێژووە خوێناوییە جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە**

**هەتا ئێستاش ئەم دەستوورەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەنگمان لەسەر داوە، باشترین و سەرەکیترین خاڵی هاوبەشە کە هەموو عێراقییەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە**

**ئەگەرچی گوێبیستی هەندێك دەنگ دەبین کە باسی هەموارکردنەوەی دەستوورەکە دەکەن، بەڵام جێبەجێکردنی دەستوور لە هەموارکردنەوەی لە پێشتر و پێویستترە**

**دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ نەیتوانیوە ئیشکالییەتی دەوڵەتی عێراق چارەسەر بکات، ئەو ئیشکالییەتەی کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەیبووە و تا ئێستاش بەردەوام هەیە**

**هەندێک پێیان وایە عێراق بە سەنترالێزم نەبێت بەڕێوە ناچێت، ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ دواوە و گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت، بە ڕاستی جێگەی داخە**

بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، تەنانەت لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان چەندین مانگ لە بەغدا مانەوە، بۆ ئەوەی دەستوورێکی وا بنووسنەوە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستووره عێراقێك بونیاد بنرێتەوە، کە جارێکی دیکە مێژووی شەڕ و خوێنڕشتنی تێدا دووبارە نەبێتەوە، کە هەموو عێراقییەکان لە ناو ئەو مێژووەدا زیانمەند بووین.

بۆیە خوێندنەوەی ئەم ئاراستەیەی سیاسەت و ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان کە لە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقدا پیشانی دا، ڕاستییەك دەسەلمێنێت ئەویش ئەوەیە، بەرژەوەندیی هەرێم لە سەقامگیریی عێراقدایە و ئێستاش لەسەر هەوڵەکانی بۆ ئەو ئامانجە هەر بەردەوامە. بەڵام بەداخەوە، مامەڵەی حکومەتی فیدراڵی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبری بەرزنرخاندنی ئەم هەوڵ و پەرۆشیەی هەرێم بۆ سەقامگیریی عێراق، لەسەر زۆر پرسی هەستیار و ستراتیژی و قووتی خەڵك، مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ هەرێم نەکردووە و ئیشکالییەتی گەورەی بۆ دروست کردووە، کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکەین، وەك نموونە:

**هۆکاری سەرەکیی ئەو مێژووە خوێناوییەی عێراقییەکان، بۆ هەژموونی پێکهاتەیەک بەسەر ئەوانیتر و سەنترالێزم و دیکتاتۆریەت دەگەڕێتەوە**

با قسە لەسەر ئەوە نەکەین کە بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە دەکرێت، کە غەدرێکە ڕاستەوخۆ لە هاووڵاتیان و مووچەخۆرانی هەرێم دەکرێت.

با لەوە بگەڕێین بەبێ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی عێراق یاسای نەوت و گازی فیدراڵیی هەبێت، دادگای فیدراڵی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی بە نادەستووری لە قەڵەم دا. با بڵێین کە ئەو پرسانە بە سیاسی کراون و کێشەیان لەسەرە، کەچی لە ئاستی قوربانیی هاووڵاتیان مامەڵەی دروست لە لایەن حکومەتی عێراقەوە نەکراوە، ڕۆژانە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێیەوە هەرێمی کوردستان بە تۆپ و ڕۆکێت و فڕۆکە و درۆن بۆردومان دەکرێت و هاووڵاتیانی سڤیلی کوردستان دەبنە قوربانی، هەڵوێستێکی جدیمان لە حکومەتی فیدراڵی نابینین، بەڵام دوو ساڵ پێش ئێستا لە ناحیەی «دەرکار» سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و لە یەکێك لە هاوینە هەوارەکانی ئەو دەڤەرە

**ئەگەر بە ویژدانەوە سەیری بکەین، دەکرێت بڵێین «بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق» قەرزاری هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانە**

هێزەکانی تورکیا ئەو هاوینەهەوارەیان بۆردومان کرد و ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی سڤیل کە لە پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتبوون، بەداخەوە لەو بۆردومانەدا شەهید و بریندار بوون، لە بەرانبەردا حکومەتی فیدراڵی جیا لەوەی زۆر بە توندی سەرکۆنەی کرد و نارەزایی خۆی گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەغداش باڵیۆزی تورکیا بانگهێشت کرا و یاداشتنامەیەکی زۆر توندی ئاراستە کرا، ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەڵوێستمان وەك حکومەتی فیدراڵی بوو، بەڵام بۆچی حکومەتی فیدراڵی لەسەر شەهیدبوونی هاووڵاتیانی سڤیلی کوردستان هەمان هەڵوێستی نییە، کە بۆ شەهیدبوونی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور هەیبوو، ئەمە لەکاتێکدا هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بەشێکن لە عێراق و دەکەونە بەر هێرشی تورکیا و ڕۆکێتی ئێران و کۆرپەی تەمەن نۆ مانگی تێدا شەهید دەبێت.

**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان چەندین مانگ لە بەغدا مانەوە، بۆ ئەوەی دەستوورێکی وا بنووسنەوە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستووره عێراقێک بونیاد بنرێتەوە**

هۆکاری ئەوەی کە عێراق لە دوای پەسەندکردنی دەستوورەکەی بە ئاراستەی دەستووری هەنگاوی نەناوە، بە تێڕوانینی ئێمە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد و سوننە و شیعە) ئەم دەستوورەیان وەك دەستووری دەوڵەتێکی (فیدراڵی، فرەیی، پەرلەمانی، دیموکراتی) وەرنەگرت، بەوەی خەمی سەرەکییان ئەوە بێت ئەم دەوڵەتە بە دروستی بونیاد بنرێتەوە، بەڵکو هەر پێکهاتەیەك لە ڕوانگەی مافەکانی خۆیەوە سەیری ئەو دەستوورەی کرد. لەمەدا لەوانەیە هەرێمی کوردستان بەشی خۆی ڕەخنەی بەر بکەوێت، لەبەر ئەوەی نوێنەرەکانی هێندەی باسیان لە مافەکانی گەلی کوردستان لە ناو دەستوورەکەدا دەکرد، هێندە بایەخیان بە بونیادنان و دامەزراندنی هەیکەلەی دەوڵەتە فیدراڵییەکە و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی نەدا. لە عێراق نە بە ئاراستەی دەوڵەتی «هاووڵاتیبوون» نە بە ئاراستەی دەوڵەتی دەستووری هەنگاوی پێویست نەنراوە، تا ئێستا مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ سرووشتی پێکهاتە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراق (کورد، سوننە، شیعە) لە پێوەندی لەگەڵ بونیادنانی دەوڵەت لە عێراق نەکراوە.



لەبەر ئەوەی کاتێك سەیری ئاکامی هەموو ئەو هەڵبژاردنانە دەکەین کە لە دوای ٢٠٠٣ تا ئێستا لە (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان) ئەنجام دراون، ئەوەمان پێ دەڵێت «هیچ پێکهاتەیەك لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دەنگ نادات بە لیستێك، یان بە کاندیدێك، بەڵکو لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبی دەنگ دراوە»، ئەمە حەقیقەت و تابلۆی واقیعی عێراق نیشان دەدات. ناکرێت ئەم واقیعە فەرامۆش بکرێت و خۆمان هەڵبخڵەتێنین، بەڵکو دەبێت دیراسەتی لەسەر بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. بە تێگەیشتنی ئێمە ئەم واقیعە لە چوارچێوەی عێراقدا تەنیا بە ڕێگەی چەسپاندنی فیدراڵی چارەسەر دەبێت، کە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و پێکهاتە جیاوازەکان هەر یەکەیان لە هەرێمێکی فیدراڵدا کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێت.

عێراق پێویستی بە چارەسەری ڕیشەیی هەیە، ١٠٠ ساڵە ئەزموونی فاشیلی دیکتاتۆریەت و سەنتراڵیزمی تێدا تاقی دەکرێتەوە، ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین. بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم تەنیا چارەسەر بونیادنانی دەوڵەتێکی ڕاستەقینەی فیدراڵییە، لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە فیدراڵییەدا، بەهێزبوون و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان هەڕەشە نییە بۆ سەر یەکگرتوویی عێراق، فیدراڵی هەڕەشە نییە بۆ سەر عێراق، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هەڕەشەی ڕاستەقینە بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق، گەڕانەوەیە بۆ عەقڵییەتی سەنتراڵیزم و دیکتاتۆری کە بێجگە لەوەی مێژووە خوێناوییەکەی ڕابردوو جارێکی دیکە دووبارە دەکاتەوە، عێراقیش هەرگیز ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.



د.ئەیاد عەنبەر

ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کووفە:

# ئەگەر بیر لە چارەسەری کێشەکان نەکەینەوە ئەوا دەیەیەکی دیکەش دێینەوە و هەمان قسەی ئێستا دەکەینەوە

د.ئەیاد عەنبەر پرۆفسیۆری یاریدەدەرە لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی کووفە و ڕاوێژکاری کورسیی یونسکۆیە بۆ دیالۆگی نێوان ئایینەکان لە زانکۆی کووفە، هەروەها نووسەری سیاسییە لە وێبسایتی کەناڵی حورە و ڕۆژنامەی لیوا، هاوکات ئەندامی هەریەک لە «کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی عێراق و دەستەی کارگێڕیی کۆڕبەندی نیشتمانییە بۆ توێژینەوەی هزری و ڕۆشنبیری» و خاوەنی چەندین توێژینەوەی زانستییە لەوانە (ئیشکالییەتی نەبوونی فەلسەفەی سیاسی لە بونیادی دەوڵەتی عێراق لە دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠١٤)، هەروەها یەکێکە لەو کەسایەتییە دیارانەی کە بەردەوام لەسەر ئاستی کەناڵە عەرەبییە نێودەوڵەتییەکان و کەناڵە عێراقییەکان دیدار و چاوپێکەوتنی سیاسیی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت. لە گفتوگۆی ئەم جارە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) لەسەر بنەمایەکی ورد و زانستییانە بەم جۆرە بیر و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.

زۆر سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە ئێمەی بۆ ئەم گفتوگۆیە بانگهێشت کردووە، بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەین.سەرەتای قسەکانم بە وتەی سیاسییەکی ئەڵمانی (کارڵ شمیست) دەست پێدەکەم کە دەڵێت: «سیاسەت بە پرەنسیپێك دیاری دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کێ دۆستە و کێ دوژمنە».

نامەوێت زێدەڕۆیی بکەم، کاتێك باس لە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، هەروەها پەیوەندیی سیاسیی نێوان هەولێر و سلێمانی دەکەم، ئەوا تا ئاستێکی بەرز باشە و هیچ کێشەی تێدا نییە، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نییە و دەبینین لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی دیکەیە، با سەیری هەڵوێستی کۆمەڵگەی شیعە بکەین لەسەر ئاستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لانیکەم دەبێتە هۆکارێك بۆ دەرکەوتنی ڕای گشتی، با بپرسین: کاتێك لەلایەن ئێرانەوە بە ڕۆکێت لە هەولێر درا، کێ زۆر لەگەڵ ئەم کارەساتەدا تەفاعولی کرد؟ بێگومان هەموو عێراقییەکان سەرکۆنەی ئەم کارەیان کرد، کە ئەمە کارێکە و پێشێلکارییە بۆ سەروەریی عێراق، بێجگە لەچەند کەسێکی نەشاز نەبێت کە ئەجیندای خۆیان هەیە.

لەوانەیە هەولێر و کوردستان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش توانیبێتی ئەو ڕووداوە تێپەڕێنێت، بەوەی هیچ شتێك لە هەرێم ڕانەوەستا و ژیان هەر بەردەوام بوو، بۆیە ئەو دەنگانەشی کە بەرگرییان لەو هێرشە دەکرد، کەم بوونەوە، کە دەکرێت بڵێین بوونە دەنگی نەشاز.

هەڵسەنگاندنی ئەدای هەرێمی کوردستان لەسەر ناوچەکە، وای دەبینم هەرێم پێویستی هەڵسەنگاندنی زۆر نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەرێم خاوەنی چەندین کەناڵی فەرمی و نافەرمیی پەیوەندییە، تەنانەت لەسەر ئاستی بازرگانی و وەبەرهێنان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ژینگەیەکی سەقامگیری فەراهەم کردووە، دەتوانین بڵێین هەرێم زۆر لە بەغدا باشترە و وەبەرهێنەران دەیانەوێت زیاتر ڕوو لە هەرێم بکەن، لەبەر ئەوەی لە هەرێم سەرچاوەیەکی بڕیاری ناوەندی هەیە کە وەبەرهێنەر دڵنیا دەکاتەوە لە کارکردن، بەڵام لە بەغدا سەرچاوەیەکی فرەیی بڕیار هەیە کە وەبەرهێن نازانێت لەگەڵ کێ مامەڵە دەکات، جارێك لەگەڵ حکومەت، جارێکی دیکە لەگەڵ گرووپێکی چەکداری و میلیشیا، ژینگەی هەرێمیش وای کردووە کە کەرتی وەبەرهێنانی لە بەغدا سەرکەوتووتر بێت.

ئەگەر بمانەوێت بڵێین: ئایا کوردستان جۆرێك لە گرژیی هەرێمیی هەیە؟ لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین بەڵێ، گرژی هەیە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئاستی دابڕان و داخرانی تونێلەکە و توانیویەتی ئەو گرژییانە لەگەڵ ئێران و تورکیا بە دیاریکراوی و تەنانەت لەگەڵ سووریاش جڵەوگیر بکات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان قۆناغی باشی بڕیوە، بەتایبەتی سوودێکی زۆری لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراق و نێردە دیپلۆماسییەکاندا وەرگرتووە و ئەمە وای کردووە، لە کایەی دیپلۆماتیدا ئامادەبوونی هەبێت و سوود لەم پرسە وەربگرێت، پێم وایە لۆبیی کوردی لەم پرسەدا لەبەرچاوە، بەتایبەتی لە ئەمریکا و بەریتانیا و ئەوروپا، بەتایبەتیش کە لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەو وڵاتانەدا هەیە.

ئەوەی دەمێنێتەوە لەم پرسەدا کێشەی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ عەرەبی عێراق، سەبارەت بەم کێشەیە دەتوانین بڵێین ئەم کێشەیەش بوونێکی ئەوتۆی نییە، لەبەر ئەوەی کوردستان زۆرترین دەروازەیە بۆ عێراقییەکان لەسەر ئاستی گەشتیاری، بەتایبەتی کە عەرەبی عێراق ڕوودەکە ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) ئەوا نەك کێشە نییە، بەڵکو عەرەبی عێراق لە ڕێگەی گەشتیارییەوە بوونە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان. ئەمە وێڕای ئەو ئاستەنگانەی شێخ ئیبراهیم دلێمی ئاماژەی پێکرد لە بازگەکان، بەڵام وەك دەبینین بازگەکان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش کێشە دروست دەکەن، کە ئەمەیان زۆر کێشە نابێت.

**لەسەر ئاستی بازرگانی و وەبەرهێنان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ژینگەیەکی سەقامگیری فەراهەم کردووە، دەتوانین بڵێن هەرێم زۆر لە بەغدا باشترە و وەبەرهێنەران دەیانەوێت زیاتر ڕوو لە هەرێم بکەن**

**لە بەغدا سەرچاوەیەکی فرەیی بڕیار هەیە کە وەبەرهێن نازانێت لەگەڵ کێ مامەڵە دەکات، جارێک لەگەڵ حکومەت، جارێکی دیکە لەگەڵ گرووپێکی چەکداری و میلیشیا**

**لە سیاسەتی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ئاستێکی کامڵبوونی سیاسی دەبینین کە زۆر لە پێشان باشترە، ئەم سیاسەتە کامڵە بە شێوەیەکی لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ تەنگژە و کێشەکان دەکات**

**هەڵوێستی سەرۆک وەزیران سوودانی لەسەر لێدانی هەولێر زۆر توند بوو، بەڵام واقیعەکەش ئەوەیە کە ناتوانێت بە دەوڵەتی ئێران بڵێت بۆچی بۆردومانی هەولێر دەکەن، ئەمە واقیعێکە دەبێت لێی تێبگەین چۆنە**

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمەی دەستەبژێر و سیاسەتمەداری ژیر، پردەکان دروست بکەینەوە، یان بەجێی بهێڵین بۆ ئەوەی ئەقڵە بچووکەکان چاڵەکان قووڵتر بکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: لە سیاسەتی ئێستای هەرێمی کوردستاندا ئاستێکی کامڵبوونی سیاسی دەبینین کە زۆر لە پێشان باشترە، ئەم سیاسەتە کامڵە بە شێوەیەکی لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ تەنگژە و کێشەکان دەکات، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا پێشتر لە ئۆپۆزسیون بوون و لەگەڵ سەرکردایەتیی کوردستان باشتر یەکتریان دەناسی و خاڵی هاوبەشی زۆریان پێکەوە هەبوو، بەڵام کێشەکان بە باشی چارەسەر نەدەکران، بەڵام لەم قۆناغانەی دواییدا، بەتایبەتی دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی، دەبینین زۆر ئاستەنگ بە ڕێگەی گفتوگۆ چارەسەر دەکرێت و تێدەپەڕێندرێت.

لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە دوور بکەینەوە لەو ئاراستەیەی کە بمانەوێت لەسەر بنەمای دژایەتیی کورد خۆمان بکەینە پاڵەوانی ناو کۆمەڵگەی شیعە و پەنا بۆ ئەو گوتارە ببەین و بڵێین هاووڵاتیانی شیعە ئەوە هەرێمی کوردستانە کە بەشەکەی ئێوە دەبات، یان لایەنێکی سیاسیی کوردی بۆ ئەوەی خۆی بکاتە پاڵەوانی کورد، بێت و بڵێت ئەوە ئێمە لێمان دەدرێت و بەغدا بەرگریمان لێ ناکات، بەڵام لە ڕاستیدا وەك بینیمان هەڵوێستی سەرۆك وەزیران سوودانی لەسەر لێدانی هەولێر زۆر توند بوو، بەڵام واقیعەکەش ئەوەیە کە ناتوانێت بە دەوڵەتی ئێران بڵێت بۆچی بۆردومانی هەولێر دەکەن، ئەمە واقیعێکە دەبێت لێی تێبگەین چۆنە.

**لە ئێستادا عێراق دەوڵەتێکی فشۆڵە (دولة هشة)، گەورەترین کێشەی دەوڵەتی فشۆڵیش دەستتێوەردانی دەرەکییە، ئەم فشۆڵییەی دەوڵەت لە سەردانی شاندەکان بۆ عێراق بە ئاشکرا دەبینین**

لەسەر ئاستی پراکتیکی دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئێستادا عێراق دەوڵەتێکی فشۆڵە (دولة هشة)، گەورەترین کێشەی دەوڵەتی فشۆڵیش دەستتێوەردانی دەرەکییە، ئەم فشۆڵییەی دەوڵەت لە سەردانی شاندەکان بۆ عێراق بە ئاشکرا دەبینین. هەر بەرپرسێکی بیانی بێتە عێراق تەنیا لەگەڵ سەرۆك وەزیران کۆنابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، لەگەڵ شێخ خەمیس خەنجە و محەمەد حەلبووسی دیداری دەبێت، ئەمەش سیمای فشۆڵیی دەوڵەت بەرجەستە دەکات.

بۆیە ئەرکی گرنگی سەرشانی هەموومان ئەوەیە کار بکەین بۆ ئەوەی بە هەر ڕێگەیەك بێت فشۆڵیی دەوڵەت تێپەڕێنین، ئێستا نەوەیەك لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق گەورە بووە، هەروەك چۆن لە کوردستانیش هەیە، پێی بڵێیت مانەوەی هەرێمی کوردستان گرنگە، پێت دەڵێت هەرێمی کوردستان بمێنێ، یان نەمێنێ چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟ ئەمەش مانای ئەوەیە گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری نائومێدی کردووە. ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستانیش هەیە، من بەشداریم کردووە لە کۆڕ و کۆنفرانسەکانی زانکۆی سلێمانی و لەگەڵ ئەو نەوە تازەیە قسەم کردووە، باسی هەندێك مەسەلەیان لەگەڵ دەکەیت، ئەسڵەن هەر لێی تێناگەن. ئەم تێنگەیشتنە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە ئێوە لە کوردستان بایەخ بە بوونی پۆستی سەرۆك کۆمار نادەن و تەنانەت سەرکردەیەکی گەنجیش بۆ ئەو پۆستە کاندید ناکەن، هەتا بتوانێت لەو پۆستە گرنگەدا ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و شکۆ بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار بگێڕێنەوە.، بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمارێکی ڕاستەقینە بێت نەك تەنیا دیکۆر بێت، بۆیە ئەگەر بەم جۆرە بیر لە پۆستی سەرۆك کۆمار بکەنەوە و بایەخی پێ نەدەن، ئەوا لە خولەکانی داهاتوودا ئەم پۆستە لە لاوازترین حاڵەتی خۆیدا دەبێت.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو کاتێك کورد هاتنە بەغدا بە ئامانجی نووسینەوەی دەستوور و پێداگیرییان لە پۆستی سەرۆك کۆمار کرد، بۆ ئەوە نەبوو کە ئاوا ئیهمال بکرێت، لاوازبوونی پۆستی سەرۆك کۆمار پێش هەر لایەك زیان بە خودی کورد دەگەیەنێت.

لێرەوە دێینە سەر ئەوەی چی بکەین بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەین؟ بە بڕوای من گرنگە ئاماژە بە چەند خاڵی سەرەکی بکەین:

- گرنگە لەم گفتوگۆیەدا چارەسەر بخەینە ڕوو، نەك کێشەکان زیاتر ئاڵۆز بکەین. چوار خاڵی گرنگ هەیە، دەبێت دیاری بکەین بۆ ئەوەی لەسەر چارەسەری ڕێك بکەوین، کە بریتین لە:

یەکەم: پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك.

دووەم: شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.
سێیەم: کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان.
چوارەم: کێشەی نەوت و گاز.

ئەم چوار کێشەیە نە پەیوەندیی بە هاووڵاتیانەوە هەیە و نە هیچ هاووڵاتییەکیش توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی هەیە. ئەوەی دەتوانێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات، خودی سیاسەتمەدارەکانن، ئەوجا ئەگەر بیانەوێت چارەسەری بکەن، دەتوانن چارەسەری بکەن، بەڵام ئەگەر نەشیانەوێت، ئەوە پەندێکمان لە باشوور هەیە دەڵێت «یتونس بها»، ئەوا وەك دەبینین، پەیوەندییەکان هەر گرژیان تێدا دەبێت، ناوچە کێشە لەسەرەکان بەتایبەتی شنگال ئاسایی نابێتەوە، کەرکووکیش وەك ئێستا هەر بێ پارێزگار دەبێت و، وەك دەبینین هەڵبژاردن کرا، بەڵام هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەب و تورکماندا نییە بۆ ئەوەی لەسەر پارێزگارێك بۆ کەرکووك رێك بکەون.

کاتێك دادەنیشین بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەربکرێن، بەتایبەتی کێشەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، دەبینین هەمان ئەو قسانە دووبارە دەکرێنەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ کردوومانن، دەڵێن کوردستان زیاتر لە هەقی خۆی پێ دەدرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نەهاتووین ئەم کێشەیە لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکەین.

کێشەی نەوت و گازیش بە هەمان شێوەیە، لەم کێشەیەدا دادگای فیدراڵی هاتە ناوەوە و بەو جۆرە یەکلای کردەوە کە خۆی دەیبینێ، بەڵام لایەنە سیاسییەکان هاتن بە رێککەوتنی سیاسی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، بەڵام ئەم پرسە بە رێککەوتنی سیاسی چارەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەم پرسە گرنگە بە میکانیزمی یاسایی چارەسەر دەبێت، رێککەوتنی سیاسی ملکەچیی مەزاجی سیاسییەکانە ئەمڕۆ رێك دەکەون، سبەی یەکێکی دی دێت و هەڵیدەوەشێنێتەوە.

چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بەو لۆژیکەیە کە بەڕێزان مەسعود بارزانی و سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سوودانی لە چارەسەرکردنی چۆڵکردنی بارەگایەك لە کەرکووك گرتیانە بەر، ئەوە بوو دادگا هاتە سەرخەت، بینیمان چۆن چارەسەری کرد، بەڵام محەمەد شیاع سوودانی بە ئەرێنی هاتە سەرخەت و بارەگاکەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان چۆڵ کرد، دوای ئەویش بەڕێز مسعود بارزانی ئەم بارەگایەی پێشکەشی زانکۆی کەرکووك کرد. ئەمە نموونەیەکی بەرز و جوانە، ئەگەر بەم لۆژیکە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەین، ئەوا چارەسەری کێشەکان قورس نابن، بەڵام ئەگەر بە خۆبەزلزانین مامەڵە بکەین و بڵێین ئەمە زیانی بۆ کورد، یان شیعە هەیە، یان وەك نوێنەرمان هەیە لە باشوور بە خەڵك دەڵێن ئەگەر فلان کار بکەین، ئەوە تەنازولە و خیانەتە کە ئێمە دەیکەین، ئەوا ناگەینە چارەسەر.

بۆیە لێرەوە جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، ئایا ئێمە پردەکانی پەیوەندی دروست بکەینەوە و کێشەکان چارەسەر بکەین، یان بەجێی بهێڵین بۆ ئەقڵە بچووکەکان و ئەوان چاڵەکان قووڵتر بکەنەوە؟ یان ئەرکی ئێمەیە کێشەکان بچووك بکەینەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە یان ئاڵۆزتریان بکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە دەبێت سەرکردەکان بێنە سەرخەت و جەخت لەسەر چارەسەری یاسایی بکەنەوە. کێشەی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان زۆر گرنگە، دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی کورد و عەرەب هەست بکات لەو داهاتەدا هاوبەشە و دەبێت سەرکردایەتیی سیاسیی عێراقی شان بداتە بەر بەرپرسیارێتییەکان.

لە ئێستادا هەست دەکرێت لەسەر ئاستی میللی هاوبەشیی زۆر لە نێوان عێراقییەکاندا هەیە، ئێستا بەهێزترین وەبەرهێنی کورد کە ئەحمەد ئیسماعیلە لە بەغدایە و وەبەرهێنان لە کاربادا دەکات. وەبەرهێنەرانی کورد وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی باشوور دەکەن، بە هەمان شێوە لە زۆر شوێن کوردی لێیە و بەرپرسی عەرەب فەرمانڕەوایی دەکات و پەسەندیشە.

بۆیە گرنگە زەمینەی چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بکەین، ئەوەی ئەم زەمنیەیە دەڕەخسێنێت، خستنەڕووی چارەسەرە بۆ کێشەکان، دروستکردنی دید و بۆچوونی هاوبەشە بۆ ئایندە، ئەگەر بیر لەچارەسەری کێشەکان نەکەینەوە، ئەوا دەیەیەکی دیکەش دێینەوە و هەمان قسەی ئێستا دەکەینەوە.

**چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بەو لۆژیکەیە کە بەڕێزان مسعود بارزانی و سەرۆك وەزیران محەمەد شیاع سوودانی لە چارەسەرکردنی چۆڵکردنی بارەگایەك لە کەرکووك گرتیانە بەر**

**بۆیە گرنگە زەمینەی چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بکەین، ئەوەی ئەم زەمنیەیە دەڕەخسێنێت، خستنەڕووی چارەسەرە بۆ کێشەکان، دروستکردنی دید و بۆچوونی هاوبەشە بۆ ئایندە**



**پ.د.عوسمان عەلی**

سەرۆکی ڕێکخراوی تاسک بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی:

# کە دەوڵەت فشۆڵ بوو، دەوڵەتانی هەرێمی لە گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دەستتێوەردان دەکەن

**پ.د. عوسمان عەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی تاسك بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و پسپۆڕە لە پەیوەندییەکانی دەرەوە. یەکێکە لە ئەکادیمستە دیارەکانی هەرێمی کوردستان و چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی هەیە و وەك پسپۆڕ و تایبەتمەندێك لە بوارەکەی خۆی قسە لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان دەکات و، واقیعییانە و بە دیدێکی ڕەخنەیی هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوەکان دەکات. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

من وەك ئەکادیمیستێك قسە دەکەم. بۆیە تا ڕاددەیەك قسەکانم ڕاشکاو و واقیعییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق گەیشتووەتە قۆناغێك لە قۆناغەکان کە پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، بەڵام گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەی بێ خاترگرتن.

سەرەتا و پێش هەرشتێك، ئەو برایەی ئەم گفتوگۆیە بەڕێوە دەبات، پرسیارێکی وورووژاند بەوەی «ئایا گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ بە دیهێنانی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان سەرکەوتوو بووە؟» بە داخەوە دەڵێم: نەخێر، سەرکەوتوو نەبووە، بێگومان کەواش دەڵێم گەلی کوردستان دەزانن بۆ دەڵێم: نەخێر، لەبەر ئەوەی هەندێك شت ڕوویان داوە، کە ئێمە لە هەرێم هەست دەکەین لە هەموو لایەنێکەوە بە جۆرێك گەمارۆ دراوین، بەڵام وێڕای ئەم هەستکردنەشمان دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە بێجگە لە گفتوگۆ

هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەمان نییە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی مێژوو سەلماندوویەتی کە ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق هەرچی چەکی قورسیان هەبووە، بە چەکی کۆکوژیشەوە هەر لە حکومەتەکەی یاسین هاشمی تا حکومەتی سەدام حسێن لە دژی گەلی کوردستان بەکاریان هێنا، ئەمەش بەو مانایەی بەو جۆرە سەیری کێشەی کوردیان دەکرد، وەك ئەوەی نەخۆشییەك یان سەرەتانێکە و دەبێت بە هەر نرخێك بێت، لە جەستەی عێراق جیا بکرێتەوە و هەموو ماف و ئومێدەکانی گەلی کوردستان سەرکوت بکرێن.

لەناو بەشێك لە ئەقڵییەتی دەستەبژێری عێراقیدا دۆزی کورد وەك پیلانی دوژمنەکانی عێراق بۆ دابەشبوونی عێراق سەیر دەکرا. لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەوا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بەشێك نەبێت لە دەوڵەتی عێراق، لەبەر ئەوەی کاتێك حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا، هێشتا دەوڵەتی عێراق دانەمەزرابوو. هەر بۆیە ئەگەر گەلی کوردستان بیەوێت سەربەخۆ بێت، ئەمە جیابوونەوە نییە لە عێراق، بەڵکو لەوانەیە لە بەرژەوەندیی عێراقیش بێت و لەگەڵ ئەم قەوارە کوردییە دەکرێت بە ئاشتی و سەقامگیری بژی. ئەم بۆچوونەی دەیخەمە ڕوو، مانای ئەوە نییە بانگەشە بۆ سەربەخۆیی دەکەم کە مافی ڕەوای گەلی کوردستانە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهاندا کۆمەڵێك فیدراسیۆن و یەکێتی لەنێوان دەوڵەتەکان هاتووەتە ئاراوە، هەر بۆ نموونە وەك «یەکێتیی ئەوروپا، یەکێتیی ئەفریقیا، یەکێتیی ئەمریکای لاتینی» ئەم یەکێتی و فیدراسیۆنانە کە هەر یەکەیان ژمارەیەك دەوڵەت لەخۆی دەگرێت، توانیویانە پێکەوە بژین.

بە دانپێدانانی زانای سیاسیی ئەمریکی «ساموئیل هنتگتن» (ململانێی شارستانییەکان) دەست پێدەکات، کە ئەمەش واتە نەمان و سڕینەوەی سنوورەکان، نەمانی ئایدیۆلۆژییەکان، چونکە ململانێیەکان لە قووڵایی شارستانیەتەکانەوە هەڵدەقوڵێن، بەڵام با سەرنج بدەین، ئێمە لە عێراقین وەك بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کورد، عەرەب، تورکمان، کریستیان، ئێزدی، ئیسلام بە سوننە و شیعە) سەدان ساڵە پێکەوە دەژین. ئەگەر بە درێژایی مێژووی ئیسلام شاڵاوێکی ڕێکخراو هەبووایە بۆ کۆمەڵکوژیی گەلی کوردستان وەك ئەو شاڵاوە ڕێکخراوانەی بینیومانە لە دوای ئەوەی پێی دەڵێن دەوڵەتی قەومی «Nation State»، ئەوا نە گەلی کورد و نە کریستیان و ئێزدی و ئایین و نەتەوەکانی دیکەش لە کوردستان نەدەمان. ئێمە لەم قۆناغەدا هەموو گەلانی عێراق بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە یەك چارەنووسی هاوبەشمان هەیە و دەبێت لەسەر ئەو چارەنووسە هاوبەشە بەرنامە و پلانمان هەبێت و لەسەری ڕێك بکەوین لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە و ئاشتییانەدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو بەربەستانە چین کە دەبنە ڕێگر بۆ گفتوگۆیەکی کراوە؟ پێش هەمووشت وەك ئاماژەیان پێکرد، گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم گفتوگۆیەکی کراوەدا «فشۆڵیی دەوڵەت- Fragile State»، کە دەوڵەتیش فشۆڵ بوو، ئەوا دەوڵەتانی هەرێمی لە گفتوگۆی نێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراقدا دەستتێوەردان دەکەن، لە گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دەستتێوەردان دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتانی دەورداوسێی عێراق خۆشیان کێشەی کوردیان هەیە، هەر بۆیە بەو جۆرە سەیری بوونی هەرێمی کوردستانێکی سەرکەوتوو و پێشکەوتوو و دیموکراتی دەکەن کە بوونی ئەم هەرێمە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و بەم جۆرە لێی دەڕوانن.

خاڵێکی دیکە بەداخەوە بەشێك لە دەستەبژێری عەرەبی عێراقە کە «دیلی ڕابردوون» و گرێیەکیان هەیە بەوەی عێراق هیچ بەدیلێکی نییە، بێجگە لە دیکتاتۆرێکی بەهێز و دەسەڵاتێکی سەنتراڵی تەنیا چارەسەرە. بەڵام ئەگەر سەرنج لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی گەلانی جیهان بدەین، بزانین چۆن چارەسەری کێشەی فرەیی نەتەوەییان کردووە، ئەوا دەبینین، هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان توانیویانە کێشە ئیتنی و مەزهەبییەکانیان بە ڕێگەی «سیستمی لامەرکەزی- Decentral-ization» و دیموکراتییەوە چارەسەر بکەن. ئەم جۆرە سیستەمە لە سویسرا هەیە، کە سیستمێکی

**ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق هەرچی چەکی قورسیان هەبووە، بە چەکی کۆکوژیشەوە هەر لە حکومەتەکەی یاسین هاشمی تا حکومەتی سەدام حسێن لە دژی گەلی کوردستان بەکاریان هێنا**

**گەلی کوردستان مافی خۆیەتی بەشێک نەبێت لە دەوڵەتی عێراق، لەبەر ئەوەی کاتێک حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا، هێشتا دەوڵەتی عێراق دانەمەزرابوو**

**بە دانپێدانانی زانای سیاسیی ئەمریکی «ساموئیل هنتگتن» (ململانێی شارستانییەکان) دەست پێدەکات، کە ئەمەش واتە نەمان و سڕینەوەی سنوورەکان، نەمانی ئایدیۆلۆژییەکان، چونکە ململانێیەکان لە قووڵایی شارستانییەتەکانەوە هەڵدەقوڵێن**

**ئێمە لەم قۆناغەدا هەموو گەلانی عێراق بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە یەک چارەنووسی هاوبەشمان هەیە و دەبێت لەسەر ئەو چارەنووسە هاوبەشە بەرنامە و پلانمان هەبێت**

دیموکراتی تەوافوقییە، چەند گەلێك پێکەوە لەناو یەك وڵاتدا دەژین.


ئەم سیستمی دیموکراتیەتی تەوافقییە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا تەبەنی کراوە، ئەم دەستوورەش و سەرجەم دەستوورەکانی جیهان پێویستی بە متوربەکردن و دەوڵەمەندکردن و چاککردنە، ئەگەر پێویستی بوو.

ئەم حاڵەتە فەرزی دەکات کە دەستەبژێری عەرەبی عێراق خۆیان لەو گرێیە ڕزگار بکەن کە پێیان وایە «ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی» هەنگاوێکە بۆ جیابوونەوە لە عێراق. بێگومان ئەمەی کە دەڵێم چنراوی خەیاڵ نییە، بەڵکو چەندین لێدوان هەیە کە دواییینیان لێدوانی بەڕێز فائق زێدانی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی عێراقە کە دەڵێت: «ئەو دەستوورەی کە بانگەشە بۆ فیدراڵی دەکات، پێویستی بەوەیە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. واتە هەموار بکرێتەوە». پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەدیلی فیدراڵییەت چییە. بێگومان گەڕانەوەیە بۆ سەنترالیزم و گەڕانەوەیە بۆ دواوە. ئەمە لە کاتێکدا ئەزموونی نەتەوەکانی دیکە پێمان دەڵێن، چارەسەر هەیە بۆ کێشە ئیتنی و مەزهەبییەکان، ئەو دەوڵەتانەی بەدەست ئەم کێشانەوە ناڵاندوویانە، پەنایان بۆ سیستەمێك بردوو کە ناوەکەی «دادپەروەریی حوکمڕانیی قۆناغی ڕاگواستن»ـە. ئەم سیستمە لە کەمبۆدیا و باشووری ئەفریقیا پیادە کراوە، ئەمە بەو مانایەی زۆڵملێکراو پەنا بۆ تۆڵەسەندنەوە نابات، بەڵکو ددان بە مافەکانیدا دەنرێت.

**چارەسەر هەیە بۆ کێشە ئیتنی و مەزهەبییەکان، ئەو دەوڵەتانەی بەدەست ئەم کێشانەوە ناڵاندوویانە، پەنایان بۆ سیستەمێک بردوو کە ناوەکەی «دادپەروەریی حوکمڕانیی قۆناغی ڕاگواستن»ـە**

لە دەستووری عێراقیشدا ماددەی ١٤٠ و ماددەکانی دیکەی هاوتای ئەو سیستمەیە، ئەو زوڵمەی لەسەر گەلی کوردستان بووە، ئەو زۆڵمە هەڵدەگیرێت و بەمەش ئەو گرێیە کۆتایی دێت، بەڵام ڕاشکاوانە دەڵێم ماددەی ١٤٠ بووە ماددەیەك کە سەردەمی بەسەر چووە، ئەمەش ئەقڵییەتێکی ترسناکە و مانای ئەوەیە گەڕاینەوە بۆ ئەقڵییەتی دەسەڵاتێك کە بڕوای بە توانەوە هەیە.

باس لەوە کرا کە ئێستا لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دامەزراوەی دیموکراتی نییە و دیدێکمان نییە بەوەی چۆن مامەڵە بکەین. من دەڵێم: ئێستا لە هاوپەیمانیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو تێڕوانین



هەیە، تێڕوانینێك بڕوای بەوەیە کە دەبێت هەرێم بەشێك بێت لە بەرەی مقاوەمە، تێڕوانینێکی دیکە بڕوای بەوەیە کە پێویستە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا بێت، ئەم دابەشبوونە، یان بوونی دوو تێڕوانین خراپە و دەبێت لە حکومەتی هاوپەیمانیدا، یەك بەرنامە و یەك تێڕوانین هەبێت.

دوایین بابەت کە لەسەری ڕادەوەستم، ناونیشانی ئەم گفتوگۆیەیە، ئەویش مامەڵەی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی داهاتوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەیە، ئایا دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئۆپەراسیۆنە بکات؟

من بڕوام بەوەیە کە تورکیا داوا دەکات وەك ئێران مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت سنوورەکانی هەرێم دابخرێن لە بەردەم ئەو گرووپە چەکدارانەی هێرش دەکەنە سەر تورکیا و دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا، بۆ ئەمە دەبێت هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقیدا هەبێت.

لێرەدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان تێڕوانینێکی هەبێت سەبارەت بەو ڕووداوەی بەم نزیکانە ڕوودەدات، ئەمە پێویستی بە جۆرێك لە تێڕوانینی هاوبەش هەیە لەنیوان هەولێر و بەغدا.

لەم گفتوگۆیە ئاماژە بەوە کرا کە مافی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە داوا بکات هەرێمی کوردستان نەبێتە پەناگەیەك بۆ ئەو گرووپە چەکدارانەی دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەی، لە بەرانبەردا هەقە داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێت، دەستبەرداری ئەو ئەقڵییەتە بێت کە پێی وایە هەرێمی کوردستان ئیسرائیلی دووەمە، کە ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیدا بوونی هەیە.

لە دوماهیدا دووبارەی دەکەمەوە، بێجگە لە گفتوگۆ هیچ بژارەیەکی دیکە لە بەردەم گەلی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەلتەرناتیڤی گفتوگۆ هەر گفتوگۆیە، ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو پێیان گوتین کە بارودۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمی ڕێگا نادەن کیانێکی سەربەخۆی کوردی بوونی هەبێت.

**هەقە داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێت، دەستبەرداری ئەو ئەقڵییەتە بێت کە پێی وایە هەرێمی کوردستان ئیسرائیلی دووەمە، کە ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی کۆماری ئیسلامیدا بوونی هەیە**





**دڵشاد میران**

**سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی:**

# لە بەغدا پارەیان بۆ مووسڵ و ئەو ناوچانەی دیکە دەنارد کە تیرۆریستانی داعش داگیری کردبوون، بەڵام گەمارۆیان لەسەر کوردستان توندتر دەکرد

**دڵشاد میران سیاسەتمەدار و شرۆڤەکاری سیاسی، یەکێکە لە پێشمەرگە و سیاسەتمەدارە دێرینەکانی کوردستان و کاری دیپلۆماتی کردووە و ماوەیەك نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە بەغدا و، نووسەرێکی سیاسیی بەتوانا و وەرگێڕێکی کارامەیە و خاوەنی چەندین کتێبی سیاسی و کتێبی وەرگێڕدراوە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی و لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) جیا لە باسکردنی ئەزموونی خۆی لە بەڕێوەبردنی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، بەم جۆرە بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خستەڕوو.**

سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەم گفتوگۆیەی لەسەر ئەم پرسە گرنگە «مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە» ساز کردووە و نوێنەری سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانیشی بانگهێشت کردووە.

سەرەتا من لەو خاڵەوە دەست پێدەکەم کە ئاراستەی گفتوگۆکە وەری گرتووە، وەك سەرنجم دا. لەمیانەی ئەم گفتوگۆیەدا، وا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان ئارەزوومەندانە لە بەغدا دوور کەوتبێتەوە، بەڵام وەك ئێستا دەبینین، جارێکی دیکە گفتوگۆ و دانوستانەکان دەستیان پێکردووەتەوە و لێکتێگەیشتن هەیە و شاندەکان سەردانی بەغدا دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ماوەیەك نیمچە دابڕانێك لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دروست بوو؟

لەگەڵ ئەوەی کێشە و جیاوازی لەسەر تەفسیری ماددەکانی دەستوور هەیە، بەڵام بە بۆچوونی من خاڵی سەرەکی کە ئەم دابڕانەی دروست کرد، پرسی نەوت و گاز بوو، لەم پرسەشدا تەنیا کێشەکە دەرکردنی یاسای نەوت و گاز نەبوو، بەڵکو پێنج یاسا بوو کە دەبێت دەربکرێن لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی بەڕێوەبردن و بەبازاڕکردنی سێکتەری نەوت و گازی هەموو عێراق ڕێك بخرێت.

لەگەڵ ئەوەی ڕاستە کە هەندێك تەمومژ لە مادده دەستوورییەکان هەیە، بەڵام لە سێکتەری نەوت و گازدا ڕاشکاوانە هاتووە کە نابێت هیچ لایەك بە تەنیا و تاکلایەنە مونۆپۆڵی سێکتەری نەوت و گاز بکات و لە دەستووردا زۆر بە ڕوونی هاتووە کە دەبێت بە هاوکاری و پێکەوە کارکردن «عمل معاً» کار لەم سێکتەرەدا بکرێت.

ئەو کاتەی من لە بەغدا بووم، بەشداریم لە زۆر کۆبوونەوە و گفتوگۆم لەسەر ئەم پرسە کردووە. ئەوکات لەسەر «یاسای بەڕێوەبردنی دابەشکردنی داهاتەکان، یاسای پێکهێنانی دەستەی باڵای نەوت، یاسای بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت بۆ هەموو عێراق» لە کۆبوونەوە و گفتوگۆکاندا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، هەتا پارێزگاکانی باشوور کە نەوت بەرهەمدەهێنن، مافی ئەوەیان هەیە بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گاز»، ئەمەش واتە هەرێمی کوردستان، بەسرە، عیمارە، کوت، هەموو ئەو پارێزگایانەی کە بەرهەمهێنەرن مافی ئەوەیان هەیە بەشدار بن لە دارشتنی سیاسەتی نەوت بۆ هەموو عێراق.

ئەوکات و هەتا ئێستاش بیرۆکەی سەنتراڵیزم لای هەندێك سیاسیی عێراقی بووە و هەیە، بەڵام لەو ماوەیەی کە سەرقاڵی ئەوە بووین، بە هاوبەشی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی دابڕێژین، گەیشتنە کۆمەڵێك خاڵی زۆر باشی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا، ئەو ڕەشنووسە هاوبەشەی ئامادە کرابوو بۆ یاسای نەوت و گاز، ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کرا، بەڵام وەزیری نەوتی ئەو کات و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕا و لە پەرلەمانیش کە یاساکە نێردرا بۆ ئەنجومەنی شورا سەرتاپا هەموو یاساکەیان گۆڕیبوو، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی دەرچوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی پەکی بکەوێت، بووە هۆکاری ئەوەش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی خۆی مامەڵە لەگەڵ سێکتەری نەوت و گاز بکات و حکومەتی فیدراڵیش بە ڕێگەی خۆی مامەڵە بکات.

بێگومان پرسی بڕینی شایستە داراییەکانی هەرێم لە بودجەی عێراق، بووە خاڵی دابڕان لە تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، ئەوەی جێگەی پرسیار و سەرسوڕمان بوو، ئەوە بوو کە چەند مانگ پێش ئەوەی حکومەتی هەرێم نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، شایستە داراییەکانی هەرێم لەلایەن بەغداوە بڕدران، دوای ئەوەش شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشی بە دوادا هات، هەڵوێستی حکومەتی بەغداش بەرانبەر هەرێمی کوردستان زۆر نەرێنی و خراپ بوو، بەرانبەر یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە و گێڕانەوەی شایستە داراییەکان بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم هەڵوێستە خراپەی بەغدا گەیشتە ئەوەی، لە بەغدا پارەیان بۆ مووسڵ و ئەو ناوچانەی دیکە دەنارد کە تیرۆریستانی داعش داگیری کردبوون، بەڵام گەمارۆیان لەسەر کوردستان توندتر دەکرد.

ئەم بارودۆخە بەڕاستی جۆرێك لە بێ متمانەیی دروست کرد، بەتایبەتی کە دوای پرسی ڕیفراندۆمی بەدوادا هات و بەغدا بە هێزی سەربازی هێرشی کردە سەر کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە، کە بووە هۆکاری ئەوەی دابڕانێکی نیمچە تەواو لەنێوان هەولێر و بەغدا دروست بێت.

دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ بەغدا لەگەڵ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەستی پێکرد، دوای ئەویش لەگەڵ مستەفا کازمی و ئێستاش لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بەردەوامی هەیە و گەیشتووەتە ئەو ئاستەی سوپاس بۆ خوا لێکتێگەیشتنی باش لەسەر زۆرێك لە پرسەکان هەیە، بەڵام کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ ئەو سیستمە سیاسییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە ئەوەیە سەقامگیرییەکی تەواو لە سیستمەکەدا نییە.

هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆك وەزیران لەسەر ڕێککەوتن و بڕیارەکان ڕێك دەکەوێت، دەبێت بینێرن بۆ پەرلەمان، لە ناو پەرلەمان فلان لێژنە و فلان لێژنە ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن و ڕێککەوتنەکە جێبەجێ ناکرێت.

هەر بۆیە هەست دەکرێت وەك ئەوەی جۆرێك لە دابەشکردنی ڕۆڵ هەبێت، لایەك لەگەڵت ڕێك دەکەوێت و لایەکی دیکە ئاستەنگ دروست دەکات بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرێت، ئەمەش لەم پرسەدا جۆرێك لە نیگەرانی دروست دەکات و ئومێد نامێنێت کە کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر بکرێن.

**ئەو ڕەشنووسە هاوبەشەی ئامادە کرابوو بۆ یاسای نەوت و گاز، ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کرا، بەڵام وەزیری نەوتی ئەو کات و دەستتێوەردانی دەرەکی ڕۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕا و لە پەرلەمانیش کە یاساکە نێردرا بۆ ئەنجومەنی شورا سەرتاپا هەموو یاساکەیان گۆڕیبوو**

**چەند مانگێک پێش ئەوەی حکومەتی هەرێم نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، شایستە داراییەکانی هەرێم لەلایەن بەغداوە بڕدران، دوای ئەوەش شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشی بە دوادا هات، هەڵوێستی حکومەتی بەغداش بەرانبەر هەرێمی کوردستان زۆر نەرێنی و خراپ بوو**



**غەیس ئەلتەمیمی**

سەرۆکی پرۆژەی هاووڵاتیبوونی عێراقی:

# پێویستمان بە دامەزراندنی هەرێمی دیکەشە وەک هەرێمەکانی بەسرە و دیالە تا کووت

غەیس عەبدولجبار عەبدوڵڵا ئەلتمیمی سەرۆکی پرۆژەی هاووڵاتیبوونی عێراقییە و، یەکێکە لە چالاکە مەدەنی و سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە ناسراوە و، ئێستا لە بەریتانیا نیشتەجێیە، لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی بەعس یەکێك بووە لەو تێکۆشەرانەی کە چەندین جار لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە دەستگیر کراوە، لە ساڵی ١٩٩٩ لە مزگەوتێکی کوفە دەستگیر دەکرێت و ماوەی سێ ساڵ لە زیندانەکانی بەعس زیندانی دەکرێت، لە ساڵی ٢٠٠٣ و تەنیا سێ ڕۆژ پێش ڕووخانی ڕژێم جارێکی دیکە دەستگیر دەکرێتەوە و پاش ڕووخانی ڕژێم ئازاد دەکرێت. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی سیاسی دەبێتە بەشێك لە تەیاری سەدر و لە ساڵی ٢٠٠٤ دەبێتە بەرپرسی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی تەیاری سەدر. ئەم نووسەر و توێژەرەی کە پسپۆڕە لە دیراسەتی هزری ئایینی، چەند نووسین و توێژینەوەشی لەسەر پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە هەیە و بەردەوامیش لە کەناڵە عەرەبی و جیهانییەکان دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) زۆر بە وردی لەسەر کێشەکانی دەوڵەتی عێراق هەڵوەستەی کرد و بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

پێموایە قەبارەی دابەشبوون و ناکۆکییەکانی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە زۆر ئەستەمە بۆ هەر کەسێك بتوانێت سنووری کێشەکان دیاری بکات، هەر بۆیە بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ قسەکانم بکەمەوە، ئەوا لەپێشدا پرسیار لە چەمکە بنەڕەتییەکە دەکەین، پاشان دێینە سەر سرووشتی کێشەکە، کە ئەویش ئایا بیرۆکەی سەرەکیی دەوڵەتی عێراق چییە؟

کەواتە ئەگەر دەروازەی باسەکەمان ئەو پرسیارە بێت: دەوڵەت چییە؟ کە لێرەدا مەبەست دەوڵەتی عێراقە، چەمکی بنەڕەتیی دەوڵەت برتییە لە هاوبەشیی (ئاسایش، سیاسی، ئابووری، هاووڵاتیبوون، دیموکراتی، سیستمی هەڵبژاردن، دەسەڵاتی هەرێمەکان، بەشداربوون لە سیاسەتی دەوڵەتی فیدراڵی)، ئەوجا بە پشتبەستن بە یاسای سەرەکیی ساڵی ١٩٢٥ کە دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزراوە، هەروەها بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یش ئەمە مانای دەوڵەتی عێراقە .

ئەوجا ئەگەر بەپێی بنەمای یەکەم کە دەستووری ساڵی ١٩٢٥ و بەپێی بنەمای دووەم کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئەوا پێناسەی دەوڵەتی عێراق دەبێت دەوڵەتێکی (فیدراڵی، دیموکراتی، لامەرکەزی) بێت. بەپێی ئەم پێناسەیە ئەوا کوردستان دەبێتە بناغەی ئەو دەوڵەتە، چۆن؟

کوردستان بەردی بناغەی دەوڵەتە لەبەر ئەوەی کاتێك باس لە دەوڵەتی عێراق دەکەین، لەسەربنەمای دید و بۆچوونی لایەنێکی سیاسی، یان یەك پێکهاتە باسی ناکەین، بەڵکو لەسەر بنەمای دەستوور دەوڵەتی عێراق سیستمێکی فیدراڵییە، لەبەر ئەوەشی فیدراڵییە ئەوا ئێمە پێویستمان بە هەرێمێکە کە هەرێمی کوردستانە لە هەمان کاتدا پێویستمان بە پایتەخێکی فیدراڵییشە کە ئەویش بەغدایە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئاسایش، کە مەبەستم دەسەڵاتە لۆکاڵییەکانی هەرێم و پارێزگاکانە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا سەیری کوردستان دەکەین، لە چوارچێوەی ئەم هاوکێشەیەدا ئەوا هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، کێشەی هەرێم لە دەوڵەتی فیدراڵیدا و لایەنی یەکلاکەرەوە بۆ کێشەکان فەلسەفەی دەستوورە، لەبەر ئەوەی بەپێی ئەو دەستوورە ئەم هەرێمە هەیە، ئەمەش وا دەکات کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆی بێت و پایتەختەکەی هەولێرە، بەغداش پایتەختی حکومەتی فیدراڵییە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەوڵەتی فیدراڵی بە هەرێمێك و پایتەختێکی فیدراڵی کۆتایی دێت، یان پێویستمان بە هەرێمی دیکەشە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە دەدەینەوە کە پێویستمان بە دامەزراندنی هەرێمی دیکەشە، کە بریتین لە هەرێمی بەسرە و هەرێمی دیالە تا کووت، لێرە هەڵوەستە دەکەین بۆ ئەم دوو هەرێمە پێویستە:

یەکەم : هەرێمی بەسرە

ئێمە پێویستمان بەوەیە بەسرە هەرێمێکی دیکە بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی هەتا عێراقی مێژووییمان هەبێت، کە پێکهاتووە لە سەرچاوەکانی ئاو کە لە ناو ئێران و تورکیا و سووریا هەڵدەقوڵێن و لە کوردستان یەك دەگرنەوە و دێتە خوار بۆ ناوەڕاست و باشوور، ئەمە بێجگە لەوەی چیاکانی کوردستان دەبنە سپێر و قەڵغان بۆ پاراستنی سنوورەکانی عێراق، بەڵام بەسرە دەبێتە «سییەکانی ئابووری و ڕووە ئاوییەکەی عێراقی فیدراڵی» ئەمەش وا دەکات بڵێین: دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق ئابوورییەکی دەبێت کە لەسەر بەندەرە ئاوییەکانی ناوچەی کەنداو دامەزرابێت، بۆیە هەرێمی کوردستان و هەرێمی بەسرە هاوسەنگییەك بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دروست دەکەن.

هەرێمی کوردستان و هەرێمی بەسرە وەك هێڵی درێژیی عێراق هاوسەنگییەك دروست دەکات، بەڵام دیسان ئێمە لەسەر ئاستی هێڵی پانییش پێویستمان بە هەرێمێکی دیکە دەبێت کە ئەویش هەرێمێك دەبێت لە دیالە هەتا کوت درێژ دەبێتەوە .

دووەم : هەرێمی فرەیی (دیالە هەتا کوت)

ئەم ناوچەیە کە زنجیرە چیاکانی حەمرین لە باکوورەوە دەست پێدەکات و، درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە کووت و سنووری بیابانی دوورگەی عەرەبی، ناوچەیەکی فرەیی هەمەڕەنگە و ئەم هێڵی پانییە دەبێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی ئەوەی پێی دەڵێن ململانێی نێوان (شارستانی و

**لە بەرانبەر هەرێمی (دیالە و کوت) پێویستمان بە هەرێمی (ئەنبار) دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە لەم هەرێمەدا پەرە بە پیشەسازی بدەین**

**ئەوەی ئەمرۆ لە عێراق روو دەدات کەوتنە هەڵەی کودەتایەکە هەموو سەرکردەکانی عێراق بە سەرکردایەتی کوردستانیشەوە تێی کەتوون**

**بە تەوافوقی سیاسی زیاتر لە ٤٠-٥٠ یاسا دوا خراون کە یەکێکیان یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە**



بەداوە) بۆیە ئێمە پێویستمان بەوەیە کە جۆرێك لە پەیوەندیی فیدراڵی لە نێوان (دیالە و کوت) هەبێت، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی تێکەڵاوە لە (سوننە، شیعە، کورد، تورکمان و پێکهاتەکانی دیکەش).

سێیەم : هەرێمی ئەنبار

لە بەرانبەر هەرێمی (دیالە و کوت) پێویستمان بە هەرێمی (ئەنبار) دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە لەم هەرێمەدا پەرە بە پیشەسازی بدەین وەك پیشەسازیی (شووشە، پترۆکیماوی) و دەست بکەین بە وەبەرهێنانی بەرهەمە سەرەکییەکان، هەروەها دەست بکەین بە دروستکردنی دامەزراوەی ستراتیژی و پەرەپێدانی گەورە کە پێویستی بە ڕووبەری گەورە هەیە .

پێکەوە گرێدانەوەی عێراق لەسەر بنەمای هێڵی درێژی و پانی، مانای دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقە، کە لە هەردوو دەستووری ساڵی ١٩٢٥ و ٢٠٠٥ داوا دەکات و هەتا ئێستاش ئەو دەستوورە کاری پێ دەکرێت.

ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە؟

دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە خەونی ئەو عێراقەیە کە شا فەیسەڵ و نوری سەعید و عەبدولمحسن سەعدون و جەعفەر پاشای عەسکەری و هەموو ئەوانەی بەشدارییان کردووە لە دامەزراندی ئەم دەوڵەتەدا و خەباتیان لە پێناویدا کردووە، وەك بارزانیی نەمریش ئاماژەی پێ کردووە «ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق»، ئەمەش مانای ئەوەیە عێراق واتە «دەوڵەتی هاووڵاتی، فیدراڵی، پەرلەمانی، دیموکراتی، سیستمی حوکمڕانیی لامەرکەزی کە پشت بە ئابووریی بازاڕ دەبەستێت، بەڕێوەبردنێکی ئاقڵانە بۆ سەرچاوەکان بۆ بەدیهێنانی پەرەپێدانێکی بەردەوام».

ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراق ڕوو دەدات کەوتنە هەڵەی کودەتایەکە هەموو سەرکردەکانی عێراق بە سەرکردایەتیی کوردستانیشەوە تێی کەوتوون، ئەم کودەتایە هەمووانی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت پێکەوەسازانی سیاسی




بخرێتە سەرووی دەستوور، هەر بۆیە وەك دەبینین بە تەوافوقی سیاسی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دوا خرا، بە تەوافوقی سیاسی زیاتر لە ٤٠-٥٠ یاسا دوا خراون کە یەکێکیان یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە، ئەوی دیکەیان یاسای دادگای فیدراڵییە و، چەندین یاسای ستراتیژیی دیکە، کە ئەمانە هەموویان دەبنە ناوەڕۆکی ئەو دابەشبوونە ڕەشەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە.

ئێستا دەبێت هەرێمی کوردستان چی بکات؟

من وای دەبینم پێش ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٥ بۆ پەرلەمانی عێراق ئەنجام بدرێت، ئەوا پێویستە لەسەر هەرێمی کوردستان نەك پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبستێت کۆنگرەیەك لەسەر ئاستی دەوڵەتی فیدراڵی گرێ بدات، بۆ ئەم کۆنگرەیە هەموو پارێزگارەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی لێژنەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی بانگهێشت بکات، بۆ ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ دەستوورەکە نەك تەوافقی سیاسی و، جارێکی دیکە دەستوور ببێتەوە بە بنەما بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، ئەمە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان بیکات پێش ئەوەی بچێتە ناو هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٥ی پەرلەمانی عێراقەوە.

هەر بۆیە ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق بکات بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا دەستوور و پێکەوەسازانی سیاسیی کامیان لەسەر کامیان باڵادەست بن؟ ئەگەر لە تواناماندا بوو و توانیمان سەروەریی دەستوور کارا بکەینەوە لەسەر دەوڵەت و پێکەوەسازانی سیاسی، ئەوکات دەگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغەی سیاسەتێکی ئەقڵانیی گەورە پیادە دەکەین، ئەمەش کرۆکی کێشە و چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق دەبێت.



## غیاسەدین نەقشبەندی

توێژەر و چاودێری سیاسی:

# ئێمە کێشەمان لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە هەیە و دەبێت بە گوتارێکی نەتەوەیی چارەسەری بکەین

**غیاسەدین نەقشبەندی توێژەر و چاودێری سیاسییە و یەکێکە لەو قەڵەمە بەبڕشتانەی کە هەموو کات لەسەر ڕووداوە گەرمەکان هەڵویستی جددی دەخاتە ڕوو و، بە واقیعییانە و بێلایەنانە شرۆڤەی ڕووداو و بارودۆخە جیاوازەکان دەکات. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

من کەسێکی ناحزبیم، بەڵام بێلایەن نیم، قسەکانی خۆم بە ڕاشکاوانە دەکەم و بە دیدێکی ڕەخنەییانە واقیعەکە دەخوێنمەوە، ئەو بۆچوونانەش بەم ئاراستەیە دەخەمە ڕوو، ئەو بۆچوونانەم بەرهەمی خوێندنەوە و توێژینەوەی زۆر وردە و بە درێژایی چەندین ساڵ بە هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە بەدواداچوونم بۆ کردوون، بەشی زۆریشیانم وەك توێژینەوە و کتێب بڵاو کردووەتەوە. بۆیە ئەوەی لێرە دەیخەمە ڕوو، بنەمای زانستی و پراکتیکییان هەیە. لەوانەیە هەندێك کەس پێیان ناخۆش بێت و هەندێك کەسیش هەمان بۆچوونیان هەبێت، بۆیەش سوپاسی داخوازنامەکەتان دەکەم.

بۆ هەرحزبێك زۆر گرنگە کە لە ناو ئۆرگانەکانی حزبیی خۆیدا توانای گوێگرتن لە بۆچوونی جیاوازی هەبێت و ویستی ئەوەی هەبێت، ڕایەکانم بە ئازادانە دەربڕم ئەگەرچی خۆشیان لەگەڵیدا نەبن. ئەوە زامنکردنی مافی دەربڕینی ڕای جیاوازە بە نەفەسێکی دیموکراسییانە و بە پڕاکتیك، نەك تەنیا بە دروشم، بۆیە دووبارە زۆر سوپاس.

چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا لە بارودۆخێکی ناخۆشدان، لە زۆر حاڵەتەدا وەکو فەرمانبەری دائیرەی کارەبا دێنە بەرچاوم. بەتایبەت لە ڕۆژانی زۆر گەرمی هاویندا، خەڵك داوای کارەبای لێ دەکەن و ئەویش توانای هیچی نییە، چونکە

نازانێت توانای بەرانبەر بە توانای تۆڕبینەکان و هەبوونی گازی پێویست چەندە، بە هەمان شێوە چاودێر و شرۆڤەوانی سیاسی هەموو هەوڵ و توانای خۆیان دەخەنە کار بۆ ئەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان شرۆڤە بکەن، بەڵام دەبینین ڕووداو و پێشهاتەکان بە پێچەوانەی شرۆڤەکە ئاراستە دەگرن. ئەمە لە نەزانی، یان نەبوونی بنەمای زانستی نییە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان لەو ناوچەیەی هەمیشە پێی دەڵێن تندەر بۆکس «Tinderbox»، واتە ئەو ناوچەیەی لە پڕ ئاگر دەگرێت، بەبێ ئەوەی هۆکارێکی لۆژیکی هەبێت، شتەکان ڕوو دەدەن و بەپێی لۆژیک و عەقڵ و تیۆری سیاسی و زانست بەڕێوە ناچن، واتە ڕووداو و پێشهات لەم ناوچەیە لە دەرەوەی بنەماکانی بیردۆزە و هاوکێشەکان ڕوو دەدەن، ئەمەش بە لایەکەوە یەکێکە لەو پێناسانەی زانستی سیاسەت کە مەحاڵی تێدا نییە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە هیچ لایەک ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەک بکات، ئەمە لەبەر ئەوەیە کۆمەڵێك هاوکێشەی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەن، ئێمە ملکەچی ئەو هاوکێشانەین و هیچیشیان لە بارەوە نازانین. ئەمە تیۆری پیلانگێڕیی سیاسی نییە، بەڵام لە ئێستاوە مەزندە دەکرێت، هەموو شتێك ڕوو بدات، هەر بۆ نموونە کاری ئەستەم، ئەگەر سبەی یەکێك هات و پێی گوتی: سوپای ڤێتنام بەسرە داگیر دەکات، بێگومان ئەمە جۆرێکە لە شێتایەتی و شتی وا مەزندە ناکرێت، بەڵام سبەی لە خەو هەڵدەستن دەبینین سوپای ڤێتنام بە کردەیی لە عەشتار پیاسە دەکات، هەر وەك چۆن کەس مەزندەی نەدەکرد، تیرۆریستانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ موسڵ داگیر بکەن، بەڵام بەیانی هەستاین بینیمان تیرۆریستانی داعش موسڵیان داگیرکردووە، بۆیەش چاودێری سیاسی بوون بە دوو جۆر، جۆرێك هەواڵی کەناڵەکانی میدیای حەفتەی ڕابردوو دەجوونەوە و جۆرەکەی دی وەکو خێڤزان و فالگر بە ئارەزووی خۆیان ڕەقەم لێدەدا.

لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەوڵ دەدەم ئەو قسانە دووبارە نەکەمەوە کە بەڕێزان لەم گفتوگۆیەدا خستیانە ڕوو، کە هەموو پرس و بابەتی باش بوون، بەڵام هەندێك پرسی دیکە هەن، هەندێك قووڵتر کارم لەسەر کردووە، قەناعەتێکم لا دروست بووە کە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێکەوە گرێ دراون و لێك جیا ناکرێنەوە، لەبەر ئەوەی کاریگەریی دەوڵەتانی هەرێمییان لەسەرە، ئەمەش وای کردووە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ناو چوارچێوەیەکی داخراودا سەیر بکرێت، هەرچەندە لە دەستپێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و تیکرای شۆڕشەکاندا، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان جەختی لەوە کردووەتەوە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا کێشەیەکی سیاسییە، نەتەوەیی نییە و دەبێت بە چارەسەری سیاسییانەش چارەسەر بکرێت، بەڵام بە تێڕوانینی من کێشەی ئێمەی کورد نەتەوەییە، نەك سیاسی، ئێمە کێشەمان لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە هەیە، دەبێت بە گوتارێکی نەتەوەیی چارەسەری بکەین، وەك چۆن کێشەی فەلەستین و جوو کێشەیەکی ئاینییە نەك سیاسی، ئەوەی کێشەی جوو و فەلەستینی کرد بە کێشەیەکی سیاسی، کاریگەریی ڕاگەیاندن و میدیای عەرەبی بووە لە خزمەت «پان عەرەبیزم» بۆ ڕاکێشانی شەقام و ڕای گشتیی عەرەبی بووە بۆ کێشەکە.

پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا کورد چ قازانجێکی کرد کە کێشە نەتەوەییە بێگەردەکەی خۆی بکاتە کێشەیەکی سیاسی و پێداگری بکات کە ستراتیژیەتی خۆی لەسەر بنەمای «کێشەیەکی سیاسی» دابڕێژێت و لە گوتارە نەتەوەییەکەی دوور بکەوێتەوە؟ ئەم ئاراستەیە لە گفتوگۆ و دانوستاندەکانی شاندەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە.

بەڕای من تەنیا تایوان دەتوانێت ناوی کێشەی سیاسی لەسەر کێشەی خۆی لەگەڵ چیندا دابنێت، کە زمانیان یەکە، کولتوور، دابونەریت، ئایین، سایکۆلۆژی نەتەوە و...هتد. هەمووی یەکە، تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە یەك ناگرنەوە، بەڵام کورد چ سوودێکی لەوە هەیە، کێشە نەتەوەییەکانی خۆی لە عێراقدا بکات بە کێشەی سیاسی؟

**هیچ لایەک ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەک بکات، ئەمە لەبەر ئەوەیە کۆمەڵێک هاوکێشەی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەن، ئێمە ملکەچی ئەو هاوکێشانەین**

**ئەوەی من دەیبینم لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە ئامانجی هەردوولا پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیان بێت**

**حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تەنیا سەردانی بەغدا دەکەن، نەک لە چوارچێوەی شاندێکی یەکگرتووی خاوەنی یەک گوتار، بۆیە وەک دەڵێن دەسەڵاتدارانی بەغدا نازانن لەگەڵ کام لایەن ڕێککەوتن بکەن**

**ئێمە ڕایەکی گشتیی کپکراومان هەیە و پێش هەموو شت بووەتە قوربانیی ڕەفتارەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێر**

**بڕینی مووچەی فەرمانبەران ئەمەیان بڕینی قووتی ئەو خەڵکەیە، ناکرێت سزای ئەو میللەتە بدرێت لەبەر حزبێک، یان بۆچوونی سەرکردەیەک، کە ئێستا پرۆژەکان هەموویان ڕاوەستاون**

**حزبە کوردییەکان بە گشتی بە ٣٣ ساڵ نەیانتوانی لەوە بگەن کە خەباتی شاخ جیاوازە لە خەباتی شار**

لەو وڵاتەدا بە دەیان حکومەت گۆڕاوە و بە سەدان شەپۆلی سیاسی پەیدا بووە، لە چەپەوە بۆ ڕاست و لە کۆنسێرڤەتیف و میانڕەو، پادشایی، کۆماری، چەپ، ڕاست، بەڵام کێشەی کورد هەر وەکوخۆی مایەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەراپتری لێ دێت. سەرەڕای ئەو هەمووە، ئێستاش لەگەڵ ئەوەدام گفتوگۆ باشترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گرفت و کێشەکان، بەڵام ئەوەی من دەیبینم لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە ئامانجی هەردوولا پێکەوە کارکردن و پێکەوە ژیان بێت، هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵکو لەسەر بنەمای لاوازی و بەهێزیی هەردوولا بەڕێوە دەچن، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك بەغدا بەهێز دەبێت، هەوڵ دەدات مەرجەکانی خۆی بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت، بەپێچەوانەشەوە کاتێك هەرێم هەست دەکات بەهێزە سەقفی داواکارییەکانی بەرز دەکاتەوە و بە لووتبەرزییەکی زۆر ناباو لە زمانی سیاسەت ڕەفتار دەکات.

گرفتێکی دیکەمان هەیە کە برادەران ئاماژەیان پێ دا، حزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تەنیا سەردانی بەغدا دەکەن، نەك لە چوارچێوەی شاندێکی یەکگرتووی خاوەنی یەك گوتار، بۆیە وەك دەڵێن دەسەڵاتدارانی بەغدا نازانن لەگەڵ کام لایەن ڕێککەوتن بکەن. ئەوە نیشانەی ئەوەیە نەمانتوانیوە ماڵی کورد یەك بخەین، بەڵام ئەوەش بە گرفت هەژمار ناکرێت، یان خاڵێکی لاواز لای کورد لەگەڵ بەغدا، چونکە لە بەغداش هێزگەلێك هەن و ئێمەی کوردیش نازانین لەگەڵ کێ ڕێککەوتن بکەین، بۆیە بەم ئاراستەیە هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم و بەغدا بێ ئاکام دەبن و وەك ئەو پەندە عەرەبییەش کە دەڵێت: «عصفور كفل زرزور واثنينهم طيارة»، ئەم پەندە عەرەبییە عێراقییە لەوەوە هاتووە کە یەکێك دەبێتە کەفیلی ئەوی دیکە، کە ئەویش هیچ مەرجێکی کەفالەتی تیا نییە و شوێنی دیاریکراوی نییە. بەڕاستی ئەو گفتوگۆیانەی کە بە تەنیا لایەك لەگەڵ لایەنێکی دیکەی عێراقی دەیکات، هیچیان خاوەنی بڕیار نین، بڕیارەکان لە شوێنی دیکەوە دەردەچن و ئەوان تەنیا هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدەن. یەکبوونی بڕیارێکی سیاسیی بەهێزی دەوێ بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکان لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکەن، کە پێم وا نییە جارێ بیانەوێ چارەسەری بکەن.

لەسەر ئاستی میدیای عێراق، تەنانەت میدیا نافەرمییەکانیش هەڵمەتێکی ئیعلامیی گەرموگوڕیان هەیە بۆ عەرەبی عێراق، کە هەرێمی کوردستان هەموو داهاتی عێراق دەخوات و هەرێم هۆی سەرەکیی نەبوونی خزمەتگوزارییە لە شارەکانی ناوەند و باشوور، ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە پێویستە میدیای عەرەبی لە عێراق هەندێك مونسیفانە بیر لەوە بکاتەوە کە هەرێمی کوردستان هۆی نەهامەتیی عێراق نییە، بەڵکو هەرێم سەر لە نوێ عێراقی دامەزراندەوە کە لەسەر قەراغی ڕووخان بووە.

لە دوای ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧ بەتایبەت لە دوای دەرچوونی بڕیارەکەی دادگای پاریس، ڕاگەیاندنی کوردی هەوڵی پێچەوانەی داوە و شەقامی کوردی بۆ ئەوە هان دەدا کە لە عێراقدا بژین و باسی برایەتی دەکات، پێویستە هەرێم نەك تەنیا لەبەر مووچە لەگەڵ بەغدا ڕێککەوتن بکات، بەڵکو کێشەکانمان زۆر لەوە قووڵتر و ئاڵۆزترن کە لە ناو کێشەی مووچەدا چڕ بکرێنەوە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە زۆر لەیەکتری دوورین، باشە چۆن ڕێك بکەوین کە هەر لایەك مەرامێکی تایبەتیی لە سەردایە و پەیوەندی بە بەرانبەرەکەیەوە نییە، ئەمەش بەو مانایەی هەر لایەك بۆ بەرژەوەندیی خۆی بیر دەکاتەوە و دەیەوێت بەرانبەرەکەی لاواز بکات، یان لەناوی ببات، ئەو عەقڵییەتەی سڕینەوەیە بە هیچ شێوەیەك خزمەت ناکات و کێشەکانیش قووڵتر دەکاتەوە، کە تەنیا میللەت زیانی لێ دەکەوێت.

گرفتێکی دیکە لە تێڕوانینی برادەرانی عەرەب ئەوەیە کە بەو جۆرە سەیری ڕای گشتیی کوردستان دەکەن، کوردستان هەمووی تەنیا ڕای پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەمە لە کاتێکدا ڕای گشتی ڕای هیچ حزبێکی سیاسیی نییە، تەنیا ڕای خەڵکی کوردستانە،



بەڵکو ئێمە ڕایەکی گشتیی کپکراومان هەیە و پێش هەموو شت بووەتە قوربانیی ڕەفتارەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق.

با لەوە گەڕێن، ئێستا ئێمە دانیشتووین گفتوگۆ دەکەین، بەلام بڕینی مووچەی فەرمانبەران ئەمەیان بڕینی قووتی ئەو خەڵکەیە، ناکرێت سزای ئەو میللەتە بدرێت لەبەر حزبێك، یان بۆچوونی سەرکردەیەك، کە ئێستا پرۆژەکان هەموویان ڕاوەستاون. بۆیە ئەمە واقیعێکی ئاشکرایە، پێویست ناکات پرۆفیسۆری سیاسەت بین بۆ ئەوەی بزانین مەبەستی حکومەتی عێراق لە بڕینی مووچەی فەرمانبەران، لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە، ئەمە ئاشکرایە، بۆیەش دەبینین خەڵکی تێکۆشەر و کوردپەروەر و تەنانەت شۆڕشگێڕیش بە هەموو شێوازێك حەز دەکەن ئیدارەکە بچێتەوە سەر بەغدا و مووچە لەوێ بێت. ئەوە کارەساتە، ئەوە زەنگی مەترسیدارە، حزبە کوردییەکان بگەنە ئەو ڕاددەیە خەڵك داگیرکەری پێ باشتر بێت، هەرچەندە حزبە کوردییەکان بە گشتی بە ٣٣ ساڵ نەیانتوانی لەوە بگەن کە خەباتی شاخ جیاوازە لە خەباتی شار، شار نە بە فیوداڵیزم و نە بە جل و پارە و کۆشك و ئۆتۆمبێلی مۆدێرن دروست دەبێت، شار مرۆڤی سڤیل و ئەفەندیی دەوێ بۆ ئەوەی دروستی بکات، بۆیەش هەمیشە سەردانکەری کوردستان هەرکێ بێت، هەست بەوە دەکات کە شارەکان سەرەڕای پێشکەوتنی ئاڤاهی و ڕێگەوبان، هەر گوندی گەورەن، پەسنی شار و شارستانییەتیان پێوە دیار نییە. لە هەمان کاتدا سەرکردایەتیی کوردیش هەوڵی ئەوەی داوە و لە ڕاگەیاندنەکانیان بڵاوی دەکەنەوە کە بەغدا هۆکاری نەهامەتیی هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانە، ئەو هاوکێشە کۆمەڵێك چەمکی ڕاگەیاندنی نوێی بەرهەم هێناوە و خەڵك باش تێدەگات کە ئەوە بە تەنیا بەغدا نییە بووەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکی هەرێم.



**خەدیجە عومەر مزوری**

**ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان:**

# لایەنە سیاسییەکانی شیعە لە عێراق نییەتیان لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستووردا پاک نەبووە

**خەدیجە عومەر مزوری ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و یاساناسە و ماستەری لە یاسای گشتیدا هەیە و پسپۆڕە لە دادوەریی کارگێڕیدا و، یەکێکە لەو خانمە چالاکانەی کە لەسەر ئاستی یاسایی و سیاسیی چالاکی هەبووە. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە دیدوتێڕوانینەکانی خۆی خستە ڕوو.**

مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لە گەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان، ناونیشانێکی گرنگ و فرە ڕەهەندە، بۆیە من لە ڕوانگەی مامەڵەی دیپلۆماتییەوە قسەی لەسەر دەکەم و دەپرسم: ئایا هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە شێوەیەکی دیپلۆماتی و سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە بکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە کۆکردنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکان هەیە، کە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، بۆیە ناکرێت بە (بەڵێ، یان نەخێر) وەڵام بدرێتەوە.

- فاکتەری یەکەم کە پەیوەندیدارە بەم پرسە، پێگەی جیۆسیاسیی هەرێمی کوردستانە، ئاشکرایە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم جوگرافیایەدا جیا لەوەی ناوچەیەکی فرەیی نەتەوە و ئایینی جیاوازە، لە هەمان کاتدا بە درێژایی مێژووی خۆیشی و بەتایبەتی هەر لە سەدەی ڕابردووە هەتا ئێستا ناوچەیەکی گرگرتووی شەڕ بووە و ئێستاش وەك دەبینین شەری غەزە و ئیسرائیل بەردەوامە.

- خوێندنەوەی پێگەی جیوسیاسیی هەرێم لەم ناوچەیەدا ڕەهەندی زۆر لەخۆی دەگرێت، وەك (سیاسی، ئابووری، سەربازی، کەلتووری) هەر یەك لەم ڕەهەندانە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت بۆ مامەڵەکردنی سەرکەوتوو، یان شکستخواردوو لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی.

- خاڵی نەرێنی لە پێگەی جیوسیاسیی هەرێم ئەوەیە بە چەند دەوڵەتێك دەورە دراوە کە هەموویان کێشەی کوردیان هەیە. ئەم دەوڵەتانە نکۆڵی لەوە دەکەن لە وڵاتەکەیاندا کێشەیەك بە ناوی کێشەی کورد هەبێت، هەتا ئامادەباشییان هەبێت چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، بۆیە بە چاوی نەیار نەك دۆست سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش جۆرێك لە دەستبردن بۆ سیاسەت و دیپلۆماتییەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات.

- ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە بە سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی جیهانی هەژمار دەکرێت، ئەم سەرچاوە سرووشتییە وای کردووە کە بەرژەوەندی و

کاری هاوبەشی هێز و سەرمایە گەورەکانی جیهان لەم ناوچەیەدا بخرێنەگەڕ و بەرژەوەندییان بۆ دروست بێت، بۆیە ئەمەش کۆمەڵێك هاوکێشەی نێودەوڵەتیی بۆ ئەم دەڤەرە دروست کردووە، هەرێمی کوردستانیش کە بەشێکە لەم ناوچەیە، ئەوا ئێمە دەکەوینە ژێر کاریگەریی هەژموونی هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەکەوە.

- لە ناو ئەم جوگرافیا سیاسییە ئاڵۆزەدا لە ساڵی ١٩٩١ دوای سەرهەڵدانی خەڵکی کوردستان، ڕژێمی بەعس هەوڵی دا زۆر دڕندانە شارەکانی کوردستان داگیر بکاتەوە، بۆیە خەڵکی کوردستان پەنای بۆ کۆڕەوی ملیۆنی برد، ئەم کۆڕەوە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەژاند و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو و نەوای ئارامیان بۆ دروست کردین، توانیمان هەڵبژاردن بکەین و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین، کە بەرهەمی خەباتی ١٠٠ ساڵی قوربانیدانی نەتەوەکەمان بوو. ئەم کیانە کە وەك ئەمری واقیع بۆمان دروست بوو، سوپاس بۆ خودا توانیمان بیپارێزین و بیهێڵینەوە لەگەڵ ئەوەی کێشەی زۆریشمان ڕووبەڕوو بوو، تا ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕووخێندرا.

- لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە قورسایی خۆی بەشداری لە پرۆسەی تازەی سیاسی لە عێراقدا کرد. ئەوە بوو لەگەڵ تێکڕای هێزە سیاسییەکانی عێراق توانرا لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستوورێك بۆ عێراقی نوێ دابڕێژرێت، کە کۆمەڵێك ماف و دەستکەوتی بۆ گەلی کوردستان لەخۆ گرتبوو، خەڵکی کوردستان دڵیان بەم دەستوورە خۆش بوو، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو بە نووسینەوەی ئەم دەستوورە مێژووی شەڕ و شۆڕ و خوێناویی عێراق کۆتایی دێت.

- بەداخەوە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەتایبەت لایەنە سیاسییەکانی شیعە، نییەتیان لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم دەستوورەدا پاك نەبوو، هەماهەنگ و هاریکار نەبوون بۆ ئەوەی دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ بکەن. سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەنددا کەڵەکە بوون و بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستوورەکە وەك خۆی جێبەجێ نەکرا.

- کێشەی سێکتەری نەوت و گاز کە یەکێکە لە کێشە دیارەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ نەیانهێشت یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت، بە ئەنقەست ئەو یاسایە پشتگوێ خرا و دەرنەکرا و هەتا ئێستاش بە یاسای نەوت وگازی پێشووی ڕژێمی بەعس ئەم سێکتەرە گرنگە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

- ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە ماددەیەکی زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی زۆر گرنگ، کە ئەویش کێشەی خاکە، دەبوو هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ هەر سێ قۆناغی (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ڕاپرسی) تەواو بوایە و کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر بکرایە، بەڵام ئەم ماددەیەش بە ئەنقەست دواخرا و هەتا ئێستاش ئەو کێشەیە چارەسەر نەکراوە.

- بایەخیان بە دامەزراندنی دامەزراوە پێویستەکان بۆ تەواوکردنی هەیکەلەی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا نەدا، دامەزراوەی ئەنجومەنی فیدراڵی کە هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران دەبێتە تەواوکاری دەسەڵاتی یاسادانانە دانەنرا و هەتا ئێستاش لە عێراقدا ئەنجومەنی فیدراڵی بە یاسا دانەمەزراوە، بوونی ئەم ئەنجومە کە ئێستا لە عێراقدا نییە، شان بە شانی ئەنجومەنی نوێنەران هاوسەنگی لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان و حکومەتی فیدراڵیدا دروست دەکات و، فاکتەرێکی گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

- لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە تەواوەتی حکومەتی عێراق ماددە دەستوورییەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان پێشێل کرد و دەستی بۆ شایستە داراییەکان و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم برد و بڕی، ئامانج لەم سیاسەتە ئەوە بوو بە برسیکردنی خەڵك قەوارەی سیاسیی هەرێم بچووك بکەنەوە، یان وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

- جیا لە جێبەجێنەکردنی دەستوور، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کابینەی نۆیەم، ئاستەنگی دیکەی بۆ دروست بوو، کە بریتی بوون لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار سفر، ئەمە وای کرد کە ئابووریی هەرێمی کوردستان گورزێکی کاریگەری بەر بکەوێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی پلانی هەبوو بۆ ژێرخانی ئابووریی کوردستان و توانی ڕاستی بکاتەوە و ئەو قەیرانانە تێپەڕێنێت و هەرێمەکەش وەك قەوارەیەکی سیاسی پارێزراو بێت.

- لە ئێستا کە هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم و بەغدا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی جۆرێك لە تێگەیشتنی زۆر باش لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەسەر هەموو کێشە هەڵواسرەکان دروست بووە، هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت و پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای دەستوورەکە ڕێك بخرێنەوە. لەمەوە دەکرێت بڵێین وێڕای هەموو ئاستەنگ و ئالنگارییەکان هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەکە و عێراقیشدا کردووە

**لە ساڵی ٢٠٠٧ نەیانهێشت یاسای نەوت و گازی فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت، بە ئەنقەست ئەو یاسایە پشتگوێ خرا و دەرنەکرا و هەتا ئێستاش بە یاسای نەوت وگازی پێشووی ڕژێمی بەعس ئەم سێکتەرە گرنگە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

**سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەندندا کەڵەکە بوون و بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستوورەکە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا**

**لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بە تەواوەتی حکومەتی عێراق ماددە دەستوورییەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان پێشێل کرد و دەستی بۆ شایستە داراییەکان و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم برد و بڕی**



سعود مستۆ نەجم

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:

# ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە و ناوچە ئێزدینشینەکان بگەڕابانەوە سەر هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە کۆمەڵگەی ئێزدی تووشی کۆمەڵکوژی نەدەبووەوە

سعود مستۆ نەجم بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و دەرچووی کۆلێژی یاسا و لێکۆڵەری یاساییە، ئەندامی تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی قوربانیانی جینۆسایدی خوشك و برا ئیزدییەکانە.لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بە شێوەیەکی تایبەتی تیشکی خستە سەر مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کارەساتی جینۆسایدی ئێزدییەکان و کەمتەرخەمیی حکومەتی فیدڕاڵی لەگەڵ ئەم کەیسە گرنگە و، بەم جۆرە وەك شاهیدێك کارەساتی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی ئێزدییەکانی خستە ڕوو.

من دەمەوێت وەك کەسێکی ئێزدی (غەیرە موسڵمانی سوننە و شیعە) باس لە مەزڵوومی و مەغدوورییەتی پێکهاتەی ئێزدیتان بۆ بکەم، لە نێوان سیاسەت و تێڕوانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراورد لەگەڵ سیاسەت و تێڕوانینی حکومەتی فیدڕاڵی بۆ ئەم پرسە.

هەڵبەت کۆمەڵگەی ئێزدی وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر دەستی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق تووشی زوڵمێکی هێجگار گەورە بووەتەوە، ئەوجا ئێمە هەم وەك کورد تووشی زوڵمێکی گەورە بووین، هەمیش وەك ئێزدی کە ئایینەکەمان جیاواز بووە، تووشی زوڵمێکی گەورە بووین.

لە دوای ساڵی ١٩٧٠ پرۆسەی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی گوندەکانی ئێزدییەکان لە ناوچەی شنگال دەستی پێکرد و لە کۆمەڵگەی زۆرەملێدا ئێزدییەکان کۆکرانەوە، ئەمەش واتە کۆمەڵگەی ئێزدی بووە کۆمەڵگەیەکی «دەست بەسەر» و بەمەش بووە کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و زانستی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا و هیچ ڕۆڵێکیان پێ نەدرا.

لەدوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١، بە ڕێژەی ١٠٪ ناوچەکانی ئێزدی ئازادکران و، پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی بۆ یەکەمجار بوو بایەخ بە کۆمەڵگەی ئێزدی بدرێت، بۆ یەکەمجار بوو ئێمە هەست بکەین لەسەر ئاستی سیاسی بەشداریمان لە پرۆسە سیاسییەکەدا هەیە، هەمیش یەکەمجار بوو هەستمان کرد لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و جڤاکی و کەلتووری ئەو بوارەمان هەیە کە بتوانین ڕۆڵی خۆمان بە ئازادی بگێڕین، تا ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی پێشوو ڕووخێندرا.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، ئومێدی ئێمە ئەوە بوو عێراق بەرەو ئازادی هەنگاو هەڵدەگرێت و دەوڵەتی یاسا دروست دەبێت و یاسا سەروەر دەبێت، ئەو ٩٠٪ـەش کە ئەو ناوچانەی ئێزدی دەگرتەوە، ئەوانیش ئازاد دەبن و وەك ناوچەکانی هەرێمی کوردستانیان لێ دێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە لە عێراقی نوێدا سەروەریی یاسامان نەبینی، لە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا لە ساڵی ٢٠٠٤ ماددەی ٥٨ دانرا و پاشانیش لە نووسینەوەی دەستووردا ماددەی ١٤٠ دانرا، ئەمەش واتە ٩٠٪ی ناوچەی ئێزدییەکان بووە ناوچەی کێشە لەسەر و بە هەڵواسراوی مایەوە و ئازادیی بەخۆیەوە نەبینی.

ئەگەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ هەرێمی کوردستان پرسێکی گرنگ بێت بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ئێمە وەك ئێزدی ١٠٠ جار گرنگترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرایە و ناوچە ئێزدینشینەکان بگەڕانەوەیە سەر هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە کۆمەڵگەی ئێزدی تووشی کۆمەڵکوژی و جینۆساید نەدەبووەوە و تیرۆریستانی داعش نەیاندەتوانی ئەو کارەساتەمان بەسەر بهێنن.

بەڕێزان ئاماژەیان بە مەترسیی «فشۆڵیی دەوڵەت و لاوازیی دامەزراوەکانی دەوڵەت» کرد، کە چەند مەترسیدارە بۆ ئاشتیی کۆمەڵگە، لە دەوڵەتی عێراقدا ئەم دوو دیاردەیە (فشۆڵیی دەوڵەت و لاوازیی دامەزراوەکان) هەبوو، بۆیە بارودۆخەکە سەری کێشا بۆ شەڕی خوێناویی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننە و پاشانیش هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش و داگیرکردنی یەك لەسەر سێ خاکی عێراق، لەمەشدا قوربانیی سەرەکی ئێزدییەکان بوون و، لەو هێرشەی کە لە ئابی ساڵی ٢٠١٤ کردیانە سەر ناوچەکانی ئێزدی لەو ناوچانەی پێیان دەڵێن «کێشە لەسەر» لە یەك ڕۆژ ١٣٠٠ هاووڵاتی ئێزدی شەهید بوون و زیاتر لە ٦٦٠٠ کەسیان ڕفاندین، کە هەموویان ئافرەت و منداڵ بوون، ئەم کارەساتە هێندە گەورە بوو، هەتا ئێستاش ئەقڵی ئێمە تەقەبولی ئەوە ناکات، بەوەی ئێمە لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەژین، بەڵام ئەقڵییەتێکی وەحشیی ئەوتۆ هەیە کە کچ و ژنی ئێزدی دەکاتە کەنیزەك و سەبایە لە دەوڵەتی عێراقدا.

ئێمە ١٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵمان هەیە، هەتا ئێستا بە هاوکاری لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیتاد) ٥١ گۆڕمان هەڵداوەتەوە، ٤٩ گۆڕی بەکۆمەڵی دیکەمان ماوە، حکومەتی عێراق هاوکاریمان ناکات هەڵیان بدەینەوە و ڕوفاتەکانیان ببینەوە بۆ شوێنی خۆیان. بەشێك لەو ڕوفاتانەی لە گۆڕە هەڵدراوەکاندا دەرمان هێناونەتەوە نێردراون بۆ پزیشکی دادی بەغدا بۆ پشکنین بۆ ناسینەوەیان، هەتا ئێستا هەر لەوێن و بۆیان نەگەڕاندوینەتەوە.

دوای ئازادکردنی شنگال لە تیرۆریستانی داعش، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بارودۆخی شنگال ئاسایی بکرێتەوە، بەڵام ئێمە چەند هەفتەیەکی دیکە یادی ١٠ ساڵەی کارەساتی شنگال دەکەینەوە، هەتا ئێستا ٣٠٠ هەزار هاووڵاتی ئێزدی لە کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆك ژیان بەسەر دەبەن، لەبەر ئەوەی هەڕەشەیان لەسەرە و ٢٠٪ی کۆمەڵگەی ئێزدی کۆچیان کردووە بۆ هەندەران، بەشێکی دیکەش لەبەر ئەوەی هەڕەشەیان لەسەرە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵن و کۆچ بکەن. هۆکاری ئەم گرفت و نەهامەتییەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی ئێزدی دەبێتەوە، ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی هاریکار و هەماهەنگ

**کۆمەڵگەی ئێزدی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر دەستی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق تووشی زوڵمێکی هێجگار گەورە بووەتەوە**

**لە نووسینەوەی دەستووردا ماددەی ١٤٠ دانرا، ئەمەش واتە ٩٠٪ی ناوچەی ئێزدییەکان بووە ناوچەی کێشەلەسەر و بە هەڵواسراوی مایەوە و ئازادیی بەخۆیەوە نەبینی**

**١٠٠ گۆڕی بە کۆمەڵمان هەیە، هەتا ئێستا بە هاوکاری لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیتاد) ٥١ گۆڕمان هەڵداوەتەوە، ٤٩ گۆڕی بەکۆمەڵی دیکەمان ماوە، حکومەتی عێراق هاوکاریمان ناکات هەڵیان بدەینەوە**

**بەشێک لەو ڕوفاتانەی لە گۆڕە هەڵدراوەکاندا دەرمان هێناونەتەوە نێردراون بۆ پزیشکی دادی بەغدا بۆ پشکنین بۆ ناسینەوەیان، هەتا ئێستا هەر لەوێن و بۆیان نەگەڕاندوینەتەوە**



**پەرلەمانی عێراق نە ئامادەیە یاسایەک دەربکات بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان، نە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە بۆ ئەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵ بدەینەوە**

نییە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم نەهامەتییانە کۆتاییان بێت و بارودۆخی شنگال ئاسایی ببێتەوە و خەڵکەکانمان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ هەتا ڕێککەوتنی شنگالی بە ناوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ئیمزا کرد، جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە وەك نەخشە ڕێگەیەك بوو بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شنگال و زەمینەسازی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی ئێمە بۆ شوێنی خۆیان، بەڵام نە نییەتێکی خێر هەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال، نە هەنگاوێکیش هەیە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، لایەنی سیمبوولی و مەعنەوییە، وەك دەبینین پەرلەمانی کوردستان تاوانی کۆمەڵکوژی ئێزدیی بە جینۆساید ناساندووە، چەندین پەرلەمانی ئەورووپی و جیهانی ئەم تاوانی کۆمەڵکوژییەیان بە جینۆساید ناساندووە، بەڵام هەتا ئێستا پەرلەمانی عێراقی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ ناساندنی تاوانی کۆمەڵکوژی بە جینۆسایدی ئێزدیان گرێ نەداوە و، تەنیا یەك یاسای دەر کردووە، کە ئەویش یاسای ڕزگاربووانی دەستی تیرۆریستانی داعشە و بۆ بچووکردنەوەی ئەو کارەساتەیە بەسەر ئێزدییەکان هاتووە، لەیەك بڕگەی ئەو یاسایەدا هاتووە «ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکان هاتووە، کۆمەڵکوژییە»، لە یاسادانەری عێراقیشدا (المشرع العراقی) پێناسەی کۆمەڵکوژی نییە، لەمەش زیاتر پەرلەمانی عێراق نە ئامادەیە یاسایەك دەربکات بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان، نە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە بۆ ئەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵ بدەینەوە.

پێش دوو ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی هەرێم ئەو کارە بکات، بەڵام دادگای فیدراڵی ڕەتی کردەوە و ئاماژەی بەوە کرد ئەوە لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ڕێگە نادەن بە ڕیکخراوی نێودەوڵەتی، ڕێگە نادەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکات، فەرموون خۆتان بیکەن.

بوونی ڕێکخراوی (یونیتاد) کە تیمی



نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو. حکومەتی عێراق بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئێزدییەکان وەك قوربانیی ئەو تاوانە یەکسەر بڕیاری دا کاری ئەو تیمەی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕابگرێت، من لەگەڵ ڕاویژکاری بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆ بوومەوە و پێم گوت: ئێمە هێشتا کارەکانمان تەواو نەکردووە و پێویستمان بە کاری زیاترە، بەڵام پێی گوتین»یاسای تیرۆر بەسە و تیمی یونیتاد لەگەڵ ئێمە هەماهەنگ نییە و کۆتایی بە کارەکانیان دەهێنین».

بەڕێزان، یونیتاد ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و چۆن هەماهەنگیی نەکردووە؟ ئەم بیانووە حکومەتی عێراق بۆی دروست کردووە، هەتا ئەم تیمە نێودەوڵەتییە نەهاتن حکومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتبوو بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بۆیە خۆمان بە ناچاری تیمێکمان لە دهۆك پێك هێنا و بەسیفەتی ئەوەی لێکۆڵەری یاساییم منیش ئەندامی ئەو تیمە بووم و سەردانی شنگالمان کرد و گۆڕە بە کۆمەڵەکانمان دیاری کرد لە سنووری سنونێ.

دواقسەی من ئەوەیە، هەموو داخوازیی ئێمە وەك کۆمەڵگەی ئێزدی لەو چوارچێوەیەدا دێن و دەچن، کە حکومەتی فیدراڵیی عێراق هاریکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی چارەنووسی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ یەکلایی بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئێمەی کۆمەڵگەی ئێزدی وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی کە دەگەڕێینەوە سەر زێدی خۆمان، جارێکی دیکە هەست نەکەین تووشی کۆمەڵکوژی و جینۆساید دەبینەوە، بەڵام ئەگەر لەم بارودۆخەی ئێستادا کە لە شنگال هەیە، ئاوارەکانمان بگەڕێنەوە بۆ شنگال، ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێین ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە جارێکی دیکە تووشی کۆمەڵکوژی و جینۆساید ببینەوە، بۆیە هەتا بارودۆخەکە بە تەواوەتی ئاسایی نەبێتەوە، ئاوارەکانمان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە شنگال.

**ئەگەر لەم بارودۆخەی ئێستادا کە لە شنگال هەیە، ئاوارەکانمان بگەڕێنەوە بۆ شنگال، ئەوا ڕاشکاوانە دەڵێین ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە جارێکی دیکە تووشی کۆمەڵکوژی و جینۆساید ببینەوە**

مەحفووز مایی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# جگە لە گفتوگۆی ڕاشکاو و لە یەکتری تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەمان لە بەردەستدا نییە



**مەحفوز مایی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ئەندامی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی خانی-یە و یەکێکە لە ڕۆشنبیرەکانی کوردستان، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بە گەڕانەوە بۆ باکگراوەندی مێژووی سێ دەیەی ڕابردووی دەوڵەتی عێراق، بەم جۆرە بیر و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

ئەوانەی ئێستا لە بەغدا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بڕیاربەدەستن و جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراق بەڕێوە دەبەن، هەموویان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بوون و، هەر لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، ئەنجومەنی باڵای ئۆپۆزیسیۆنی عێراق کە هەرێمی کوردستانیش بەشێك بووە لەو ئەنجومەنە باڵایە و سەرۆك مسعود بارزانی وەك مەرجەعی سەرەکی، بۆ بەشداریی کورد وەك بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی رای ئەوە بووە، کە دەبێت سیستمی تازەی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، سیستمێکی «فیدڕاڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی» بێت و، لە ماوەی ١١ ساڵی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٣ ئۆپۆزسیۆنی عێراق دەیان و سەدان کۆبوونەوەیان کردووە، تا سەرەنجام لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە (لەندەن، پاریس، هەولێر) گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی کە دەبێت «سیستمی داهاتووی عێراق فیدڕاڵی بێت و هەرێمی کوردستانیش وەك ئەوەی هەیە، بەشێك بێت لە دەستووری داهاتووی عێراق». ئەم بیرهێنانەوەیەم بۆ ئەوە بوو کە بڵێم: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣، کۆی سەرکردە عێراقییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کۆ نەبوونەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن کە عێراقی نوێ چۆن بونیاد بنرێتەوە، بەڵکو کۆبوونەوە بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەن، کە لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە شاهیدیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموو لایەنە سیاسییەکان لەسەری ڕێك کەتبوون و ئیمزایان لەسەر کردبوو.

بۆ ئەوەی زەمینەی یەکتری قبووڵکردنیش لە

نیشتمانێکی هاوبەشدا بێتە ئاراوە، پێش ئەوەی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بنووسرێتەوە، هەر دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەنجومەنێکی حوکمڕانی بە ناوی (مجلس الحكم) دامەزرا و هەر مانگێك یەکێك لەسەرکردە عێراقییەکان بەپێی پیتی ئەبجەدی ناوەکانیان دەبوونە سەرۆکی (مجلس الحكم)، ئەو ئەنجومەنەش یاسای کاتیی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەریی عێراق دارشت، کە بە شێوەیە میللییەکەی پێی دەگوترێت «یاساکەی پۆل بریمەر» کە ئەو کات حاکمی مەدەنیی ئەمریکی بوو لە عێراقدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایەش حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی هەڵبژێردرا و، پاشانیش لەسەر بنەمای یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یان دارشت و زیاتر لە ٨٠٪ی گەلانی عێراق دەنگیان پێدا.

بەداخەوە لەم گفتوگۆیەش و لە کۆڕ و کۆڕبەندەکانی دیکەش کە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان گرێ دەدرێن، باس لە دەستوور دەکەن وەك ئەوەی ئەم دەستوورە (دەستووری ساڵی ٢٠٠٥) تەنیا لە ماوەی یەك ساڵدا بە پەلەپەل دارێژدراوە و هەر بە پەلەپەلیش خرابێتە دەنگدانەوە و تێپەڕێندراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵ جێگەی مشتومڕ و بێنە و بەردەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بووە و دوای ڕێککەوتن لەسەر «فەلسەفە و ڕوحی دەستوور»ـەکە، ئینجا هەنگاو بۆ دارشتنی یاسایەك نراوە بۆ ئەوەی وەك بناغە ئەم دەستوورەی لەسەر بنووسرێتەوە، هەربۆیە لە هەموو گفتوگۆ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا تەنیا باسی وشە ڕیزکراوەکانی ناو ماددە دەستوورییەکان دەکەن، بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەو فەلسەفە و ڕۆحەی کە لە پشت وشەکانی ناو ماددە دەستوورییەکانەوە هەیە.

هۆکاری سەرەکی کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کە بە هەموو قورسایی سیاسیی خۆی و بە پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە کە هەمووی خستە خزمەتی دووبارە سەقامگیرکردنەوەی عێراق و بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، لەبەر ئەوە بوو سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەو دیکۆمێنتەی لەبەر دەست بوو کە فەلسەفە و ڕۆحی دەستووری عێراقی نوێ، کە ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، هەموو لایەنە سیاسییەکانی ناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بە (کورد و شیعە و سوننە)ـەوە ئیمزایان لەسەر کردبوو، ئامانجی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو (فەلسەفە و ڕۆح) بە زیندوویی لە ناو دەستووری عێراقی ٢٠٠٥دا بپارێزرێت و هەر کەس بە ویستی خۆی تەفسیری بۆ نەکات، یان ئینتقائییانە مامەڵە لەگەڵ ماددە دەستوورییەکان نەکات، هەموو پێکەوە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ بکەینە یەك پاکێج و بە جێبەجێکردنی وەك خۆی پێناسەی عێراقی نوێی پێ بکەینەوە.

بەڕێزان، فەلسەفەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئەوەیە جارێکی دیکە عێراق نەگەڕێتەوە بۆ سەنتراڵیزم و دیکتاتۆرییەت و، سەروەت و سامانی ئەم نیشتمانە نەدرێت بە چەك و گەلانی عێراقی پێ سەرکوت نەکرێت، ڕۆحی ئەم دەستوورەش ئەوەیە کە تەواوی پێکهاتەکانی عێراق هەست بکەن، دەوڵەتی عێراق نیشتمانی هەموومانە و ئەم دەوڵەتە هەموومان لەسەر بنەمای (هاوسەنگی، پێکەوەسازان، هاوبەشی) بەڕێوە ببەین و، هەر پێکهاتەیەکیش لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان مافی خۆبەڕێوەبردنی لامەرکەزیی هەبێت کە (فەلسەفە و ڕۆح) ی دەستوورەکە بە زیندووی بمێنێتەوە.

لە دوماهیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، جگە لە گفتوگۆی ڕاشکاو و لە یەکتری تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەمان لەبەر دەست نییە، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوە بەرهەمدار بێت و لێکتێگەیشتنی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرهەم بهێنێت، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنمان لەو فەلسەفە و ڕۆحەی کە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ی لەسەر نووسراوە، ماددەکانی دەستووری عێراق لە ناو فەلسەفە و ڕۆحی دەستوورەکەدا دارێژراون، ئەگەر ئێمە تەنیا لەگەڵ وشە ڕیزکراوەکانی ناو ماددەکانی دەستوور گفتوگۆ بکەین و واز لە فەلسەفە و ڕۆحی دەستوورەکە بهێنین، ئەوا ئێمە گفتوگۆ لەسەر دەقێکی مردوو دەکەین، نەك زیندوو.

ئومێدەوارم کە لە ئێستا لەسەر ئاستی بەرزی سیاسی لێکتێگەیشتنی هاوبەش دروست بووە و، لەسەر ئاستی چالاکیی سیاسی و کەلتوورییش ڕاشکاوانە گفتوگۆ دەکەین، ئامانجمان زیندووکردنەوەی فەلسەفە و ڕۆحی دەستووری عێراق بێت، نەك تەفسیری مەزاجی بۆ ماددە و بڕگەکانی بکەین.

**سەرۆک مسعود بارزانی وەک مەرجەعی سەرەکی، بۆ بەشداریی کورد وەک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی ڕای ئەوە بووە، کە دەبێت سیستمی تازەی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، سیستمێکی «فیدراڵی، دیموکراتی، پەرلەمانی، فرەیی» بێت**

**هەر دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەنجومەنێکی حوکمڕانی بە ناوی (مجلس الحكم) دامەزرا و هەر مانگێک یەکێک لەسەرکردە عێراقییەکان بە پێی پیتی ئەبجەدی ناوەکانیان دەبوونە سەرۆکی (مجلس الحكم)**

**دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ماوەی زیاتر لە ١٤ ساڵ جێگەی مشتومڕ و بێنە و بەردەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بووە**

**فەلسەفەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئەوەیە جارێکی دیکە عێراق نەگەڕێتەوە بۆ سەنتراڵیزم و دیکتاتۆرییەت و، سەروەت و سامانی ئەم نیشتمانە نەدرێت بە چەک و گەلانی عێراقی پێ سەرکوت نەکرێت**



**شڤان حەمدی**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# دەوڵەتی عێراق تەنیا بە یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دەتوانێت مێژووە ڕەشەکەی بسڕێتەوە و مێژوویەکی تازە بۆ خۆی تۆمار بکات

**شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، لە گفتوگۆی ئەمجارەش بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

لەم هۆڵەدا گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ دەکەین کە ئەویش «مامەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە»، گرنگیی ئەم گفتوگۆیە لەوەدایە لەلایەنە سەرەکییەکانی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کە حکومەتی ئێستای عێراقی پێک هێناوە و، هەروەها لایەنە سەرەکییەکانی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوو لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانیش لەگەڵمان ئامادەن، ئەم فرەییە لە بیروبۆچوون لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، ئەوەمان پیشان دەدات، کە لە هەموو لایەکەوە ئامادەباشی هەیە کە بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەین، کە ئەمە جێگەی گەشبینییەکی زۆرە بۆ ئەوەی نییەتی خێر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە.

هەڵسەنگاندن، یان قسەکردن لەسەر ئەوەی تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مامەڵەکردنی بە شێوەیەکی دیپلۆماتییانە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوچەکە سەرکەوتوو بووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا لە ڕووداوەکانی شەش مانگی ڕابردووی ئەمساڵ ٢٠٢٤ دەدەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووی گفتوگۆکانی (بازنەی گفتوگۆ)دا، ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێك بوون کە ئەڵقەیەك لەسەر ڕووداوێکی تازە لەگەڵ کۆمەڵێك دەستەبژێر و سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستی عێراق و کوردستان گفتوگۆ بکەین، گەیشتووینەتە ئەوەی ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕووداوە گەورانە دەکەین و، ئومێدێك دروست بووە کە هەرێمی کوردستان کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەلایەك و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لە لایەکی

دیکە بە گفتوگۆ و دیپلۆماتییەتی بەرز چارەسەر بکات و وەرچەرخانی بەسەردا هێناون و، ئەگەر بە تەواوەتیش چارەسەر نەکرابن، هەموو دەرگاکان کراونەتەوە بۆ ئەوەی بە گفتوگۆی ئاشتییانە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

لە دەستپێکی یەکەمین گفتوگۆی وەرزی سێیەمی بازنەی گفتوگۆ کە لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ ٢٠٢٤ بەڕێوە چوو، گفتوگۆمان لەسەر ئەوە کرد کە هەرێمی کوردستان بە ڕۆکێتی بالیستی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بە ئامانج گیرابوو، ڕۆژانە بە درۆن و کاتیۆشا هەولێر و فڕۆکەخانەی هەولێر بۆردومان دەکرا، لە دوای ئەوەی لە مانگی شوبات ١١ کورسیی کۆتای پێکهاتەکان ڕەت کرانەوە، ئەمەش وەك بە ئامانجگرتنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی هەرێمی کوردستان لە ناو گێژاوی ململانێی هەرێمی و نیودەوڵەتی و بارودۆخی گڕگرتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووە هۆکاری ئەوەی کە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی توند بڵاو بکاتەوە و هەموو لایەکی ئاگادار کردەوە، ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات، ئەوا بەشداریی هەڵبژاردن ناکات و لە ڕێککەوتنی سیاسیی پێکهێنانی حکومەتی عێراق دەکشێتەوە، لە ناو ئەم گێژاوە سیاسییەدا ئەوەی هەستمان پێ دەکرد لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، ئەوە بوو ململانێی حزبی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندیی باڵای هەرێم و گەلی کوردستان نابینێت، بەڵام بە لۆژیکی سەرۆك بارزانی و پەیڕەوکردنی دیپلۆماتییەتی نەرم لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بڕوابوون بە گفتوگۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان حکومەتی هەرێمی و حکومەتی فیدڕاڵی، نەخشە ڕێگە نەك هەر بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەڵکو بۆ کێشەکانی عێراق لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر دۆزرانەوە، ئەوەشی کە زۆر جێگەی گەشبینییە ئەوەیە هەر لەم بازنەی گفتوگۆیەدا یەکێك لە سیاسەتمەدارە باڵاکانی عێراق پێی گوتین: «هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ڕێکخستنی ئەو سەردانە سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئەمریکا»، پاشانیش کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەردانی تارانی کرد، لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا سوپاسی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی کرد، کە ڕۆڵی کاریگەری لە ڕێکخستنی ئەو سەردانە هەبووە.

لە ئێستادا کە هەموولایەکمان بە کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت و، هەروەها بەبێ سەقامگیری کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا چارەسەر نابن و پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی ڕێك ناخرێنەوە، تێگەیشتن و قەناعەتێکی نیشتمانییانەیە کە پێشتر عێراق وەك دەوڵەت بە خۆیەوە نەبینیووە، ئەگەر لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەم قەناعەت و تێگەیشتنە هەبوایە، کە سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تکای لە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان دەکرد، «بیر لە ئایندەی ئەم وڵاتە بکەنەوە و دوای ڕابردوو و تۆڵەسەندنەوە مەکەون»، ئەگەر وایان بکردایە، ئەوا ٢٠ ساڵ تەمەنی حوکمڕانیی عێراق بەفیڕۆ نەدەچوو، ئێستا عێراق دەبووە ئەو دەوڵەتەی لە ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان و هاووڵاتیان لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بێبەش نەدەبوون.

لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەیەکی گرنگ خرایە ڕوو، ئەوەش ئەوە بوو لە ئایندەیەکی نزیکدا ئاستی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لایەنەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانییەکانی (سیادە و تەقەدوم و عەزم) دەچنە قۆناغێکی دیکە و، سەردانی شاندەکان لەسەر ئاستی زۆر بەرز بۆ لای یەکتری و بۆ گفتوگۆی جددی و پێکەوە کارکردن دەبێت و پێکەوە چارەسەری کێشەکان دەکەن، ئاماژەی گرنگن و مەغزای قووڵی سیاسەت و ستراتیژیەتێکی تازەی بۆ دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق لێ دەخوێندرێتەوە، کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەوڵەتی عێراق تەنیا بە یەکتر قبووڵکردن و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دەتوانێت مێژووە ڕەشەکەی بسڕێتەوە و مێژوویەکی تازە بۆ خۆی تۆمار بکات.

**سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تکای لە هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان دەکرد، «بیر لە ئایندەی ئەم وڵاتە بکەنەوە و دوای ڕابردوو و تۆڵەسەندنەوە مەکەون»**

**ئومێدێك دروست بووە کە هەرێمی کوردستان کێشەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی لەلایەك و لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لە لایەکی دیکە بە گفتوگۆ و دیپلۆماتییەتی بەرز چارەسەر بکات و وەرچەرخانی بەسەردا هێناون**

**لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووی گفتوگۆکانی (بازنەی گفتوگۆ) دا، ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێك بوون کە ئەنقەیەك لەسەر ڕووداوێکی تازە لەگەڵ کۆمەڵێك دەستەبژێر و سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستی عێراق و کوردستان گفتوگۆ بکەین**



**پ.د.نەزاکەت حوسێن**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای نییەت باشی، لێکتێگەیشتن، پێکەوەهەڵکردن و هاریکاری و دانوستان مامەڵە لەگەڵ ڕووداو وپێشهاتەکان دەکات

**پ.د.نەزاکەت حوسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پسپۆڕە لە بواری ڕاگەیاندن و مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی. لە گفتوگۆ ئەم جارەدا (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە دیدوتێروانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

مامەڵەی سیاسی و سەرکەوتووانە لە ناوچەیەکدا کە چواردەور درابێت بە گرژی و ناتەبایی و کێشەی یەك لە دوای یەك و درێژخایەن، کارێکی ئاسان نییە، هەمیشەش ئەوە دەزانین کە مامەڵەی سیاسییانە لە ناو هەر هاوکێشەیەکی سیاسیدا پێش هەموو شت لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکان و بەرژەوەندیی هاوبەشە، بەڵام ئەمە بۆ هەرێمێکی وەك کوردستان کە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ و تا ڕاددەیەك ئابوورییەکی سەربەخۆ نییە و پێگەیەکی بەهێزی لە ئاست وڵاتانی زلهێز لە هاوکێشە سیاسییەکاندا نییە، جیاوازە. لەگەڵ ئەوەی خۆشبەختانە بەشێك نییە لە ململانێ و گرژییەکان، بەڵکو بەرکەوتەی هەیە لەگەڵ ململانێکان و، بەهۆی ئەو هاوکێشە و ململانێ سیاسییەی لەم ناوچەیەدا لە نێوان جەمسەرەکان و وڵاتەکاندا هەیە، زۆر جار دەبێتە قوربانی و دەکەوێتە بەردەم لێدان لێی و دروستکردنی قەیران و ئاڵۆزی و پشێویی سیاسی و قەیرانی ئابووری و بەربەست لەبەردەم گەشەسەندنەکانیدا.

ئەوەی تێبینی کراوە لە ماوەی ڕابردوودا، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دوایی کە کۆمەڵێك گرژی و ململانێ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی دەوروبەری هەرێمی کوردستاندا هەبوون، هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای نییەت باشی، لێکتێگەیشتن، پێکەوەهەڵکردن و هاریکاری و دانوستان و، زۆرجاریش هەڵگرتنی بەشێك لە قورسییەکان و موبادەرە و لەخۆبوردن و دەستهەڵگرتن لە هەندێك ماف و ئیستیحقاقی خۆی، لەپێناو هێنانەکایەی سەقامگیری بۆ خۆی و بۆ ناوچەکەش کاری کردووە. واتە عەقڵییەتێکی هاوسەنگ و

حەکیمانە و نییەت باشانە و بەرپرسیارانەی بەرانبەر خاوکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە هەبووە، ئەگەر بەشێکیش نەبوبێت لە گرژییەکان، ئەوا بووەتە بەشێك لە چارەسەر. زۆرجار تاتوانیبێتی ئەگەر ئاگرەکە هیچ پریشکی بۆ ئەم نەبوبێت و دوور بوبێت لە ململانێکە، خۆی دوورەپەرێز نەگرتووە و ڕۆڵی ناوبژیوانی بینیوە و پێشکەشکردنی پێشنیاری بۆ چارەسەر هەبووە.

ئەم ڕیتمە و ئەم حیکمەتە لە مامەڵەی ئەم هەرێمە، وای کردووە دوور بوبێت لە کاردانەوەی توندی بەپەلە بەرانبەر ئەو ناحەقییانەی بەرانبەری کراوە، ئەمەش وای کردووە کە هەرێمەکە لە بەرانبەر ئەو هەموو پەلاماردان خۆراك ناکرێن، لەسەر بەدیلگرتن و داگیرکردنی ناوچەکان و مرۆڤەکان ناکرێن، چونکە هیچ وڵاتێك کە ئێستا جەنگ دەکات لەم سەدەیەدا گرفتی کەمیی زەوی و دانیشتووان و خۆراکی نییە، بەڵکو جەنگی مێشك و ئایدیا و ئەو چیرۆکانەیە کە هەریەکەمان باوەڕمان پێیەتی، هەریەکەمان پێمان وایە خۆمان ڕاستین بە گوێرەی ئەو چیرۆکەی لە مێشکماندایە و ئەوی دی هەڵەیە. چارەسەری شەڕی چیرۆك و ئایدیاش لێکتێگەیشتن و دانوستانە، تا هەریەکەمان ئەوی دی تێبگەیەنین کە نییەتمان چییە و لە چیدا لەیەك ناگەین و لە چیدا لە یەکتر دوورین». لەوەش خراپتر ئەمڕۆ سەرچاوەکان جەنگ بە

**مامەڵەی سیاسی و سەرکەوتووانە لە ناوچەیەکدا کە چواردەور درابێت بە گرژی و ناتەبایی و کێشەی یەک لە دوای یەک و درێژخایەن، کارێکی ئاسان نییە**



و قەیران و ڕووبەڕووبوونەوانە کە زۆر جار کەشتییەکەی بەرەو لێوارەکانی نوقمبوون دەبرد، خۆی ڕاگرێت، ئەمەش نوێترین مۆدێل و خواستی سیاسیی سەردەمە، نەك بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو بۆ تەواوی گرژی و ئاڵۆزییەکانی جیهان. ئەوەی ئەمڕۆ پێویستە بۆ گەڕانەوەی ئارامی بۆ جیهان لێکتێگەیشتن، هاریکاری و لێکنزیکبوونەوە و دانوستانە، سەردەمی کار و کاردانەوەی نوند تێپەڕیوە، چونکە جەنگەکانی ئەمڕۆ جەنگ نییە لەسەر زەوی و خاك، یان خۆراك، یان مرۆڤەکان و ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا جەنگی لەسەر دەکرا، بەڵکو وەك فەیلەسوفی سەردەم، یوڤاڵ هەراری دەڵێت: «ئەمڕۆ جەنگەکان لەسەر زەوی ناکرێن، لەسەر بزنێس ناو دەبەن، واتە جەنگ بووەتە بزنێس، بەڵام خراپترین بزنێسیش جەنگە.

ئەمە وای کرد کە ئێستا هەرێمی کوردستان نەك بۆ خۆی تا ڕاددەیەك سەقامگیر ڕاگرتووە، بەڵکو بووەتە جێگەی ئومێد و هۆکاری سەقامگیری و بەرهەمهێنانی ئاسایش بۆ ناوچەکە، زۆرجار بۆ ململانێ سیاسییە گەورەکانی وڵاتانی دەوروبەر و عێراق ڕوو لە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە، هۆکارەکەی ئەو عەقڵییەتە حەکیم و هاوسەنگ و دیپلۆماسی و لێکتێگەیشتن و مۆدێرنە لە خۆبوردەییە کە ئەم هەرێمە و سەرکردەکانی هەیانە لە تێڕوانینیان بۆ جەنگ و ئاشتی.

**زۆرجار بۆ ململانێ سیاسییە گەورەکانی وڵاتانی دەوروبەر و عێراق ڕوو لە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارە**



**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# هەتا ئێستا لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا لەسەر بنەمای نیشتمانی هاوبەش و ئاشتیی هەمیشەیی گفتوگۆی ڕاشکاوانە نەکراوە

**فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانیشە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکە) بەم جۆرە دید و تێڕوانینی خۆی و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

کێشەی سەرەکیی دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا، کێشەی تێکەڵکردنی «ئاشتی و ئاگربەستە»، هەروەها کێشەی تێکەڵکردنی چەمکی «نیشتمانی هاوبەش و دەوڵەتی قەومی» بووە.

بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەردەوام گفتوگو و دانوستاندن لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقدا هەر لە پادشاییەوە تا دەگاتە ڕژێمی سەدام و حوسێن و هەتا ئێستاش گفتوگۆ و دانوستاندنی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان لە عێراقدا درێژەی هەیە و هەتا ئێستاش لێك تێگەیشتنێکی هاوبەش بەو ئاستە دروست نەبووە، کە ئامانجەکەی هێنانەدیی «ئاشتییەکی ڕاستەقینەی هەمیشەیی» بێت بۆ عێراق و، سەقامگیرییەکی سیاسیی ئەوتۆ لە عێراقدا دروست بێت، کە هاووڵاتیانی بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە بە ئارامی تێدا بژین و ژیانێکی سەربەرزانەی تێدا بەسەر بەرن.

بە پێچەوانەوە بەردەوام هەر لە حکومەتەکەی نوری سەعیدەوە تا دەگاتە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی (عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف و پاشانیش ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن)، بەردەوام گفتوگۆ و دانوستاندن بە ئامانجی «ئاگربەست» کراوە، ئامانج لەم ئاگربەستەی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقیش تەنیا «کڕینی کات» بووە بۆ ئەوەی خۆیان پڕچەك بکەن و پاشان باشتر سەرکوتی گەلی کوردستان بکەنەوە. مێژووی ساڵانی شەستەکان تا ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ لە ناو ئەو دیکۆمێنتانەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا «کە ماوەی نهێنییان لەسەر هەڵگیراوە»، پێمان دەڵێن حکومەتەکانی ئەو سەردەمە تەنیا لە پێناوی یەك مەبەست گفتوگۆیان لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول کردووە، هەتا سەفقەیەك

چەك (تۆپ، فرۆكە، ناپاڵم، چەكی كیمیاوی و... هتد) لە شانیشنی بەریتانیاوە بەدەستیان دەگات و، پاشان زۆر دڕندانە پەلامای گەلی كوردستانیان دایەوە. بێگومان ئەم ئاراستەیە لەگەڵ حكومەتی بەعس و ڕێككەوتنامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دووبارە كرایەوە، كە بڕیار بوو دوای چوار ساڵ ڕێككەوتننامەی ئادار بگۆڕێت بۆ «یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی كوردستان» بەڵام ئەوە بوو، حكومەتی بەعس تاكلایەنە یاسایەكی «كارتۆنیی ئۆتۆنۆمی» دەركرد و ڕێككەوتنەكەی هەڵوەشاندەوە.

پرسی دووەم كە تێكەڵكردنی چەمكی «نیشتمانی هاوبەش و دەوڵەتی قەومیی عەرەبی»یە، ئەم چەمكە لەو كاتەوە كاری لەسەر دەكرێت، كە لە ساڵی ١٩٣١ عێراق بووە ئەندامی كۆمەڵەی گەلان بە فەرمانی شانشینی بەریتانی، ئەم بڕیارە كە عێراقی كردە دەوڵەتێكی عەرەبی سوننە و كورد و عەرەبی شیعەی لێ بێبەش كرا، نەخشەیەكی دارشت كە عێراق لە ماوەی ٨٠ ساڵدا سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینێت، لە ساڵی ١٩٥٨ و دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز عەبدولكەریم قاسم لە میانەی دەستووری كاتیی عێراق، ویستی ئەم هەڵەیە ڕاست بكاتەوە، بەڵام «قەومییە شۆڤێنییەكان كە چوارچێوەی هزری بەعس» بوون، ئەمەیان ڕەت كردەوە و یەكەم جار هەوڵیان دا قاسم تیرۆر بكەن، دواتر كودەتایان بەسەردا كرد.

لە دوای ساڵی ١٩٩٢ دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە ڕێگەی هەڵبژاردنی گەلی كوردستان و دروستبوونی هەرێمی كوردستان وەك دیفاكتۆ و، پاشانیش بڕیاردانی پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەی هەرێمی كوردستان لە عێراقی نوێدا هەرێمێكی فیدراڵی بێت، كە ئەمەش بە بڕیارە مێژووییەكەی «بڕیاری فیدراڵی» لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان هەژمار دەكرێت.

دوای ئەم بڕیارەی پەرلەمانی كوردستان وەك دەربڕی خواست و ئیرادەی گەلی كوردستان بۆ پێكەوەژیان لە عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن، قەناعەتی سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان بەو جۆرە بوو، كە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەدیلی هەر سیستمێكی سیاسیی داهاتوو عێراق دەبن كە دوای ڕژێمی سەدام حوسێن دادەمەزرێت، ئەوجا لە ڕوانگەی ئەوەی هێز و لایەنە سیاسییەكانی عێراق بە گشتی و هێز و لایەنەكانی عەرەبی شیعەی عێراق كە هەر لەسەرەتای دەمەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە قوربانی بوون و كوردیش بە هەمان شێوە قوربانی بووە، بۆیە گفتوگۆ و لێكتێگەیشتیی نێوان كورد و لایەنە سیاسییەكان گەیشتە ئەو قۆناغەی پێی بگوترێت «هاوپەیمانیی ستراتیژیی نێوان شیعە و كورد».

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ سەركردایەتی سیاسیی بەو قەناعەتەوە پشتگیریی پرۆسەی سیاسیی تازەی عێراقی كرد، بەوەی ئەگەر شیعە بگاتە دەسەڵات، كە خۆی نزیكەی سەدەیەكە (قوربانی)یە و نابێتە (جەلاد)، هەر بەم قەناعەتەشەوە هاوكاریی لایەنە سیاسییە شیعەكانی كرد، كە دەستوور بە شێوەیەك بنووسرێتەوە نەك هەر زوڵمی ڕابردوو لەسەر (كورد و شیعە) هەڵبگرێت، بەڵكو بۆ هەتا هەتایە ئەم مێژووە خوێناوییەی عێراق و پەراوێزخستنی پێكهاتە سەرەكییەكانی كۆمەڵگەی عێراقی لە پرۆسەی سیاسی كۆتایی بێت و، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە دیباجەی دەستووری عێراق نووسرا «با پەند لە مێژووی ڕابردوومان وەربگرین و ڕێگە نەدەین دووبارە ببێتەوە».


بەداخەوە، زیاتر لە ٢٠ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام تێپەڕیوە، بەڵام شیعەی عێراق كە لە مێژوودا قوربانی بوون، وەك خۆی پەندیان لە مێژووی خوێناویی عێراق وەرنەگرتووە و هەتا ئێستا عێراق دەوڵەتێكی فشۆڵە «Fragile State»، سەقامگیریی سیاسی و حوكمڕانی نییە، دەستێوەردانی دەرەكی بە ئاشكرا هەیە. نرخی نەوت بەرزە و ڕۆژانە نزیكەی چوار ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەكرێت، بەڵام هاووڵاتیانی عێراق لە خزمەتگوزارییە سەرەكییەكان بێبەشن، بە ئەقڵییەتی مەزهەبی و قەومی حوكمڕانی دەكرێت و فیدراڵییەت وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر یەكپارچەیی عێراق لە قەڵەم دەدرێت.

لە ئێستادا كە ئاراستەیەك دەركەوتووە هەموو لایەنە سیاسییەكان و پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق پێكەوە كۆدەكاتەوە، ئەویە «بێجگە لە گفتوگۆ و لێكتێگەیشتن» هیچ ڕێگەیەكی دیكە بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیریی عێراق نییە، ئەوا ژێرخانی گفتوگۆ و لێكتێگەیشتنمان بۆ بونیادنانەوەی عێراقی داهاتوو، دەبێت لەسەر بنەمای تێگەیشتنمان بێت لە «نیشتمانی هاوبەش و ئاشتیی هەمیشەیی» بۆ ئەو عێراقەی كە هەموومان ئارەزوومەندانە كۆ بكاتەوە و وەك برا پێكەوە بژین.

**ژێرخانی گفتوگۆ و لێكتێگەیشتنمان بۆ بونیادنانەوەی عێراقی داهاتوو، دەبێت لەسەر بنەمای تێگەیشتنمان بێت لە «نیشتمانی هاوبەش و ئاشتیی هەمیشەیی» بۆ ئەو عێراقەی كە هەموومان ئارەزوومەندانە كۆ بكاتەوە**

**زیاتر لە ٢٠ساڵ بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام تێپەڕیوە، بەڵام شیعەی عێراق كە لە مێژوودا قوربانی بوون، وەك خۆی پەندیان لە مێژووی خوێناویی عێراق وەرنەگرتووە**

**كێشەی سەرەكیی دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەتا ئێستا، كێشەی تێكەڵاوكردنی «ئاشتی و ئاگربەستە»، هەروەها كێشەی تێكەڵاوكردنی چەمكی «نیشتمانی هاوبەش و دەوڵەتی قەومی» بووە**




# پانێڵەکانی وزەی خۆر: دروستکردن و بەکارهێنان، کۆکردنەوە و ڕیسایکلین

وێڕای سوودە زۆرەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە ڕێگەی پانێڵەکانی وزەی خۆرەوە، بەڵام لە ئێستادا گرفتێکی کۆمپانیاکانی دروستکردنی پانێڵەکانی وزەی خۆر لەوەدایە کە زۆر لایەنی شاراوەیان هەیە و نایانەوێت ڕوناکییان بخرێتە سەر، بەتایبەت کە پرۆسەی دروستکردنی پانێڵەکانی وزەی خۆر ماددەی کیمیایی وەك هایدرۆکسیدی سۆدیۆم و ئەسیدی هایدرۆفلۆریکی تێدا بەکار دەهێنرێت، ئەمە سەرباری بەکاربردنی بڕێك لە ئاو و وزەی کارەبا، لە کۆتایی تەمەنی کاریشیاندا دەبنە خاشاك و پاشماوەیەك کە پێویستییان بە چارەسەرکردنە، هەروەها داتایەکی ورد نادەن لە بارەی زیانەکانی کاریگەرییە ژینگەییەکان بەهۆی دروستکردنی پانێڵەکانی وزەی خۆرەوە.

بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی (نۆرس وێسترن) و دامەزراوەی (ئارگۆنی ناشناڵ لابوراتۆری) دەرکەوتووە کە کاریگەریی کاربۆن لە پانێڵەکانی وزەی خۆر لە کۆماری (چین) دوو ئەوەندەی ئەوانەی ئەوروپان، بەهۆی ستانداردەکانی چین و کارکردنی کارگەکانیان بە خەڵوزی بەردین، تەنانەت یەکێك لە کارگەکانی کۆمپانیای چینکۆ سۆلار لە هەرێمی چیچیانگی ڕۆژهەڵاتی چین پاشماوەی ئاوەڕۆ ژەهراوییەکان ڕۆ دەکاتە نێو ڕووبارێکی نزیك، بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی پاشماوە ئەلکترۆنییە مەترسیدارەکان.

ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر کۆمپانیاکان لەماوەی (١٠) تا (١٥) ساڵی داهاتوودا پشت بە تەکنۆلۆژیای ژینگەدۆست ببەستن، دەتوانن ڕیسایکلینی پانێڵە لەکارکەوتووەکان بکەن و پانێڵی نوێیان لێ دروست بکەن، بەمەش پانێڵە کۆنەکان نابنە خاشاك و پاشماوەی زیانبەخش، چونکە بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری دیسکەڤەری ئەمریکا هەزاران تۆن لە پانێڵی لەکارکەوتوو لە ڕێگەدان بۆ فڕێدان بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی دیاریکراویانەوە، کە ئەو تەمەنەش لە نێوان (٢٠) هەتا (٣٠) ساڵ دەخایەنێت و بە فڕێدانی ئەو پانێڵانەش زیانێکی زۆر بەر ژینگە دەکەوێت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی پانێڵەکانی وزەی خۆر لە ساڵی (٢٠٠٠)ـەوە زیاتر بەکارهێنراون، بۆیە ئێستا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (٢٠) ساڵ زۆربەی ئەو پانێڵانە تەمەنیان بەسەر چووە و، وڵاتانیش یان وەك پاشماوە فڕێیان دەدەن بەمەش کانزا ژەهراوییەکانی نێویان دەچنە ژێر خاك و ئەگەر بگەنە سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوییش مەترسیی دروست دەکەن لەسەر تەندروستیی گشتی، یان هەناردەی وڵاتانی هەژار و تازەپێگەیشتوویان دەکەن و زیانەکەی لە خۆیان دوور دەخەنەوە.

بۆیە لە چەند ساڵی داهاتوودا کێشەی پاشماوەی ئەم پانێڵە لەکارکەوتووانە بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری دیسکەڤەریی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٥٠)دا دەگەنە نزیکەی (٨٠) هەشتا ملیۆن تۆن.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

بۆیە ئێستا (فێرست سۆلار) وەك گەورەترین کۆمپانیای پانێڵەکانی وزەی خۆر لە ئەمریکا، دەزگای ئەوتۆی هەیە کە توانای دەرهێنانی (٩٠٪)ی ماددەکانی نێو پانێڵەکانی هەیە و، دواتریش ڕیسایکلینیان دەکاتەوە بۆ دروستکردنی پانێڵی نوێ.

هەروەها کۆمپانیای (ڤیۆلیا)ش کە کۆمپانیایەکی فەرەنسییە بۆ ئیدارەدانی پاشماوەکان، یەکەم کارگەی لەسەر ئاستی ئەورووپا دروست کردووە بۆ ڕیسایکلینکردنی پانێڵە لەکارکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر، کۆمپانیای (ڤیۆلیا) ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە هەوڵ دەدات بۆ بنیاتنانی کارگەی زیاتری هاوشێوە، لەبەرئەوەی پێشبینیی هەزاران تۆنی دیکەی پانێڵە لەکارکەوتووەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خۆر دەکرێت، کە لە ساڵانی داهاتوودا تەمەنی کارکردنیان بەسەر دەچێت.


شایانی باسە ئەم کارگەیەی کە دەکەوێتە باشووری فەرەنسا لە ڕێگەی گرێبەستێکی لەگەڵ ڕێکخراوی (بی . ڤی. سایکڵ فرانس) کە پسپۆڕە لە بواری ڕیسایکلین لە کەرتی وزەی خۆردا، تەنیا لەساڵی (٢٠١٨)دا نزیکەی (١٨٠٠) تۆنی لە پانێڵە لەکارکەوتووەکان ڕیسایکل کردووەتەوە.

بەپێی پێشبینییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە نوێبووەوەکان(ئایرینا) لە ساڵی (٢٠٥٠) بارستەی پانێڵە لەکارکەوتووەکان دەگاتە پێنج ملیۆن تۆن لەساڵێکدا، ئەوساش ڕیسایکلینی ئەم پانێڵانە دەبنەجۆرێك لە هەلی کار و، حکومەتەکانیش ئاسانکاریی دارایی دەکەن بۆ کۆمپانیاکانی ڕیسایکلین و باج و پێبژاردنیش دەخەنە سەر ئەو لایەن و شوێنانەی کار دەکەن لەسەر خستنە ژێرخاکی پانێڵ و ماددە پێکهێنەرەکانی، کە لە بنەڕەتدا وەك کەرەستەی خاو بەم ڕێژانەن:

زیو(٤٧٪)، ئەلۆمینیۆم (٢٦٪)، سلیکۆن(١١٪)، مس(٨٪)، شووشە(٨٪).


هەرچەندە لە ئێستادا کۆماری چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوو گەورەترین بەکارهێنەری پانێڵەکانی وزەی خۆرن بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، بەڵام ئەورووپا زیاتر ڕێکار و ڕێوشوێنی ئەوتۆی گرتووەتەبەر بۆ پابەندکردنی کۆمپانیای پانێڵەکانی وزەی خۆر لە ڕووی بەرپرسیارکردنیان بۆ ڕیسایکلینکردنەوەی پانێڵە لەکارکەوتووەکان و چارەسەرکردنی پاشماوەکانیان.

بۆیە یەکێتیی ئەورووپا کۆمپانیاکان بەرپرسیار دەکات لەوەی دوای فرۆشتنی پانێڵەکان، کۆکردنەوە و ڕیسایکلینکردنیشیان لەئەستۆ بگرن و تێچووی ڕیسایکلینەکەش بخرێتە سەر نرخی فرۆشتنیان، هەرچەندە ئەمەش زیادەخستنە سەر کڕیارە، بەڵام بەسوودی ژینگە و مرۆڤایەتی تەواو دەبێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی -٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan July 8, 2024 Issue,No.1420

